# چەند خاڵ لە مێژووی تێکشکانی ڕەوتی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵات

## کاولە ئاش و وێرانەماڵی کوردێنی ڕۆژهەڵات

سەلاحی موهتەدی ( ئیلخانی ) پەنجەمۆری ساواک لە کوردستان

کاوە بۆ کوتکی شکا و بێ چەرمە　　خوێنی لاوان کە لە بیر کا، شە رمە
مچە گردەڵ کە بەرەو باو بۆوە　　گشتە یان پێچی درا و خاو بۆوە
هەڵۆ کل بوون کە لە هێلانی کەل　　چینەیان چۆنە ، لە سەر خوانی قە ل

( هەژار ، کاوە = محەمەد ئیلخانیزادە ؛ مچە = سەلاح موهتەدی )

کاردۆخ

## ناوئاخن


بەرکولێک لە هەژارەوە ........ 2
لە کوێوە و لە کەیەوە دەستی پێکرد ؟ ........ 3
پاش کۆمار ........ 4
درێژەی پەتا و پشت ڕاستکردنەوەی باشوور ........ 5
زڕدایک لە جێی دایک ........ 5
گەڕانەوەی بارزانی و خاڵی وەرچەرخان لە بزافی کوردی ........ 7
ئاریشەی بزافی کوردێنی ........ 8
قووڵ و بەرین بوونەوەی پیلانی دوژمنانی کورد ........ 9
بەکرەجۆ ، مەکۆی ساواک و مائۆئیزم ........ 12
ماکی کارەساتە مێژوویی یەکە ........ 14
قەتیس مانی ڕەوتی کوردێنی ........ 15
کمۆنیزم مرد ، کوردە گاوانی تۆ خۆش ! ........ 17
پەنجە مۆری ساواک و کمۆنیزمی چینی لە ڕۆژهەڵات ........ 19
پەککوو ، تی یاح ! لەو چەکمە ڕەقە ........ 19
بنەماڵەی سەڵاح ........ 20
فێرگەی پەروەردەی سەلاح ........ 21
مەتەڵی ڕێکخراوی خویندکارانی کورد ، کێ هەڵی ئەهێنێ ؟ ........ 22
سەلاح و حزبی شۆڕش ........ 23
تەپ و تۆزی کوردایەتی و شۆڕشگێرانەی سەلاح ........ 26
فسۆس و دژە فسۆس و دژە دژە فسۆس ........ 28
لە سنەوە بۆ جلدیان یان بە پێچەوانەوە ! ........ 30
قوتابێکی تووڕە ! ........ 32
دابەزینی کەسایەتی کورد و خەسارەکانی ........ 36

# بەرکوڵێک لە هەژارەوە

مام هەژار لە " بەرەو موکریان " دا پارچە هۆزانی " بەرەو بۆکان " ی بڵاو کردەوە کە بە شێوەیەکی وەستایانە بار و دۆخی ئەوسالانەی تێدا باس ئەکات کە سەلاحی موهتەدی و حەمەی ئیلخانیزادەی کوڕە مامی گەڕانەوە بەر دەستی ڕژێمی ئێران لە پاش ئەوەی کە ئەرکی پێ سێردراویان لە لایەن ساواکەوە بۆ نە چووە سەر و چوونەوە بەر دایک . مام هەژار لێگرە بە دوور و درێژی کاوە و مچە کە ناوی حەمە و سەلاح لە گەرمێن بوو ، خۆی گوتەنی ، ئەیان شێلێ و ئاماژە بە گای شڵە و کەوی خۆخۆر و تێک چوونی بۆکان وەکی هەوارگەی پیاوان ئەکات و( دوور لە ئێستا ) شی وەک تەوس تێ ئەگرێ . وەک لە بەشی زۆری دوایی هەڵبەستەکەی مام هەژارەوە دەر ئەکەوێ مەبەستی سەرەکی مام هەژار ئەو دوو خۆ بەدەستەوەدەرەی ئیلخانی یە و پێم وایە کە وەک دەسپێکی باسەکەم جێگەی خۆیەتی بەم بەڵگە مێژوویی یەوە بچمە ناو باسەکە .

**بەرەو بۆکان**

بەس خەواڵوو بە خەیاڵ بڕوانە   شاری بۆکان وەکوو بووکان جوان
مێشەیە ، باغە ، گوڵستانە ، چە مە   لاوی لاولاوە ، کچی خونچە دەمە
ئاوی چاوێک لە دڵی ئەو دایە   چاوی قرژاڵی لە بەر هەڵنایە
مانگ لە مێژ سالە لە ڕێدا فێرە   وە ک تریفەی مەلەوان بێ لێرە
تۆش بچۆ، گیان و دڵیش ئامادەن   ترسوو داماڵن و خۆ پێدادەن
مار و جرجی عەجەمو نایەنە بەر   شەو لە ترسان لە کونان نایەنە دەر
ئەو قەڵایە کە بەرز وێستاوە   دوور لە وێستاکە هەوارگەی پیاوە
سەر سەرا و کۆشکی گەلێ سەردارە   بۆتە بەردار، چ خودا بەردارە ؟
پیاو نەمان و ئەوی مان خوێڕی بوون   هێڕ و وڕ فێری خڕەی زێڕی بوون
کوردەناموسی فرۆشرا بە چڵە   گای شڵە گشتی لە خۆ بوونە مڵە
هەرکەسەی ببوە کەوی دەس دوژمن   دەیەویست خزم و کەسی خۆی قڕبن
دان دران تاکوو لە کێو کەو دە فڕی   کاتێ تاران سە ری وانیشی بڕی
کە وی سە رداری لە بیرمان ماوە   کە لە سەر چی سەری هەڵقرتاوە
بە سە خوێڕێژی بە سەر زاماندا   با بنواڕین بە هە موو ماڵاندا
ئاخۆ یاران وە کوو جاری جاران   شەو نشینیانە لە پای دیواران
ئەمجە د و قازی مەلا ڕیشی حەسار   کێ بە ئاخ و کوڵە بۆ ڕەنجی خەسار
شێرە چۆبینە بڕشتی ماوە   یان کەل و کول بووە ، کۆڵی داوە
پیرە شاهۆی قەرەگێوز هەر بە گوڕە   یان عەجەم ترسی وەبەر ناوە کڕە
لەم ڕۆ داخوا برای ڕاست ماون   یان چەماون ، لە خەما چەوساون
کاوە بۆ کوتکی شکا و بێ چەرمە   خوێنی لاوان کە لە بیر کا ، شەرمە
مچە گردەڵ کە بەرە و باو بۆوە   گشتە یان پێچی درا و خاو بۆوە
هەڵۆ کل بوون کە لە هێەلانی کەل   چینە یان چۆنە لە سە ر خوانی قەل
بیری ئە و ناوە لە بیریان ماوە   یان لە پای ڕازەوە هەڵدێراوە
هیچ لە بیریانە لە لێڕی بیران   جەنگی سەر چامە لە بەرپێی پیران
ڕۆژ بە دوومانەوە وەک کوێنی ڕەش   لاشە دە تلانەوە لە خوێنی گەش
لە فرۆکانەوە بۆمبا باران   کڵ و پشمەرگە بە ئاگر خاران
لە تەقە و دووکەڵی گەرمی گڕی شەڕ   خوای ترس پێشی هەڵات کوێر و کەڕ
کێ پەنای گرت لە ڕەهێڵەی تۆپان   چە ند سەکەت بوون عەرە ب و جاش تۆپان
سەردەمی خەنجەری کورد هاتەوە گە ڕ   سە ری وشکی دەبڕی و گۆشتی تەڕ
خوێنی پیسی لەشی سیسی عەرەبان   گوڕ و فیچقەی بوو لە بان تیغی دەبان
باوی بوو گاڵتە بە مردن کردن   کورد وە سەرکەوتن و ، دوژمن مردن
دێتە بیریان کە لە سە ر نوێنی سەنگ   ببوە لای لایێی شەوان دەنگی تفەنگ
" دۆڵێ سەفتێ " ، " بنی پێرس " ، "ڕێزان "   خۆش بوو ، چۆن بوو لە بەریان بێزان
سە رچیای شیرن و چای بەر باران   لای ئەوان تاڵ بوو لە تاوی تاران
دەس و چاو ئێستە ئەوەند تێر و پڕن   سە د هەژار ڕەنگە بە پووشێک نەکڕن

## له کوێوه و له کەیەوه دەستی پێکرد ؟

شۆڕشی سمکۆ ژ سالێن بیستاندا ین سەدەید پێشی ، یەکێک ژ شۆڕش و سەرهەڵدان یەلی گاوەری کورد وهەر وسا ژی کاردانەوەی کورد بە گشتی ژ هەمبەر بارودۆخی نوێی مێژوویی سەردەمی خۆیا بوو . بار و ناوەرۆکی نەتەوەیی بزاڤید سمکۆ درێژەی ڕەوتی کوردێنی و لە سەر ڤان پییێگە و بنەما ، خەمەلی . ژ ڤێ دەمێدا کوردان جە گشت پارێن کوردستان چالاک و کارا بووگن و لەل ئەمەش گشتیان بە یەکترەوە بەسترابوونەوە و تێکەلی و ئالیکاری بەربەچاڤ ناوبەرا ڤان ب خورتی ئەمەشی .

هەستیاریی سەردەمەکە لەوەدا بوو کە چاخێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتی دا دەستی پێکردبوو . سەرمایەداری ڕۆژئاوایی پێێ نابووە قۆناخی ئیمپریالیستی و پەی دابین کردنی پێدڤی و پێداویستی سەردەمیانەی خۆی کۆمەڵە پلان و بەرنامەیەکی تۆکمەی داڕشتبوو لۆ سەرلە نوێ سازکردنەوە و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و دابەش کردن و بەشینەوەی سەرلەنوێی جیهان لە ناوخۆیان دا. کۆمەڵێک پەیمان و ڕێککەوتن ، پەیمانی سایکس پیکۆ یەک ژ وان ، لە نێوان پارەپەرەستان و سووخۆرانی جیهانی زال بە سەر ڕۆژئاوادا ، واژۆ کرابوو و کەوتبوە بواری جێ بە جێ کردن و شەری یەکەمی جیهانی ئامرازی ئەم سیاسەتە بوو و لۆ دابین کردن و پێکانی مەبەست و ستراتیژی دیاریکراویان ، هەڵگرسا . مەتەڵی زەمانە و مێژووش ئەوە بوو کە هەر سێ پاشا و گزیری ئینگلیزیان و ئالمانیان و عرووسان ( جۆرج و ویلهۆڵم ونیکۆڵای ) کوڕە پووری یەکتر و بەرەی ویکتۆریا ، ئیپراتور و شاژنی ئینگلستان بوون کە بە ڕواڵەت کەتبوونە شەڕ لە دژی یەکتر و هەر ئەوەندەی مابوو کە تۆی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە ئاورووپا ببڕن ( وەک ئینگەڵزی برادەری مارکس چاوەڕانی بوو لە شەڕی جیهانی ) بەو هۆڤانەتیی یەی تا ئەودەم نەبینراو کە لە دژی خەڵکە داماوەکەی ئاورووپا خستبوویانە گەڕ . تا ئێگرە لنین یەکەم کەسی ناسیاگ بووگە کو ئەم تایبەتمەندیەی سەردەمی خۆی ناسیگە و پەرتووکی " ئیمپریالیزم ، بەرزترین قۆناخی سەرمایەداری "، لە سەر نووسی . لێ لنین خۆیچی و شۆڕشەکەی یەک لە دیارترین و زەڤترین بەرهەمی وان سیاسەتی ئیمپریالیستی و یەکێک لە پیلانەکانیان بوو. کمۆنیزم بە گشتی وبۆڵشڤیک گەلیش بەتایبەتی ، بە لنینیشەوە ، دایانە پاڵ هێزە ئیمپریالیستیەکان و لە ڕاستیدا بوونە دەمڕاستی بیر و هزری و ئایدیۆلۆژی ئەوان . یەکانگیریی ستراتیژیکی کمۆنیزم و سەرمایەداری ڕاستییێکی سەلمێندراوە و خاپاندنی کمۆنیستانە ، بەش و ئەرکی کمۆنیزم لەو چاخەدا بوو .

تێڕوانینێکی سەرپێیی مێژوویی لە دۆخی ئەو سەردەمە ئەم ڕاستی ی خویا دەکاتن کە هەر لە جیرانەتی و هاوکەوشەنی سۆڤیەتستانی لنیندا ، دەوڵەتی دەسنیای ئیمپریالیستی لە ئێران و تورکیە سازکران و خرانە گەڕ لە دژی تێکڕای خەڵک و گەلانی ئەو وڵاتانە و ئیتر لێرە بەدواوە لنین لە هەمبەر ئیمپریالیزم و بۆچوونەکانی خۆیشیدا پشگەز و کوێر بوو و دانی بەو دەوڵەتە دەسنیایانەدا نا و پاڵەپشتی لێ کردن و پاکانەی پێشکەوتنخوازی و دێمۆکراتیکیانەی لۆ کردن وتەنانەت کوشتنی نوێنەری سۆڤیەت لە ئیران لۆی پڕ گرینگ نەبوو . کمۆنیستان و پیاوانی لنین لە ئێرانا شۆڕشی کوچک خان لە گێلان یان بەرەو شکان برد و کەوتنە دژایەتی شۆڕشی سمکۆ، کە مەبەستی ئێمەیە لەم پیداچوونەوە سەرپێی یەدا . شۆڕشی سمکۆ گیان و گەوهەری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە سەردەمی هەبوو و مینا تێکڕای بزاڤ و خەباتی سەردەمی خۆی لە گشت جیهانا ، درێژەی مێژوویی رەوتی خەملین و گەشەی کۆمەڵایەتی بوو. ئەم بابەتە بزاڤ گەلە ڕووبەڕووی دێوەزمەی ئیمپریالیستی و ژاراوی کمۆنیستی بوونەوە و لە ناو ئاگر و خوێنا نوقم کران و لە نێوان دوو بەردئاشی کمۆنیزم و سەرمایەداریا هاڕیان . پلان و پیلانی ئیمپریالیزم ، دەس لە ناو دەست کمۆنیزم و بیرۆکەی چەواشەکارانەیان ، بە هینانە سەرکاری دەولەت – نەتەوە ، بە سەر گەلاندا شکایەوە و تاڵاوی ژیانی کولەمەرگی چەوسانەوە و ڕاوڕووت و تاڵانکاری و لە هەمووشی گرانتر توانەوەی بە تۆپزی لەناو بەقەرار نەتەوەی سەردەستا ، بوو بە ڕۆژەوی ڕۆژانەی گەلان و کوردیش لە ناو ئەواندا .

شیاوی ئاماژە پێ کردنە کە دام و دەزگای بانگەشەکەری چەواشەکارو خاپێنەری کمۆنیزم – سەرمایەداری بە خەستی کەوتنە کار لە دژی سمکۆ و شۆڕشەکەی و کەڵکی خراپیان لە هەموو دەرفەتێک لۆ ڕەش کردن و کوێرکردنەوەی هێما و باری مێژوویی بزاڤی کورد بە سەرۆکایەتی سمکۆ وەرگرت . ئەم ئاکارە گڵاوە بوو بە پەتای گشت گیر و گەیشتە ئەوەی کە کابرای ئەحمەدی شەریفی نامیلکەی ( غائیلە سمکۆ – ئاژاوەی سمکۆ ) بڵاوکردەوە و دواترینیش لەم بوارەدا ( ناسیونالیزمی شوانکارە) ی فریدەی کوهی کەناری یە کە تێکڕای چەواشەکاریی یەلی پێشووی خۆی کاوێژ ئەکاتەوە و وەک کارێکی ئاکادیمیانە دەرخواردی خەڵکی ئەدات. یاسین سەردەشتی یش کاری ڕاست نەبێ ئەو نووسراوە دژە مێژوویی و چەواشەکارانەی کردوە بە کوردییکی رەق و ناخۆش و لە زانکۆکانی کوردستان لە باشوور، دەرخواردی خەڵک ئەدرێ . گۆڕ فریدە خانم و سەردەشتی هۆگری ، ڕەزاقولی مەیتەر و دەسنیای ئیمپریالیزم ، پێشکەوتنخواز و سەردەمیانە بوو و سمکۆش کابراییێکی خێلەکی و تاڵانکەرو دەسەڵاتداریەکەشی چونە دەسەڵاتداری کورد ژ وی دەمێدا ژی ئیتر ناچێتە بازنەی مێژوویی یەوە . لە ڕاستی دا فریدە خانمی کوهی کەناری ( مەخابن بۆ ئەو ناوە ، چونکە ئەحمەدی خانی ئەو تایبەتمەندی کوهی و کەناری یەی بۆ خۆی دانابوو – **کورمانجم و کوهی و کەناری----وان چەند خەبەرید کوردەواری** – خانی ، مەم و زین ) هەمان ئەحمەدی شەریفی سەردەمی ڕژیمی پاشایەتی قولیزادە و دەزگای بانگەشەکەری هۆگرانی پاشایەتی تاتاریی عەجەمانە ، مینا ساواک . ئەم خانمە بیرۆکەی دژە مێژویی ئەوان تێئۆریزەی دەکات و لە ژێربەرگی خاپێنەری زانستی دا دای ئەڕێژێتەوە و ئەی شارێتەوە و کابرای سەردەشیتی یش دەهۆڵ و زۆڕنای ئاکادیمیانەی لۆ ئەکوتێت و ئەژەنێت .

شۆڕشی سمکۆ تێکشکا و سمکۆ خۆیشی گیانی لە پێناوا بەخت کرد . ڕەزاقولی مەیتەری ئینگلیزیان ، هێنرایە سەرکار و کرایە پاشای ئێران و چوونە سەگی هار بەردرایە وێزەی گەلی کورد و گەلانیتریش ، عەجەمیش یەک لەوانە کە لە گەلانی تری ئیرانی

کەمتری بەرنەکەوت . شەری جیهانی دووهەم گەمە و کایەی سیاسی  تا ئەو کات باوی تێکدا و تەم و مژی تاریکستانی نیری کۆیلەتی ڕەزاقولی مەیتەر، ڕەوییەوە و دەوڵەتۆکە کاپەڕشەیی یەکەی قولیزادەی کوڕی جێگەی گرتەوە . ئا لەم سەردەمەدا ژیلەمۆی ئاگری شۆڕشی سمکۆ گەشایەوە و بزاڤی کوردی بووژایەوە . ڕاپەڕینی دەڤەری ورمێ لە ساڵانی کۆتایی شەڕی جیهانی دووهەم دەق درێژەی شۆڕشی سمکۆ و لە هەمان دەڤەر و لە لایەن هۆگران و درێژەدەرانی ڕێچکا سمکۆوە بەڕێوە چوو و هەتا ڕادەیەکی بەرچاویش پێشکەوت و هێندیک ماف و دەسکەوتی سی کوردیەل دەستەبەر کرد . کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کوردستان ( ئەگەر ناوەکە تەواو بێت ) دزەی تێکرا و عەزیز زەندی (ئاڵمانی ) - دواتر کرا بە خەزووری حەسەن زیرەک - کە لە ئاڵمانەوە گرێندرابووەوە کوردستان ، ئەو ڕیکخراوەی لە گرێجەنە ترازاند و ڕاپەڕینەکەش کپ کرایەوە . دەوری ماڵە قازی یەکانی مهابادیش جێگەی ڕامانە لەم پێوەندی یەدا . ئەوان لە سەردەمی سمکۆ و شۆڕشەکەی ، لەگەڵ ڕەزاقولی مەیتەرا بوون و هەتا شەڕی مهاباد و تەفروتووناکردنی هێزەکەی خالۆ قوربانی جاشی مەیتەر قولی لە لایەن هێزەکەی سمکۆوە ، وەک نەیاری سمکۆ ئەجووڵانەوە . دواتریش لە خەواندنەوەی ڕاپەڕینەکەی مەڵا خەلیل دەوری کارایان گێڕا لە دژی مەلا خەلیل و لە بەرژەوەندی مەیتەر قولی . لە دامرکانەوە و کپ کردنی ڕاپەڕینەکەی دەڤەری ورمێش وەک نوێنەری ڕژیم بەشداری دانیشتن و کۆبوونەوەکانی کوردان وەگەرد ڕژیم و عرووسەکان و نوێنەری کونسوولخانەی ئینگلیزیان بوون .

پشت ڕا لە سەردارو پەردووی ئەو ڕێکخراوە - کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کوردستان - (وەک مام هەژار باسی ئەکرد) و ئەم جارەیان بە بەشداری چالاک و بەرچاوی سەرکردایەتی کورد لە تێکڕای کوردستان ، کۆمەڵەی ژ ک دامەزرا ولە درێژەی ڕەوتی ڕەسەنی کوردایەتی و لە سەر هەمان بنەما ، سەرەتایێکی نوی لە بزاڤی کوردی دەستی پێکرد . کۆمەڵی ژ ک گەشەی کرد و پەرەی سەند و پەلی هاوێشتە زۆربەی دەڤەرە کوردیەکان بە بێ گوێ دانە سنووری دەسکرد و بوو بە هێزی بەهێزی سیاسی کوردی ، کورد پێ شاد و خەنی و دوژمنیشی پێ زویر و توقیو. میرحاج ، مێرخاس و عەگیدێت کورد تەڤ چار پێشمەرگەێن شۆڕشگەر ین هیوا (مستەفا خوشناو ، موحەممەد مەحموود قودسی ، خەیروڵلا عەبدولکەریم ، عیزەت عەبدولعەزیز) بن سەرکردایەتی بەدرخانیان و شێخ ئەحمەدی بارزان و شێخانی بەرزەنجی و ڕەفیق حیلمی بواری گەشەکردنی کۆملەی ژ ک یان ئافراند و گەیاندیانە ئاستێک کە هیوای ڕزگاری کوردی پێ بووژایەوە . کۆمەڵەی ژ ک ، وەک ئەوەی کە بوو ، بە واتا کوردستانی یەکەی ، زراوی دوژمنان و نەیارانی کوردی توقاند . باقرۆف بە قووڵی هەستی بە مەترسی کۆمەڵەی ژ ک بۆ خۆی و کمۆنیستان و دواڕۆژی خۆیان کرد و زۆر چاک ئەیزانی کە لە ئەگەری سەرکەوتنی کۆمەڵەی ژ ک ، کورد وەک نەتەوەیەکی کەون ئارا چ دەورێکی لە گەمەی سیاسی ناوچەکە و بگرە جیهانیشدا ئەبێ . هەر بۆیە ئەو کمۆنیستە ڕەگەزپەرەستە تورکە ، کۆمەڵەی ژ ک ی بە هۆکارێک بۆ هەڵگرسانی شەڕی جیهانی سێهەم ئەخەملاند ، جوور بەڵگەیەلی تازە دەرکەفتگ . ئەم تێڕوانینەی باقرۆف بووە ماکی سیاسەتی سەربڕین و خنکاندی کۆمەڵەی ژ ک و تێیشیدا سەرکەوتن . بە لە ناو بردنی کۆمەڵەی ژ ک و جێ گۆڕکێی بە حزبی دیمۆکرات ، وێنەگرتووی فرقەی دیمۆکڕاتی ئازەربایجانی  کمۆنیستان و توودەییەکان ، ڕەوتی کوردێنی لە ڕەوڕەوی مێژوویی خۆی ترازا و بە لارێدا برا و کورد تووشی بوو بە تووش چەواشەکارییێکی گەورەی مێژوویی یەوە کە تێیدا تاسا و برستی پێشکەتن و خەملینی لێ بڕا . یەکەم شوێنەواری ئەم ڕەوتەش ئەوە بوو کە کێشەی کورد لە کێشەی نەتەوەیەکی کەون ئارا و بە رەگ و ڕیشەی قووڵی هەزاران ساڵەوە، بوو بە کێشەی ئەنجومەنی شارێکی بچووکی وەک مهابادی ئەودەم و بەزمی سات و سەودای شەکر و ڕۆنی عەجەم وعرووسان لە لایەن قوڵەئاغای مهابادی یەوە .

## پاش کۆمار

کۆماری مهاباد پاش ماوەیەکی کورت بە دوای لەناوبردنی کۆمەڵەی ژ ک و بە پەلە و لە ترسی ئەوەی کە کۆماری ئازەربایجان قووتیان نەدات و نەبنە پاشکۆی ئەو و هەروەها تێگەیشتنێکی نا دروست لە گەمەی سیاسی جیهانی بە گشتی و نیوان ستالین و عەجەمان بە تایبەتی ، دابڕاو لە ڕەوتی گشتی کوردایەتی ، ڕاگەیندرا . کۆمار بێجگە لە ئاکاری فەرهەنگی کە ئەویش درێژەی کار وفرمانی کۆمەڵەی ژ ک بوو کە ئەویش گرێدراوی ڕاپەڕینەکەی ورمێ و لەوێشەوە شۆڕشە مەزن و بە سامەکەی سمکۆ بوو ، شتێکی ئەوتۆی لە ڕیبازی کوردایەتیدا پێوە دیار نیە . لە بواری پێشمەرگایەتی و ئاسایشی نەتەوەیی دا لە ناو شاری مهاباد نەترازا و دیاردەی هەرە سەیریش ئەوەیە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتا کە خۆیان لەو چەند شەڕەی لە دەوروبەری سەقزا کرا ، بەشدار نەبوون و بارزانی یەکان و ئەفسەرانی هیوا شەڕیان لۆ ئەکردن . ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە زێرۆ بەگ و حەمە ڕەشید خان پێشتر کارامەیی بە وەجیان لەم بوارەدا سەلماندبوو و ژنرالی کۆماریش بوون و لە هۆنەری شەڕ و پێکدادانەدا شتێکیان لە بارزانی یەکان کەمتر نەبوو. کێشێکی هێگجار گەورەی هێزی شەڕکەر و کارامە لە کوردستاندا لە ئارادا بوو و پێشتریش کارامەیی خۆیان دەرخسبوو کە نەک هەر ڕێک نەخرا وبەکار نەهێنرا بەڵکو لۆ خۆشامایی دڵی کمۆنیستان پشت گوێ خران . ئەو هێزە شەڕکەرە خێڵەکی یە لەو سەردەمەدا ئەی توانی بار و دۆخی کوردستان و ڕەوتی کوردایەتی بە بارێکی دڵخوازترا ببات . کام مێژوو نووس و زانای سیاسی کارامە و لێ زان هەیە کە دوور لە هەر ڕاستیەک ، پشت لەم ڕاستیە بکات کە کۆمار و بگێڕانی ، نە خۆیان کێشی پاراستنی تەناهی و ئاسایش کوردستانیان هەبوو ونە کێش وتوانای ڕێکخستنی هێزی کۆمەڵایەتی و پێشمەرگانە و سەربازی کۆمەڵگای کوردەواری ئەو سەردەمەیان هەبووبێت و نە بواریشیان بەو هێزە دابێت کە دەوری خۆی ببینێت وەک لە نامەکەی قازی بۆ حەمە ڕەشید خانا سەبارەت بە گرتنی ئەو ۲۰-۳۰ سەربازە عەجەمەی کە لە سەردەشتا مابوونەوە ،دەرئەکەوێ . بە وەها تایبەتمەندیەکەوە کۆمار

بەرگەی هیچی نەگرت و چوون بە بەرەوپیری لەشکری داگیرکەری عەجەمان و تەمەنی کۆمار، بە پێچەوانەی کۆماری ئاگری و دەسەڵاتداریەتی سمکۆ و پاشایەتی شێخ مەحموود مینا دەسەلاتداریی کورد ، بە شێوازێکی ناکوردانە کوتایی هات . ئەم باسە لە یەکەمین کونگرەی پاش کۆمار واتە کۆنگرەی دووی حزبی دێمۆکرات دا خرایە بەر باس و بریاریشی لە سەر دەرکرا .

بە لە سێدارەدانی قازی یەکان و ناودارانی سەربزێوی کورد لە سەقز و بۆکان و هەروەها لەمەش گرینگتر وازهێنانی زۆربەی هەرە زۆری ئانکو ڕاستتر وایە کە بێژین گشت کارگێرانی کۆمار لە کوردایەتی و گەڕانەوەیان بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان لە ژێر دەسەڵاتی لەرزۆکی عەجەمان لە پاش کۆمار، بە تێکڕا پاشەکشەی بزاڤی کوردی لە تێکڕای کوردستان ، دەرگای دزەکردن و خۆ تێ خزانی کمۆنیستان بۆ ناو بزاڤی کوردی خرایە سەر پشت و مەینەتی و چارەڕەشیی سەردەمیانەی کورد دەستی پێکرد . گومانیش لەوەدا نیە کە دەزگا سیخوڕیەکانی داگیرکەران ئەم کردەی کمۆنیسیت گەلیان بە دڵ بووبێت وەک پێداویستی ڕۆژیان و لەوەش ئاگادار بووبێتن کە ئەوەی بە کمۆنیست ئەکرا لە دژایەتی کورد و کوردایەتی دا، بەوان هەڵ نەئەسووڕا وەک چۆن دواتریش لە بەشەکانی تری کوردستانا بەرچاو ئەکەوێ . لادان لە سەر ڕێبازی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی هەر ئەوە نەبوو کە کۆمار بە سکی ٥-٦ مانگانە و بە نەوەکامی لێ لە دایک بێت بەڵکو پاش کۆمار و نەکسەی کوردایەتی ، باوی کوردێنی شۆڕشگێڕانەی سەردەم نەما و پاشماوە و جیلی نوێی درێژەدەرانی کۆمار لە کۆمەڵگای کوردەواری ، بوونە پاشکۆی کمۆنیستانی سەر بە عرووس . کەم کەس سرنجی ئەو ڕاستی یە ئەدەن کە هەر لەو سەرەبەندە و پاش شکانی کۆماری مهاباد ، ڕژیمە دەسنیا و کاپەڕشەیی یەکەی قولی زادە لە ژێر تەوژمی بزاڤی دێمۆکڕاتیانەی گەلانی ئێرانا زاڵەی بوو و لە ئاکامدا لەژێر باری ئەو تەوژمەدا بە سەرکەوتنی محەمەدی موسەدق، هەرەسی هێنا وقولی زادە نەک شاربەدەر بەڵکو وڵات بەدەرکرا و هێمنیش شێعری "دە بڕۆ ئەی شاهی خائین ، بەغدا نیوەی ڕێگەت بێ" ی لە سەر ئەو دۆخە هۆنیەوە . پرسیارێکە کە ئەبی ئاراستەی بیر و مژی مرۆڤی کورد بکرێت ئەوەیە کە کوا و لو کوێ یە بزاڤی نەتەوەی دیمۆکراتیکی کورد لە ئەو هەل و مەرجەدا . چۆنە کە کوردی ڕۆژهەڵات بە ڕواڵەت ئەوەندی لە بارا بوو کە لە ١٩٤٦دا کۆمار ڕابگەێنێ و ٦ ساڵ دوای ڕووخانی ، شاهی خائێن بەغدا نیوەی ڕێی بیت ، کەچی کورد قانع ماچۆ، خەریکی دەبەدەبی توودەیی یانە بێت . چۆن بوو کە گەنجان و جیلی نوێی درێژەدەرانی کۆمار ، کۆماریان لە بیر چووەوە و بوونە سەماکەری توودەیی یەکان و باقرۆفیەکان . خۆ ئەگەر شەڕی جیهانی دووهەم و داگیرکردنی ئێران و وڵات بە دەرکردنی ڕەزا قولی مەیتەر وەک هۆکاری دەرەکی و کاتی ، بارودۆخێکی لە باری لە کوردستانیش خولْقاندبێ بۆ سەربزێوی کوردانەی کوردان ، ئەوە پاش ڕووخانی کۆمار ئیتر هۆکاری ناوخۆیی و گەشەکردنی گیانی دیمۆکراتیکیانەی خەڵک بە لانی کەمەوە بۆ ٦ ساڵ دۆخێکی لەبارتر و ئاوەڵاتری پێک هێنابوو بۆ هەڵسووڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بە پشت بەستن بە هێزی کۆمەڵانی خەڵک ، نەک سپای سوور و ڕەشی دەرەکی بێگانە ، ئەکرا دەسکەفتی فرەتری ئەڕای مەردم کورد هەبوایەت .

## درێژەی پەتا و پشت ڕاستکردنەوەی باشوور

### زڕدایک لە جێی دایک

کاتی خۆی داگیرکەرانی ئیستعماری ڕۆژئاوایی یرک لە دزێوترین و دژەمرۆڤانەترین تاوانی دژی مرۆڤایەتی کرد لە سەر خەڵکە ڕەسەنەکەی تێکڕای ئامریکا و ئوسترالیا و تا ڕادەیەکیش لە ئافریکا و هەروەها دورگەی ڕۆژهەڵات ( Easter Island) و گەلێ شوێن لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا . ئەو نامرۆڤانە کوردەکەو ماچۆ ڕۆڵەیان لە بەر دایک بە تۆپزی ئەڕفاند و ئەیان تەپاندنە ناو قوتانخانە و فێرگەی زۆرەملی و بە مەبەست سازکراو ، بە مەبەستی سڕینەوەی ئاسەواری باب و باپیریان لە مێشک و بیری ئەو مندال و زاڕۆلە بەستەزمان و ڕفێندراوانە . جە کوردی خۆمانا ئەو دیاردە ، بە دیاردەی چاوبەس ناسراگە و مێژوویەکی هەس لە فەرهەنگی کوردا. لە کوردستانی پاش کۆمەڵەی ژ ک ، ئەوە کمۆنیست و داگیرکەرانی پاڵەپشتیان بوون کە دەوری نامرۆڤانەی ئاژەڵەکانی ئیستعمار وچاوبەسەکانی چاخی کۆنیان گێڕا و ڕۆڵەی کوردیان لە شیری دایکیان بڕی و لە دایکی خۆیانیان نامۆ ونەبان کردن . فێرگەی کمۆنیستی توودەییانە دەق دەوری هەمان فێرگەی زۆرەملی ئاژەڵەیەل ئیستعمار وسەرمایەداری بۆگەن و پۆخڵ و دژە مرۆڤیان ، پەی زاڕۆلەی کورد بینی ، ئەڵبەت ژی بە تڕ و پۆز و فیزی پێشکەوتنخوازانە وزانستی یەوە . لەو فێرگەدا ، ڕۆڵەی کورد دابەزییە ئەو ئاستە نزمە کە بۆ هەر چەشنە جووڵانیکی سیاسی ، با کوردانەش نەبێت و تەنیا لە خزمەتی توودەیی و کمۆنیستانا بێت، دەبا بچێتە تاران و لە کن سارم خانی سادق وەزیری سنەیی سەر بە حزبی دایکیان ( توودە ) و لێی بپاڕێنەوە کە داوای بواری جووڵانیان لە عرووسان بۆ بکات . وەک بێژی فرمانی سیاسی ، فرمانی دووکان و بازارو بازرگانی یە و بەبێ فەرمانی شارەداری و شارەوانی ئەبووە فرمانێکی نائاسایی و نایاسایی . جا ئیتر ئالەوەها دۆخێکا ئەبی ئەوان ئاغایان چلۆن دەگەڵ ڕەش و ڕووتێکی هێندە کەر و بێ دەرەتانا هەڵس و کەوتی کردبێ . چیرۆک کورد و ڕۆڵەکانی ببوە چیرۆکی تەمبەڵ و تەوەزەلەکەی بەیتی سەرە مەڕی هاژار. هیچ داگیر کەرێک و هیچ دوژمنێکی کورد و کوردستان بە خەویش ئەوەیان نەئەبینێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان کورد تا ئەو ڕادەیە دابەزێتە سەر خوانی قەل و داڵان . کوا و چێ لە بەسەرهات ئەو سەر وشکی و سەر ڕەقی یەی تاکی کورد ، ئاپێ جگەر خوون ماچۆ ( ئەمن ئەو کوردی سەر هیشک وهەسن ---- ئیرۆ ژی دوژمن ژ مە دەترسن ) کە بە درێژایی مێژوو ملی لۆ هیچ مل هۆڕیک نەوی نەکرد . ئائەم تاڵاوی دابڕان لە دایک و لە بیر چوونەوەی و پەنا بردنە بەر زڕدایکە یە، کە ئیژین کۆمار

شتێکی ئەوتۆی لە ڕیبازی کوردایەتیدا پێوە دیار نیە ئەگینا چۆن ئەبێ مرۆڤی کەون ئارا و چارژاوی هەزاران ساڵەی مێژوویێکی تژی کارەسات و ئاگر و خوێن وینەی کورد ، با ئیتر شەهیدەکانی کۆمار بوەستێ کە هێشتا کفنیان زەرد نەکردبوو ، تا ئەو ڕادەیە نەوی بێتەوە کە توودەییێکی ناو زڕاو وبوودەڵە و ترسەنۆک و خەیانەتکاری لێ ببێتە مامۆستای ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چاو لە دەمی پیسی ئاوەها تاقمیکی نزم و نەوی بکات .

پەتای زڕدایکی مەبەست گڵاوی توودەیی چاوبەس ، هەتا سەر گۆشت و ئیسقان کوردی ڕۆژهەلاتی تەنیەوە و بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ، بوار و دەرەتانی هەناسە هەڵکێشانی لە ڕەوتی کوردێنی بڕی لەو بەشەی نیشتمانەکەماندا . سەرباری دەردانیش ئەو بوو کە ڕۆڵەی کورد لەو ڕێگەدا و بەو پەتایە ئەبوونە قوربانی و قوربانی دانەکەش بازاڕی گەمەی توودەیی یەکانی خۆشتر ئەکرد و گومانیش لەوەدا نیە کە بەشێک لەو قوربانیانە بە مەبەست ڕێکخرابێت بۆ بازارگەرمی شۆڕشگێڕیی چەواشەکارانە وخاپێنەرانە و لە بەرژەوەندی داگیرکەرانی پاڵەپشتی کمۆنیستان . لە جیهانی درۆ و سیاسەت بازی درۆزنانە ، دروست کردنی قارەمان و لەهەنگ بۆ مەبەستی دزێوی خاپاندن و چاو و دەم بەس کردنی خەڵک ، شتێکی نە ناسراو نیە .

بەشێک لە چالاک وتێکۆشەرانی گیرۆدەی ژاراوی توودەیی لە ڕۆژهەلات کە خۆیان لە شاڵاو و گورزی لێدانی دوژمن پێ پارێزرا، هەڵوەدای باشوور بوون و لە دەور و بەری ماڵە باوانی کوردان ، ماڵی شێخ لەتیف و حەمە ڕەشیدخانا گرسانەوە و حەوانەوە . " کۆمۆنی لاجیەکان" لە سلێمانی ئەو سازمانە بوو کە لە بۆ خۆیان دا مەزراند . ناوێکی سەیر و ناکوردیانە کە ئاسەواری پڵتەی کمۆنیستی پێوە دیارە . دۆخی باشوور بە بوونی شێخ لەتیف و شێخ ئەحمەدی بارزانی و حەمەڕەشید خان و کاکە زیاد و تێکەڵێ و پێوەندی نەپچراویان لەگەڵ بەدرخانیان و سەرکردایەتی کورد بە گشتی ، جیهانێکی بە تەواوەتی جیاواز بوو لەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتدا زاڵ بوو . لێگرە ئیتر ئاغا باڵاسەری توودەیی لەکارا نەبوو . لێگرە کۆمەڵێک خەڵکی خەباتکار و شۆڕشگێر گرسابوونەوە کە ناوی توودەیان بە تەواوەتیش نەبیستبوو و هەموو لە چینی زەحمەتکێش و ڕەسەنی کورد بوون . ڕۆڵە ڕفێندراو و دەم و چاو بەستراوەکانی ڕۆژهەڵات هاتبوونەوە بەر دایک و دەبا خۆیان ساخ بکەنەوە کە وەگەرد داڵکیان ئەبن ئانکو چاویان لە زڕدایکی توودەیی بێت .
بنەمای دژبەری و ناکۆکی ناوخۆیی حزبی دێمۆکڕات ئیتر لێروە چەکەری کرد . دوو ڕیبازی کوردایەتی و توودەیی هێشتا کارا ، ملیان د ملی یەک نا . باشوور بژاردەی کوردێنی لۆ کوردانی ڕۆژهەڵاتی کردەوە و پشتی ئەم ڕێبازەی گرت و ڕێگای توودەییش تەنانەت لەم دۆخەدا درێژەی هەبوو و ژمارەیەکی بەرچاو لە قوربانیەکانی توودە و ئایدێۆلۆژی کمۆنیستی بە چەشنێک و تا ڕادەیەک لە گۆ برابوون کە ڕێبازی کوردێنی باشووریان پێ قووت نەئەدرا و گایان بە لای کمۆنیزم و توودەی مامۆستایانا ئەی قۆڕاند .
لێگرە حزبی شیوعی عێراقی دەوری دایانی توودەی زردایکی بینی و دەستێیشی ئەڕۆیشت و پارتی دێمۆکراتی باشووری کردبووە دەسکەلای خۆی و پێ دەلیزیا، لیسنەک ئا پڕدە قرێژ . ئەحمەد توفیق – عەبدوڵای ئیسحاقی – وەگەرد باشوور کەفت و شووڵیشی لێ هەڵ کێشا لە دژایەتی کردنی توودەیی کان . قاسملووش کە گوایە ساواکی عەجەمانی فریودابوو بەوەی کە بەڵینێ هاوکاری پێ دابێتن بۆ ئەوەی خۆی لە چنگیان ڕزگار بکات لە کاتی گرتینیدا ، ڕێچکەی توودەیی بەر نەدا و شەڕی کورد و توودە بوو بە شەڕی ئەو دوو کەسە سەربەدەرەوە بووەی کوردی ڕۆژهەڵات . ماکی ئەم شەڕەش لە ڕاستی دا هەڵ ئەگەڕیتەوە بۆ سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی کورد . شەڕەکە لە ڕاستی دا شەڕی " پێوەندی مێژوویی – نەتەوەیی – فەرهەنگی کورد وەگەرد پێوەندی داسەپاوی سیاسی ئابووری بە سەر کوردا بوو. بوون و ململانێی ئەم دوو بابەتە پێوەندی یە ، تایبەتمەندی زەقی ژین و ژیاری مێژووی نوێی کوردانە . شەڕی کورد لەدژی کمۆنیزم و داگیرکەرانی کوردستان وەک نوێنەری ڕەپ و ڕووتی پێوەندی سیاسی – ئابووری ، داکۆکی کردن و پێداگری یە لە پێوەندی مێژوویی – نەتەوەیی – فەرهەنگی ڕەگ و بنچک داکوتیوی کۆمەڵگای کوردەواری . هەر ئەم ڕاستیەشە کە داگیرکەران و کمۆنیزم پێکەوە مۆتۆربە ئەکات و ئەیانخاتە یەک خانەی دژە کورد و دوائارمانج و ستراتیژیان پێکەوە گرێ ئەدات . بەرهەمی ئەم هاوستراتیژیە ناپیرۆزە ئەرای مەردم کورد بووگەسە پاشاخوڕی داگیرکراویی کوردستان و لەشکری سەماکەرانی داگیرکەرانی لێ ترەکیوە .

ئەحمەد توفێق لە باشوور لە توودە و توودەیی بوون سرایەوە و پەروەردەی ماڵەباوانی کورد ، شێخ لەتیف و حەمە ڕەشید خان بوو. زۆربەی هەرە زۆری خەڵکە زەحمەتکێش و لە خشتەنەبراوەکەی لەگەڵ دابوو و سەرکردایەتی کوردیش پشتیان ئەگرت و ئاکاری خۆیشی وەک خەباتگێڕێکی ئازا و چاونەترس و بزۆز و داوێن پاک و دلسۆزی کورد و کوردستان ، کەسایەتیەکەیان بەرز کردەوە. مەلای محەمەدێ خزری ناوێک کە خۆی پێ لە توودەیی بوونی ئەنی لە بیرەوەریەکانیدا کە سەلاحی موهتەدی پێدا چووەتەوە و ئەڕێی کردوە ( دیاردەیەکی سەیر و نەزانراوە کە توودەیی و مائۆئیست و ساواکی کۆن بۆ لێدانی کورد یەکانگیر ئەبن )، ئەو خەڵکەی دەوروبەری ئەحمەد تۆفێق بە ڕەش و ڕووت و نەخوێندەوار و جێ و چی تر ناو ئەبات و شووڵی نانەجیبانەی توودەییانەشی لێ هەڵ ئەکێشی و ئێژێ کە کۆمەڵێک گوێ لە مستی ئەحمەد توفێق بووگن . بەشێکی وتەکانی مەلا خزری ڕاستن ئەویش ئەویە کە ئەو خەڵکانەی دەوروبەری ئەحمەد تۆفێق سەر ڕووت و سەر چەوری شاری نەبوون و نەکەوتبوونە داوی زڕدایکی توودە و توودەیی گەل و ماکی ڕەسەنی کوردێنی خۆیان پاراستبوو . بەشێکی دیکەی ، چەواشەکاری مێژوویی و دژە کرێکار و زەحمەتکێشە، لەوڕا کو ڕاست بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە کمۆنیستانە ، ئەوە ئەو خەڵکە زەحمەتکێش و ڕەنجدەرە بوون کە ئەحمەد تۆفێقیان پێ گەیاند وکردیانە ئەو ئەحمەد توفێقەی کە کورد ئەیناسی . ئەگینا ئەحمەد توفێقیش یەکێک لەو ڕۆلانەی کورد بوو کە بە بیرۆکەی توودەیی فرچکی سیاسی درابوو و گۆج کرابوو . ئەحمەد تۆفێق یەک تاکە کەس پتر نەبوو و تەنانەت مینەی سراجی خزمیشی لە هەموو کەس فرەتر دوژمنایەتی ئەکرد .

قاسملووش هەیبوو نەی بوو پاڵەپشتی توودە و توودەیەکان و هاوڕێیانی توودەیی عێراقی واتە حزبی شیوعی بوو . تایبەتمەندی ئاکاری کوردانە و تەنانەت زمانی پاراوی کوردیش لای قاسملوو جێگەیەکی نەبوو . ئەوانەش کە بە دەوریەوە بوون وەک ئەرکی حزبیانەی توودەییانە لەگەڵیدا بوون نەوەک لە بەر کەسایەتی تایبەتی ئەو . کاڵای کمۆنیستی و توودەییانەی قاسملوو لە دۆخی باشووری هێشتا بە دۆزی کورد و کوردستانەوە سەرقال و خەریک ، بازاڕێکی ئەتۆی نەبوو . حزبی شیوعی عراقی وەک ئەرکی پێ سپێردراو لە لایەن حزبی توودەی برای و حزبی کمۆنیستی سۆڤیەتی براگەورە و ئاغایانەوە ، لایەنی قاسملووی ئەگرت لە درێژەدان بە ڕێبازی توودەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات .

لێ خستنا دەولەتا (Coup d'état- کوودەتا) پاشایەتی لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە دۆخێکی سیاسی نوێی نەک هەر لە عێراق بەلکو لە ناوچەکە و بە تایبەت لە جیهانی عەرەبی دا هێنایە ئاراوە . لەمەش پتر سیاسەت و دەوری زل هێزەکانی جیهانی ئەو دەم گۆڕانی بە سەردا هات . قاسم بە لای سۆڤیەتدا چوو و ئەمەش مزگێنێکی فرە خۆش بوو ئەڕای کمۆنیست یەل . وا دانرابوو کە دەروویەکی باش پەی گەشەکردنی کمۆنیزم کرابێتەوە . توودەیی ئێرانی و شیوعی عێراقی هەموو هیوای خۆیان لەسەر نزیک بوونەوەی قاسم و سۆڤیەت هەڵ چنیبوو . ڕەوتی کوردێنی لە باشوور ڕووبەڕووی هەل و مەرجێکی نوێ ببوەوە و چارەنووسی کورد دەبا لەو هەل و مەرجەدا دیاری بکرێت . کمۆنیزم پاش شەڕی جیهانی دووهەم و سەرهەڵدانی شەڕی ساردا ، باڵا دەست بوو لە چاو دژبەرانی سەرمایەداری ڕۆژئاوایی خۆی دا . تەپینی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری قاسمیش دۆخەکەی بە قازانجی کمۆنیستان و سۆڤیەت گۆڕا . سەرکردایەتی کورد ئەرکێکی هەتا بێژی هەستیار و ئەستەمی کەوتە سەر شانی . لە باشووریش ئاسەواری دزەکردنی کمۆنیستان بۆ ناو جەرگەی بزاڤی کوردێنی و بە لاڕێ بردنی بە ئاقاری کمۆنیستی هەتا ڕادەیەکی بەرچاو، بەرچاو ئەکەوت . هەمزە عەبدوڵا ، قاسملووی باشوور، جێگەی خۆی لێ خۆش کردبوو و سەرۆکایەتی پارتی ئەکرد و بەرەو ئەوە ئەی برد کە بەو دەردەی ڕۆژهەڵاتی بەرێ .

## گەڕانەوەی بارزانی و خاڵی وەرچەرخان لە بزاڤی کوردی

لە کاتێکدا کە چارەنووسی کورد و بزاڤی ڕزگاری کوردستان لە سەر پەتک و پردی زراڤی بەم لا و ئەولا کەوتن دا بوو بارزانی گەورە گەڕایەوە بۆ کوردستان . گەڕانەوەکە بۆ خۆی بوو بە ڕووداێکی گەورە لە ئاستی جیهانیدا . ترکان بە تەما بوون کۆسپ و تەگەرەی لە سەر دەریا بۆ ساز کەن . سۆڤیەت و میسر و عەبدول ناسر تیلێن خوە ئاوێتن و کارئاسانی ژ زڤرینا بارزانی چی کرن. بارزانی لە سەر ڕێی گەڕانەوەی دا بە ناسر ڕا جڤیا و ڤێ هەڤدیتن دەنگێگ مەزن دای . چیرۆکا زڤرینا بارزانی گەورە بۆ خۆی ، تەنانەت پێش ئەوەی بگاتەوە کوردستان ، دۆزی کوردی و کەسایەتی بارزانی ب ئاڤایەکی بەربەچاڤ هەڵدا .

لە گەڕانەوە مێژوویی یەکەی دا ، بارزانی کەوت بە سەر چەلەحانە وململانێی ڕەوتی کوردێنی و کمۆنیستی . کمۆنیستەکان ، وەک باس کرا ، تەنانەت لە ناو پارتی دا خۆیان مۆل وملّاس دابوو لە بەرزترین ئاستا . هەمزە عەبدوڵا ، قاسملووی باشوور ، دەمڕاسی پارتی بوو و هاوڕێیانی حزبی شیوعیشی بە تەواوەتی لە پشت بوو . کەسایەتی و بڕیاری لێبڕاوانەی بارزانی هەر خێرا کێشەکەی چار کرد بەوەی کە هەمزە بە شەپان لە پارتی وەدەر نرا ، ئەگەر وەک هێماش سەیری بکرێت خۆی لە خۆیدا نیشانە و مۆرکی ڕێبازێکی پێوە دیارە کە ڕەوتی کوردی لە دواڕۆژدا پێ ڕا خەمەلی . ئەوەی لەم پێوەندی یەدا جێگەی سرنجە ئەوەیە کە دەسەڵاتی قاسم و ئاقارە سیاسی یەکەی لەو جیهانی شەڕی سارد و کێ بەر کێ و ململانێی سۆڤیەت و ڕۆژئاوادا ، کاردانەوەی سووری ڕۆژئاوایەکانی لێ کەوتەوە . دەساودەس کردن و جێگۆڕکێی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگەی کوودەتاوە ، ئاڵ و گۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی قووڵی بە دواوە نیە و هاوسەنگی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکان کەم تاکورتێ وەک خۆی ئەمێنێتەوە . بەرژەوەندی دژبەری قات و چینەکانی ناو کۆمەڵ لە ئاستێکی تر و بە شێوازێکی دیکە ئەکەونە بەرابنەر هەڤودوو . قاسم لە عێراق نە بواری ئەوەی هەبوو و نە تێگەیشتنی ئەوەشی هەبوو کە وەک ناسر و ناسریەکان بجووڵیتەوە . ناسر کوودەتاکەی گۆڕی بە بزاڤێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی عەرەبی جە هەمبەر دەوڵەتی جوولەکەی دوژمنیاندا و بەمەوشەوە نەوەستا بزاڤی ناسری تێکڕای جیهانی عەرەبی گرتەوە و ناسر بوو بە هێمای لەهەنگێت عارەبان و ناسیونالیزمی عارەبی خۆی لە ژێر ئاڵای ناسر و ناسری دا ڕێکخستەوە و گرێیدا بە سۆڤیەتەوە . قاسم لە لاسایی کردنەوەی ناسردا بۆی نەچووە سەر و تاقە کارێکی کە شوینەواری پڕ ئەرێنی و درێژخایەنی لە سەر بزاڤی کوردی دانا ، ئەوە بوو کە هابەشی کورد و عەرەبی لە دەسەڵات و دەوڵەتی عێراقا ڕاگەیاند . وەک هێماش پارەی عیراقی بە خەنجەری کورد و شمشێری عارەبان ڕازاندەوە . مام هەژاریش لەو سەروبەندەدا هێندێکی بە سەروگوێلاکی قاسم دا هەڵگوت کە شێرکۆی کوڕی خراپ و لار لێی تێگەیشتووە و لێکی ئەداتەوە ، خوا خێری نەنووسێ .

هێز و هۆکارە ناونەتەویی و ناوچەیی یەکان کەوتبوونە خۆیان لە دژی قاسم و ڕژیمەکەی و هەر کامیان بەوەی بەدەستیەوە بوو و بەوەی کە لە ڕژیمی پاشایەتیەوە پێکیەوەی نابووو لۆی مابوەوە ، هاودەنگ و هاوئاهەنگ کەوتنە گەڕ . لەناو هۆکارە ناوچەیی یەکان ، عەجەمان لە پێشی هەرە پێشی ئەوانی ترەوەن بە دوو هۆ ، یەکەمیان پێگە و بنکەی نەجەف و کەربەلای شێعەگەری دوانزە ئیمامی سەفەویی کە لە هەموو کاتێکدا وەک دەستی عەجەمان دەوری بووە لە ڕووداوە ناوخۆیی یەکانی عێراقا ، دووهەمیش کوردی پسمامی عەجەمان کە دەروویەکی دیکەی دەستێوەردان لۆ عەجەمان پێک دێنێ . دەوری ئەم دوو هۆکارە لە ژیانی سیاسی و

کۆمەڵایەتی عێراقا زۆر زەقە و هەر لە کۆنەوە ناسراگە و زانراوە . بەشی یەکەمیان واتە ئەوەکەی نەجەف بەوە کۆتایی هات کە دەسەڵاتی سیاسی عێراقیان کردە پاوان و قورخی خۆیان لەم دواییانەدا و عیراق چووە بازنەی دەسەڵاتی عەجەم و کارەسات لە دوای کارەساتی لێ کەوتەوە و ئاخرەکەشی وەیشوومەی هۆڤانەکانی داعشی لێ شین بوو کە بە سووری بەرۆکی کوردیشی گرتوە . جار وباریش لە زاری دیپلۆماتەیەل کورد جە باشوور ئەشنەفین کە پێوەندی ئەوان وەگەرد ئێران مێژوویی یە . ئەمەیچ ، ج بە زانا بوون یان ژی پەی مەرایی باو و درۆزنانە و ئاسایی دیپلۆماتانە بووت ، ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستیەن کە لێرەدا باسی لێوە ئەکرێ .

بلمەینە سەر ماکی باسەکە . پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کو بارزانی گاورە بەو پەڕی لێ زانی و وەستاکاری سیاسیانە کەڵکی لەو دۆخەی پاش کوودەتا وەرگرت و پێش ئەوەی کاتی ئەوەی هەبێت کە هێزی سیاسی ڕەسەن و بەئەمەگی کوردی بە تەواوەتی پێک بهێنێ و ڕیکی بخات ، لەوەی کە بە دەستەوە بوو کاڵکی وەرگرت و پارتی و بزاڤی کوردی لە کۆمنیستان پاک و خاوێن کردەوە و تەنانەت پارتیشی رادەستیان کرد هەتا ئەوانیش سەرەیان هات . بەم کارەش ، بارزانی چرای سووری نیشانی ئەو هێزە دەرەکی و ناوخۆیی یانە دا کە بزاڤی کوردی لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا ، بوار بە گەمەی کمۆنیست بازی و کمۆنیست بازاڕی داشەکانیان نادات . ئەم هەڵوێستە مێژوویی ومەزنەی بارزانی زۆر بە کەمی سرنجی لێکۆڵەر وتوێژەرانی ڕاکێشاوە . لە کاتێکدا کە تازە لە سۆڤیەتستان گەڕابوەوە و هێشتاش نەگەیشتبوە کوردستان و بارزان و هەر وسا ژهەڕەتی گەرمە بازاڕی چەپایەتی و کمۆنیستی و کەف و کوڵی سۆفیلکانەی هۆگرانی کمۆنیزم کە بە هەڵە بارزانی یان بە هەڤالی بەرەکەی خۆیان ئەزانی پێیان وابوو مەلا مستەفا ، مەلای سوورە ، بارزانی وەک بێژی کە ئەزموونی خنکاندی ژ ک ی کورد و کوردستان هەر دوێنێ بووگە ، ئارمانجی پاراستنی پەیکەر و گیانی کوردانەی بزاڤی نەتەوەیی بوو و پێکاشی . بارزانی بزاڤی کوردێنی گەڕاندەوە سەر ڕێچکەی ژ ک بۆ سەردەمی ساڵانی ١٩٥٨ بە دواوە و هەڵپەی کمۆنیستانی پاش ئەوەندە ساڵە ، بەلانی کەمەوە لەباشوور پووچەڵ کردەوە . ئەوەش مسۆگەرە و پێویست بە زۆر شیکردنەوە ناکات کە ئەگەر ئەم هەڵوێستە مێژوویی یەی بارزانی نەبا ئەوە زۆری نەما بوو کە هەمزە ، قاسملوو ئاسا ، نوێژی مردوی لە سەر بزاڤی کوردی دابەبەستا و عوبەیدوڵا و لوقمان و فاخریش لە تەنیشتیەوە .

شیاوی ئاماژە پێ کردنە کە قاسملوو یەک لەوانە بوو کە لە گەڕانەوەی بارزانی دا دۆڕاندی و هۆکەشی دیارە و پاش ئەوەی کە گومانی جاسووسی و هەوال گێڕانەوەی بارزانی لە ڕێگای حزبی شیوعی و کارگێڕانی بالوێزخانەی سۆڤیەت بۆ قاسم ، لە سەری ساخ بوەوە ، شاربەدەرکرا و لە عێراق وەدەرنرا . وەدەرنانی هەمزە لە پارتی هەنگاوێکی کاریگەر بوو بۆ ڕێبازی کوردایەتی لە باشوور . وەدەرنانی قاسملووش لە عێراق هەر هەمان دەوری هەبوو بۆ ڕۆژهەڵات و ڕێگە خوش کردن بوو پەی ئەحمەد توفێق کە لە ژێر سەرکردایەتی کوردا ، شان بە شان و هاوئاقار و هاومەبەست و هاوئارمانج وەگەرد باشوور ، کاروفرمانی کوردایەتی بەڕێوە بەرن . ئەم هەڵوێستەی بارزانی شەقڵ و مۆرکی کوردستانیی بوونی ڕاستەقینەی پێوە دیارە و ئەوەی مەبەستی بوو بۆ باشوور، بۆ ڕۆژهەڵاتیشی دانابوو و کە گەڕاندنەوەی دۆزی کوردی بۆ سەر ڕێچکەی ڕەسەنی کوردانە و هی سەردەمی کۆمەڵەی ژ ک و هیوا لە هەردوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵات بوو . ڕۆژئاواش هێشتا لە دەستی سەرکردایەتی کورد دەرنەچووبوو و باکووریش هیچی لەگەڵدا نەدەکرا لە کاتەدا .

عەبدوڵای حەسەنزادە ( حەیاکی ) و مستەفای هیجری بەتەمان ئەم ڕاستیە مێژوویی یە چەواشە بکەنەوە بەوەی کە وەدەرنانی قاسملوو لە عێراقا تەنیا بە هۆکاری ئەحمەد تۆفێقەوە ببەستنەوە و والە خەڵکی بگۆڕن کە ئەم ڕووداوە فڕی بە بەسەر کمۆنیست و توودەیی بوونی قاسملوو و هەلویست و کردەی مێژوویی بارزانی لەمەڕ ئەو دیاردە دزێوەی دزەکردن و بە لاڕێیدا بردنی بزاڤی کوردی یەوە نیە . لەمەش سەیر و سەمەرەتر و جەفەنگاویی تر ئەوەیە کە ئەو دوو کەسە سەربەدەرەبووەی حزبەکەی قاسملوو، هەڵپەی ئەوەیانە کە هەوڵی سڕینەوەی کمۆنیزم لە بزاڤی کوردی و دوورکەوتنەوە لە توودە و شیوعی لە لایەن تێکڕای سەرکردایەتی کوردستان ، هەر لە کامەران بەدرخانەوە هەتا بارزانی و دواتریش ئەحمەد تۆفێق و هەڤالانی ، کوێر بکەنەوە بە پێچەوانەی ڕاستیی دیار و زەقی مێژوویی ، بە خۆڕایی و بەلاش ، قاسملووی توودەیی بکەنە فشەپاڵەوانی ئەو ئەرکە و یەکیان ساڵی ١٣٣٣- ١٩٥٤ وئەوی تریان ساڵی ١٣٣٥ ــ ١٩٥٦ لۆ قاسملوو دەسنیشان ئەکەن بە مەبەستی دوور کەوتنەوە لە ١٩٥٨ و سەردەمی قاسم و گەڕانەوەی بارزانی و هەڵوێستە مێژوویی یەکەی . ئەمانە یان ئەوەتا لە گوێی گادا نووستوون ئانکو کوردیان پێ پنگە و دخازن کو کوردان بخاپێنن . ئەوەش کە بواری وسا چەواشەکاریی یەکی میژوویی ئەڕای هیجری و حەسەنزادە پێک ئەهێنێ، دۆخی تایبەتی دابڕاویی ڕەوتی کوردێنی ڕۆژهەڵات لە بەشەکانی دیکە و کزی و لاوازی قوول و بەرفرەی پێوەندی مێژویی ــ نەتەوەیی - فەرهەنگی لە ڕۆژهەڵاتە و کە زانیاری مێژوویی لە ڕەوتی کوردایەتی ئەوندە نزم و ڕووکاریی یە کە ڕۆژهەڵاتی کردوە بە ڕەقەن و تاریکستانی کوردێنی و هیژ ژی کمۆنیزمی ڕووسی و چینی تێدا خورت ئەمەشن .

## ئاریشەی بزاڤی کوردێنی

گەلێ پیلان و گەلاڵەی داڕێژراو لەبۆ پەکخستن و لەناو بردنی قاسم و رژیمەکەی لە زۆر لایەنەوە لەوانەش وڵاتانی کەڤنەپەرەستی عارەب و نەیارانی ناسر و ناسری یەکان و تیلی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە گەڕدا بوون کە زۆر پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە نیە . ئەوەی کە ئەبی هەڵوێستەی لە سەر بکرێ ئەوەیە کە رژیمی پاشایەتی قولیزادەی عەجەمان ئۆقرەو حەشەمەتی لێ هەڵ گیرابوو . دەنگۆی

ئەوەش بەهێز بوو کە گوایە بەختیاری سپاسالاری ، ئەوەی بە گوێدا دابێ کە ئەو حوشترە (کوودەتا) ڕۆژێک لە بەر دەرگای ئەویچا یەخ ئەدرێ . ڕژیمی قولیزادە لە هەموو کەلێن و کەلەبەرێکەوە کە هەی بوو ، هەولی خۆی پەی مەبەست و ئارمانجی لێ خستنی قاسم خستبوە گەڕ، چ لە خوارووی عێراق و لە نەجەف و کەربەلا و چ لە ژووروی عێراق و لە کوردستانەوە . ئەم بەشی کوردستانەیە کە جێگەی ڕامانە لە پێوەندی وەگەرد باسەکەماندا . لە بیرم نە ماوە داخوا کێ بوو کە لە زمانی پێلانگیرانی سەرکەوتووی دژی قاسم ئەیگێڕایەوە کە ئەوان بە قەتاری ڕۆژئاوایی یەکان لە کەرکووکەوە گەیشتنە بەغداد . ئەم کەرکووکەش وەک دەربڕینێکی لێڵاویی و تەوساویی سیاسی ، هێمایەک بوو بۆ دەستی ئەو بەشەی کورد لە پیلانەکەدا . ڕاگەیاندنی یاسای دابەش کردنی زەوی لە لایەن ڕژیمەکەی قاسمەوە هۆکارێکی کاریگەر بوو کە بۆ پێکەوەنانی هێزی دژی قاسم و بە تایبەت لە کوردستانا دەوری سەرەکی بینی لە گرد وکۆ کردنی ئاغا و خاوەن زەویەکان کە چینی باڵادەستی ئەوکاتەی کوردستان بوون . نامەی هاندان لە بۆ زۆرێک لە خاوەن زەوییەکان چووبوو لە لایەن سیاسی یە ناودارەکانی ئەو کاتی پارتیەوە . من خۆم چەند دانە لەو نامانەم لە پشدەر و ڕانیە بینی کە تێیاند هانیان دابوون بۆ دژایەتی قاسم و ڕژیمەکەی و پاراستنی بەرژەوەندیان . عەجەمانیش لە ڕێگەی ئەو بەشەی پارتیەوە دەستیان لەو کارەدا هەبوو . عەجەم لەو کاتەدا بنەی لە باشووری کوردستانا داکوتا بوو و سەرهەنگ مودەڕەسی خەڵکی سنە کە ناوی عەلی ماوەتی لە خۆی نابوو و دواتریش پژمان ئەفسەرێکی خوارۆتر لەو و ئەویش هەر سنەیی بە گەرمە هەل ئەسووڕان و پێلانی دەولەتی عەجەمیان بەڕێوە ئەبرد . ئەوەش کە ئەم ئەفسەرە سنەیی یانە هەڵ بژێردرابوون لۆ ئەو ئەرکە جاسووسی و فسۆسی یە ، هەڵ ئەگەڕیتەوە بۆ محەمەدی مەردوخ ، مەلای دانیشتووی سنە کە پیاوێکی سوێندخواردوی بەئەمەگی عەجەم و دەزگا سیخۆڕیەکانیان بوو و سنەی کردبووە مەکۆی جاسووسی و پیلانگێڕان لە دژی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە باشوور و بە ئاشکرا دوژمنایەتێکی کوێرانەی لەگەڵ " مەلا مستەفای بارزانی " هەبوو.

مەردۆخ بە پێچەوانە و لەدژی " شەریعەتی ئیسلام " لە ١٣ ساڵی دا بوو بە پێش نوێژی گشتی سنە و هەرای گەورەی لێ ساز بوو و ئاخرەکەشی بە پاڵەپشتی فەرمانی قاجارەکان ئەو دیاردە نامۆیەیان بە سەر خەڵکی سنەدا داسەپان . مەردۆخ چیرۆکێکی دوور و درێژی تێوەگلان لە گەمەی سیاسی و دەیان و بگرە سەدان پیلانی سیاسی ڕەنگاو ڕەنگ و تەبا و ناتەبا ودژبەر، لەکوردستان و ئێرانا، هەیە و دەیان ڕێکخراوی ڕاست و چەپ هەر لە حزبوڵا بۆ یەکەم جار لە ئێرانا و زۆر پێشتر لە خومەینی ، هەتا سوسیال ڕیۆلۆسیۆنەر و سوسیال ڕیفۆرمیست لە سنە و بۆ مەبەستی سیاسی دیاریکراو، دامەزراند و وەپیان وازی ئەکرد . دیاردەی مەردوخ و دەوری ئەو لە ژیان و ژیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانا بەتایبەت بەشی خواری ڕۆژهەڵات و وەگەرد ئایین یارسان و یارسانیەکان بڕێک قوویلە و هەڵ ئەگەڕیتەوە بۆ باپیرە گاورەی مەردوخ کە لەو ناوەدا گرسایەوە و لە ناو هەورامانا بە گوشایشە کویر شناسینەی و پەیڤێکی سرنج ڕاکیش لە سەر گوشایشە کۆر لەو ناوانەدا باو بوو کە مواچان " قورئان چێشەن ، دوێکە بوو گوشایشە کۆر ئاوەردەش ، حیکمەتۆ پیرشالیار قەدەیمەن " . وەچەی گوشایشە کۆر پشتاوپشت داش دامەی یاری سیاسی داگیرکەرانی کوردستان لەو بەشەی کوردستانا بوون هەتا ئەگاتە محەمەدی مەردوخ و بەوێش کۆتایی نەهات و میراتیەکەی گەیشتە دەس بنەماڵەی موفتی زادە کە زۆر بە گران بە سەریاندا شکایەوە . دیاردەی گوشایشە کۆر و دەوری ئەو بە تایبەت لە مەڕ یارسان و بزاڤی یارسانی کە من بە ڕەوتی گوشایشە کویر لە کوردستانا ئەی ناسم ، پێویستی بە قوول بوونەوە و شرۆڤە کرنا زانستی و مێژوویی هەیە و هیوادارم کە ڕۆژێک بێت کە بیرمەندانی کورد پێی ڕابگەن و وەک پێویست لێی بکۆڵنەوە و بیخەنە بەر باس و بیری تیژ و شیکاری وردبینانە.

دەوری ڕەوتی گوشایشە کۆر لە باشوور چوونە کارگێڕی ساواک و ڕژیمی قولی زادە ، وەک ئاماژەی پێکرا بەربەچاڤ بوو و گەیشتە ئەوەی کە دووبەرەکی لە ناو بزاڤی نەتەوەیی لە باشوور ساز کرد و لایەنی گۆرینی بەغدای سەردەمی گەڕانەوەی بارزانی گەورەی ، لە دژی بارزانی هان دا و کارەساتی دڵتەزێنی ساڵەکانی ٦٠ ی بۆ کورد لێ کەوتەوە و لە مۆڵگەی بەکرەجۆ ئیتر گەیشتە دوا پلەی نزمایاتی خۆی . ئەڵبەت ئەبی پی لە سەر ئەوەش داگرین کە سەری مارەکە لەتاران و رژیمەکەی حەمە ڕەزای قولی زادە و دەزگای سیخۆڕی ساواک بوو و مەردوخیش ئەرکی ڕێکخەری پێلان گەلی ساواکی بە ئەستۆوە بوو . سەرهەنگ مودەڕەسی ، من بزانم شتێکی ئەتۆی لە خۆی و دەوری جاسووسی لە باشوور لە خۆیەوە بەجێ نەهێشتوە و کۆڕەشی مۆدەڕەسی کوڕیشی باسێکی لە باوکیەوە نەکردوە و سەرقاڵی کمۆنیزمە و ئەمەشی لەوانەیە کارێکی باش بێت بۆی پەی خۆدزینەوە لە دەوری باوکی . لێ پژمان دواوە و دوژمنایەتیشی وەگەرد بارزانی ناشارێتەوە و دەق وتەکانی مەردوخ کاوێژ ئەکاتەوە لە سەر بارزانی . ئەمانە ئەو دەستە دەرەکی یە بوون کە شەڕی ناوخۆیی لە کوردستانا سازکرد و ئەم دەستە دزێوە ئێستاش لە کاردایە و گۆڕینی ڕژیمی پاشایەتی بە ئیسلامی شتێکی ئەوتۆی لە کێشەکە کەم نەکردوەتەوە بەلکو بڕێک قوولتریشی کردوەتەوە . لەم دۆخە نوێی یەی ئێستا وەک ئەبینرێ ئیتر عەجەم لە عێراقا دەستی بە تەواوەتی ئاوەڵایە و پێویستی بە عەلی ماوەتی نیە و قاسم سولەیمانی رەها و پەت پساو لە عێراقا تەراتێنیەتی .

## قوول و بەرین بوونەوەی پیلانی دوژمنانی کورد

کوودەتاکەی قاسم لە ڕاستیدا لە بەرژەوەندی کمۆنیستانی عرووس بوو و بەرەی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاواش دۆڕاوی گەمەکە بوون و ململانێی ئەو دوو جەمسەرە زەبەلاحەی ئەودەم لە عێراقا کەوتە ئاستێکی کاراتر و گرژتر . زۆریشی نەخایاند کە ڕۆژئاوا بە لە ناو

بردنی قاسم قەرەبووی شکانەکەی لە عێراق کردەوە . پەلاماری تروریستی سەدام حسەینی بەعسی لە دژی قاسم ئالەوەها دۆخێک و کێ بەرکێی سیاسی لە نێوان بەرەی کمۆنیستی و سەرمایەداری ڕۆژئاوا رووی دا . ئێران و دەوڵەتی پاشایەتی عەجەمان ببوە مەکۆی پیلانی دژە قاسم و بەرەی ڕۆژئاوا لەوێوە کاروباری ڕووخانی قاسمیان بەڕێوە ئەبرد . بیرەوەی و گێرانەوە وبەڵگە سیاسی و دیپلۆماتیەکان هەموویان ئەم ڕاستیە ئەسەلمێنن . لە ناو ئەمانەدا ئەوەکەی پژمان لە گشتیان زەقتر ئاماژە بە دەوری داش دامەکانیان لە باشووری کوردستانا ئەکات .

پاش ئەوەش کە مەبەستی سەرەکی پیلانی ڕۆژئاوا لە لەناو بردنی قاسم و رژیمەکەی بەدی هات ، سۆڤیەت و سیاسەتی پەرەخوازانە و پاوانخوازانەی لە عێراقا تەس درایەوە ، ئەجار سەرەی دەست و پێوەندەکانی مینا حزبی شیوعی هات . جا ئەگەر کمۆنیزم لە عێراق بە تایبەت و لە جیهان بە گشتی کە ببوە مۆتەکەی سەر دڵی ڕۆژئاوا ، ئارمانجی ئەوان بوویێت ئەوە ئێتر لۆ عەجەمان کێشەی کورد و بزاڤی نەتەوەیی و ڕزگاری کوردستان مۆتەکەیێکی دیکە بوو کە بە گرانی نیشبوە سەر دڵیان و لەناو بردن و سەرکوت کردنی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە باشوور ببوە مەبەست و ئارمانجی یەکەم و هەرە لە پێشی عەجەمان . بارزانی و کەسایەتی یە مێژوویی یەکەی و هەڵوێستە مێژوویی یەکەی بەغدا لە سڕینەوەی کمۆنیزم لە بزاڤی کوردی و هەروەها جڤین و هەڤ دیتنا وی بە ناسر ڕا کو دوژمنێد ین هەرە ناسیاگی حەمەڕەزای قولی زادە لە جیهانی عەرەبی دا بوو ، رژیمەکەی قولی زادەی تەنگەتاو کردبوو و تاڵاوی سەردەمی کۆمەڵەی ژ ک و کۆماری مهاباد و شکانی هێزوسپای عەجەمان لە بەرەکانی شەڕەکانی دەروبەری سەقز و شەڕی پاشەکشێ بارزانی یەکان پاش رووخانی کۆمار،  لە مێشک و دەرروونی عەجەمدا ، کە هێشتا قوڵپەی ئەدا ، ئەژیانەوە . ئەوە بوو عەجەم کەوتنە گەڕ لە دژی بزاڤی کوردی و بارزانیشیان کردە یەکەم ئامانجیان . سەرەتا شەڕی سیاسی و ئایدێۆلۆژی دەستی پێکرد و هێرش بۆ سەر بارزانی لە سەر بنەمای هزری چەپانە و کمۆنیستی ڕێکخرا ، کێش ڕێکی خست ، ساواک و مەردووخ و ئێران جوور زانیاری پژمان . سەر ڤێ ڕێچکا بە ڕوالەت چەپانە ، بارزانی هەتا دوێنی سەرۆک و پێشرەوی گشت پەسەند و سەلمێندراو تەنانەت بۆ سەلاحی موهتەدی ، کرا بە سەرۆک هۆز و خێڵ و وادانرابوو کە لە ڕیزی بزاڤی نەتەوەیی وەلا بنرێ و چەپەکان و کمۆنیستان کە لە لایەن عەجەمەوە دەنە ئەدران جێگەی ئەو هێما نەتەوەیی یە بگرنەوە . ئەحمەد توفیق و سلێمانی موعینی و مەلا سەید ڕەشید و وەگەرد هاوڕێ یەل خویان " دیسان بارزانی " یان لەو کاتەدا بڵاو کردەوە و بە شێوازی ئەحمەد توفیقانە داکۆکیان لە بارزانی ئەکرد و بە توندی لە نەیارانی ئەویان ئەدا و ناونیتکەی " سنگ شێر و ماکەر پشت " یان لە نەیارانی بارزانی ئەنا .

بارزانی و شۆڕشی کورد بە گشتی کێش و بواری ئەوەیان نەبوو کە لەگەڵ ئەم ئاریشە قووڵە سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزری یە وەک پێویست هەلس و کەوت بەکەن و چارێک وەک چارەکەی بەغدا لە مەڕ کمۆنیستی عرووسان ، ئەڕای وەبینن . ئەوە لە ڕاستیش ڕاسترە کە تیلی عەجەم و دەزگای سیخوڕی ساواک بە گەرمە و بە سووری لە ئاژاوەی ناوخۆیی باشووری کوردستانا هەبوو ، لێ ئارێشەکە گەلێ لەوە قووڵتر بوو و لە ڕاستی دا دیاردەیەکی مێژوویی – کۆمەڵایەتی – سیاسی سەردەم بوو کە ڕەوتی خەملین و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان لە ژێر نیری داکیرکراویی دا پێکی هێنابوو و هەر ئەم بنەما مێژوویی و ئابووری و کۆمەڵایەتی یە بوو کە دەرەتانی خۆتێهەلقورتاندنی لۆ عەجەمان پێک هێنابوو .

کۆمەڵگای کوردەواریچ هاوشان و هاوئاقار وەگەرد کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پای نیاگە ڕەوتی گەشەکردنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی نوێی سەرمایەداری کە بە هێنانە سەرکاری دەوڵەتۆکە دەسنیاکانی ئیمپریالیزم لە ئیران و عیراق و تورکیە خێراییکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی . کۆمەڵگای کوردەواری ئاڵ و گۆری بنچینەیی و کاریگەری بە سەرا هات و ڕەوتی شارنشینی کەفتە سەر سکەی خۆی و هێدی هێدی شارەکانی کوردستانیش روویان لە گەورەوەبوون و پەرەسەندن نا . لەگەڵ ئەمەش دا هێرشیکی بەربڵاو وهەمە لایەنە کرایە سەر سەرخان و ژێرخانی بیچمی کۆن لە کورستانا . بە شەڕ و سەرکوتکردن و لەناوبردن و فەوتان ، وادانرابوو کە دەرەبەگایەتی ئەبوایە لە کوردستان بە هێزی سەربازی دڕ و هۆڤانانە و بە هەر نرخێک ، دەبا لە ناو چووبا . ئەم دڕی و هۆڤانەتی داگیرکەرانی کورستان ، کوردکەو ماچۆ نە لە خوشەویستی عەلی بەڵکۆ لە بوغزی عومەر بوو. ڤێ سیاسەتا ین هۆڤانی ین داگیرکەر ئەڕای کوێرەوەکردن و دابڕانی کورد لە ڕەگ و ڕەچەڵەکی مێژوویی بوو ئەگینا وان هێزێن دەسنیا و کەڤنەپەرەست چ پەلەیێکیان لە پێشکەفتنی سەرمایەدارانەی کوردستان نەبوو . ئی سیاسەت دەوڵەتە دەسنیاکانی ئیمپریالیزم گشت گیر بوو و لە بەرژەوەندی ئیمپرایالیزمی جیهانی زال بە سەر رۆژئاوا و لە سەر بنەمای توانەوەی نەتەوەیەل ژێر دەستیان ئەمەشی. ڕەزاقولی مەیتەر و مستەفا کەمال دوو وێنەی فرە زەقی ئەم هۆڤانەتیەن و سەیریش لەوەدایە کە تەنانەت ئێستا کە بەڵگە و تۆماری تاوانی ئەو هۆڤانانە دەرکەفتگە ، کەسانێک مینا فریدە خانمی کوهی کەناری ، چوونە کمۆنیست یەلی سەردەمی کۆن ، وەشان و باڵی ڕەزاقولیا تێن و توان ئەو هۆڤان و دز و تاڵانکەری سامانی گەلانە وەک پێشکەفتنخواز ، ژ مە ڕا بدەن ناس کرن .

ئەم ڕەوتی گەشەی ئابووری یە لە ماوەی چەند دەساڵ دا ، ڕوخساری کۆمەڵایەتی کوردەواری گۆڕی و چین و توێژی نوێی کۆمەڵگای کوردەواری بەرە بەرە و گاڤ ب گاڤ سەریان هەڵدا . ڕەوتەکە لە هەموو جیهانا فرمانێکی سروشتی و ئاسایی مێژوویی بوو لێ جە کوردستانا ئەم ڕەوتە لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکاری دوژمنان و نەیارانی کوردا ئەمەشی . هۆکاری داگیرکراوی کوردستان بوە هۆی ئەوە کە ئەم ڕەوتە بە مەبەست لە لایەن گەڵاڵەداڕێژەرانی داگیرکەری کوردستانەوە بەرەو شوێنێکی لە پێشدا دیاریکراو و ئاقارێکی لە دەرەوە بۆ دیاریکراودا ، بڕوات . ئەم ڕەوتە مێژوویی یە خۆی لە خۆی دا ژان و ئازاری زایین و لە دایک بوونی بیچمی نوێی سەرمایەداری چەوسێنەر و پارەپەرەست و سووخۆری ، بە سروشت لەگەڵ دا بوو . ئەگەر ژانی سک وما بۆ ئەم ڕەوتە جە ڕێچکا ین سروشتێن خوە ژ کۆمەڵگهێن ئازاد و سەربەست (گەر مرۆڤ بکاربێ تشتەک وسا بینێتە بەر هزر و چاڤا خۆە)

شتێکی سروشتی و چاوەڕانکراو بووبێت ، ئەوە لە کورستانی ژێر دەست و دیلی داگیرکراویی ، مامانی مەبەست گڵاو و قرێژی داگیرکەر بە پلان و پیلانی و بەرنامەی بە مەبەست ، ژانی لە دایک بوونی بیچمی نوێی سەرمایەداری لە کورستانا ، کردە دەرد و ئازارێکی بەرفرە و قوویل و بەرهەمەکشی کردە زوڕیەتک ، سەرمایەداری کوردستان ، ین سەقەت و خواروخێچ و ناسروشتی کە هەر لە سەرەتای لەدایک بوونیەوە هەتا ئیرۆ ژی بووگەسە مایەی سەرئێشە و مەینەتی ئەرای کۆمەڵگای کوردستان ، چوونە داڵکی.

دیاردەی مێژوویی گەشەی سەرمایەداری و گۆڕانی بیچمی کۆمەڵایەتی لە دەرەبەگایەتی یەوە سی سەرمایەداری و ئاسەوارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و چینایەتی یەکەی بە شێوەیەکی فرە ڕووکاریی و نازانستیانە و بەدوور لە تێگەیشتنی مێژوویی لە لایەن مائۆ و مائۆئیستەکان وەک دژبەریی شار و ڵادی لیک درایەوە و بوو بە یەکێک لە بنچینەکانی مائۆئیزم و هەر لە چینەوە هەتا سلێمانی خۆن ، کارەسات یەل فرە گاوەری وەلێ کەفتەوە . دژایەتی شار و شار نشینان ، بورژوا و وردکە بورژوا و کرێکاران و سەرجەم توێژە لاوەکیەکان وەک بەرهەمی شارنشینی و ئابووری سەرمایەداری شاری ، لە گەل ڵادێ و گوندنشینان دەبا خۆی لە بواری ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەلایەتی دا ببینێتەوە . لە کوردستانا ڕەوتی شار و فەرهەنگی سیاسی شاری و هۆگرانی ئەوەندە نەخملی بوون کە بکاربن ئایدیۆلۆژی تایبەتی خۆیان بەدی بهێنن و گۆر داهێنانا خوە لەم بوارەدا بمەشن . لە جیاتی ئەمە شتە چاوەڕانکراوە لە هەر کۆمەڵگایەک کو بشێت ناوی کۆمەڵگای لێ بنرێت ، ئایدیۆلۆژی مائوئیستی لە مەر شار و ڵادێ بە چەشنێکی هەرە بەربەچاڤ جێگەی خۆی لە کورستانا کردەوە . بەم پێیە دژایەتی سار و لادێ بە گوێرەی بیرۆکەی مائۆ و مائۆئیزم ، لە کوردستانا زەق کرایەوە و بە کردەوە کەوتە مەیدانی ململانێی سیاسی ناو هیزە سیاسیەکانی کوردستان . بارزانی بە نوێنەری لادێ و دانرا و شاریەکانیش ئەرکی دژبەری لادێیان لۆ خۆیان دیاری کرد . هۆی ئەم کارەش یەکەم لە سروشتی مائۆئیزم و دووهەمیش لە بەکار هێنانی مائۆئیزم لە لایەن سەرمایەداری جیهانی یەوە بوو. مائۆئیزم وەک نوێنەری کمۆنیزم لە خواورووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کە جیاواز بوو لە کمۆنیستی رۆژئاوایی عرووسان ، سەری هەڵدا . بنەچەی کمۆنیزمی ئەو ناوە (ئاسیا ) ها لە ناو کمۆنیزمی فەرانسە و ژمارەیەکی بەرچاوی کمونیستە ئاسیایی یەکان وەک هۆشی مینە ، ئەندام و هەڵسووڕاوی حزبی کمۆنیستی فەرانسە بوون وئەمەش لە ئیستعمار و ئیمپریالیزمی فەرانسەیی لەو دەڤەرەوە سەرچاوە ئەگرێت . کمۆنیستی ئاسیایی و بە تایبەت چینی و مائۆئیزم لە ئاکامدا لە کمۆنیزمی جیهانی لە ژێر سەرکردایەتی ڕووسەکان دابڕا و ڕێچکەی تایبەتی خۆی گرتەبەر ، جا ئەگەر بە فیتی کمۆنیستی ئاورووپا بووبیت و کمۆنیستی فەرانسەی لە پشت بووبێت یان نا ، شتێکی ئەوتۆ لە باسکەی ئێمە ناگۆڕێ .

شەق بردنی جیهانی کمۆنیزمی جیهانی و هەڵوێستی سەیر و سەمەرەی مائو لە مەر ئیمپریالیزم و پاکانەی تێئۆریکی و سیاسی و مێژوویی لۆ هاوکاری و هاوسەنگەری خۆی و هۆگرانی تەڤ ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی ژهەمبەر ئیپریالیزمی ڕووسی ، گەزۆی خێر وبێر بوو ڕژایە بەردەستی ڕۆژئاوایی یەل . ڕۆژئاوا و بیچمی ئابووری سەرمایەداری ئازاد و پت پساو و دەسکەوتە زانستی و تێکنۆلۆژیایی یەکانیان لە هەردوو بواری بەرهەم هێنان و سەربازی دا ، لە پێش کمۆنیزمی ڕووسی یەوە بوو و لەم بوارانەدا بۆڕیان دابوو . لێ هزری کمۆنیستی بەتایبەت پاش شەری جیهانی دووهەم و بەتایبەتی تریش لە دەرەوەی ئاورووپا بە سەر ڕۆژئاوادا زاڵ بوو. مەکۆی ڕۆژهەڵاتناسیی مسکۆ ئەوەندی لە سەردانرابوو و ئەوەندە نرخ و بایەخی پێدرابوو کە کورد گوتەنی نانی ڕۆژهەڵاتناسیی باوی ڕۆژئاوایی ، مینا ئەمرازێکی سیاسی ، بڕیبوو . ئەم ناهاوسەنگی قورسایی نرخی هزری و بیرۆکەی سیاسی و ئادیۆلۆژیکی یە لۆ ماوەیەکی باش بە زیانی ڕۆژئاوا شکایەوە و لە ئاستی جیهانی دا گرفت و سەرئێشەی فرەی لۆنایەوە. مسر و سووریە و قاسمی عیراق و ژمارەیەک لە وڵاتانی ئافریقایی و ژمارەیەکی هێگجار زۆر لە حزبە کمۆنیستە سەر بە ڕووسەکان (ڕووسۆفیل Russophile) ئاریشەی سوور و قووڵی ڕۆژ ئاوا بوون . مائۆئیزمی دابڕاو و دژبەری کمۆنیستی جیهانی ، دەق ئەو شتە بوو کە دهاوار و هانای ڕۆژئاوایی یەکانەوە هات و زۆر بەگەرمە بە خێریان هێنا و دەکاریان هێنا . دام و دەزگای تایبەتیان بۆ مەبەستی بەکارهێنانی مائۆئیزم لە ئاستی جیهانی لە بە ناو جیهانی سێهەمەکەی مائۆدا پێک هێنا و خەڵکی تایبەت و پسپۆری ئەم بوارەیان پێ گەیاند . فرێد هالیدەی (Frederick Halliday) یەک لەو کەسانە بوو کە لەم پێوەندی یەدا ناوی زەق بوەوە و دەورێکی بەرچاوی بینی لە گەشەپێدان و ڕێکخستنی کمۆنیستی چینی لە ئێران و کوردستان دا.

بیرۆکەی کمۆنیستی و چەپایەتی بابەتە ڕووسی لە کوردستانیش دا تەشەنەی کردبوو و هەر لە قۆناخی سەرتایی یەوە بۆە هۆی گرفت و سەرئێشە بۆ کوردان و بۆڵشەڤیک یەل سلێمانی لە سەردەمی شێخ مەحموودا کە لە دژی بزاڤی کوردی ئەجووڵانەوە ، ئاکامی ئەو ڕەوتە لەو دەمەدا بوو . جە شەڕی جیهانی دووهەمێش ئەم دیاردە زۆر زەقتر بوەوە لە کوردستان و بە هۆی دەوری سۆڤیەت لە تێکشکانی نازی و باڵا دەستی سپای سوور لە شەڕەکەدا ، سۆڤیەت و سۆڤیەتستان و ستالین بووە ڕووگەی بەشی زۆری توێژی خوێندەواری تازەپێگەیشتووی کوردستان . مام هەژاریش دەودەمدا بڕێکی باشی بە سەریاندا هەڵگوتوە . کمۆنیستی سۆڤیەتی هەر بەناو بوو بە ئایدیۆلۆژی سەر ڕووتی شاری ، وەک ناویان نرابوو ، چەندەش ئەوانە لە ماک و ناوەرۆکی کمۆنیزم تێگەیشتبوون بەلایانەوە گرینگ نەبوو و هەر ئەوەندە بوو کە تێکەڵ زۆر و بۆر و باوی سەردەم بن . ئەم خەڵکە شاری یە ئەوە بوون کە پێشتر باسی چۆنیەتی سەرهەلدانیان و گرسانیان وەک توێژی کۆمەڵایەتی کرا ، بەرهەمی ڕەوتی توانەوە و قاڵ بوون لە ناو جەرگەی نەتەوەی باڵادەست بوون و بە خێرای و بە ئاسانی ڕاکێشرانە ژێر چەتری کمۆنیستی ڕواڵەتی و سەرزارەکی و کەسایەتی سەرلێشێواو و بێ بنەما و دابڕاو لە ڕەچەڵەکی مێژوویی خۆیان لە تراویلکەی جیهانی کمۆنیستی دا بینیوە . لۆ ئەم بابەتە خەڵکە ئیتر بیر و هزری کوردانەی کۆمەڵەی ژ ک و دۆزی کوردستان و کورد وەک نەتەوەیەکی کەون ئارا باوی نەمابوو و لە دەرەوەی مێژووی سەردەمیان ئەبینی و هەر بۆیەش کۆمەڵەی ژ ک یان لە سەرخواست و ویستی ئاغا کمۆنیستەکانیان بە شانازیەوە لە ناو برد و هەتا ئێستاش شانازی بەو کاریانەوە ئەکەن .

کمۆنیزمی ڕووسی بە تەواوەتی دزەی کردە ناو بزاڤی کوردێنی و چوونی بارزانی بۆ سۆڤیەتیش پاش ڕووخانی کۆماری مهاباد ، کرا بە ئامراز و هۆیەکارێک لۆ ئەو مەبەستە و باشیش تێیدا سەرکەوتن . پەتای کمۆنیزمی ڕووسی لە کوردستانێش بێجگە لە نەهامەتی و ماڵ وێرانی و شەق کردنی بزاڤی کوردی و دوورخستنەوەی لە ڕێبازە مێژوویی یەکەی بەرهەمێکی بۆ کورد نەبوو. دەیان ساڵ پاشکۆیەتی سۆفیەت و مەرایی کردن لۆ سۆڤیەت و قوربانی کردنی هەموو بەرژەوەندی نەتەوەیی لە پێناوی ڕووس و لە ژێر ئاڵا و ناوی خاپێنەری کمۆنیزمی جیهان و ئینترناسیۆنالیزمی درۆزنانە و چەواشەکارانە ، نرخ و بایەخی کمۆنیزمی ڕووسی دابەزاندبوو . ئەم دابەزینەش ببوە هۆی ئەوە کە کۆمنیزمی ڕووسی ئیتر کێشێ ڕاکێشانی پێشووی نەمابوو ئەڕای جیلی نوێی کۆمەڵگا کە لەساڵانی ٦٠ ی سەدەی ڕابردوودا جێگەی پێشینانیان گرتبوەوە و خۆشیان لە سەر هەمان ڕێچکەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی گۆرین سەریان هەڵ دابوو و بە ژمارە فرە لەوان زیاتر و بە تەمەنیش گەنجتر بوون . ڕخنە و زۆر جاریش جەفەنگ و هێرش بۆ سەر کمۆنیستی ڕووسی نەک تەنیا لە ڕوانگەی بەرژەوەندی نەتەوەیی یەوە بەڵکو لە ڕوانگەی هزری کمۆنیستیشەوە بە تایبەت پاش کۆنگرە ناو زڕاوەکەی بیستەمی حزبی کمۆنیستی سۆڤەتستان ، هەر زوو چەکەری بەست و باو بوو. ئەم تایبەتمەندیە سیاسی و ئایدێۆلۆژیکی یەی سەرەتای ساڵانی ٦٠ ەکانی سەدەی ڕابردوو لە ئاستی جیهانیدا بواری بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی مائۆئیزم خۆش کرد .

لە کوردستانیش دۆخەکە لەوەکەی ئاستی جیهانی بەدەر نەبوو. جیاوازی کوردستان بەتایبەت بەشی باشوور وەگەرد وڵات گەل تر ئەوەبوو کە لەوێدا بزاڤ و تەڤگەری ڕزگاری نەتەوەیی سەری هەڵدابوو و ڕووبەڕووی دوژمن و نەیارانی ناوخۆیی و دەرەکی وەستابوو . لەم سۆنگەوە دەوری مائۆئیزم لە کوردستانا هەر بە خەباتی ئایدێۆلۆژیکی کمۆنیزمی ڕووسی و چینی نەوەستا وەک وڵاتانی تر ، بەڵکو بوو  یان باشتر واسە بوشین کە کریاگە ئایدێۆلۆژی سیاسی  و پێوەری کردە و ئاکاری سیاسی جیلی تازە پێگەیشتووی ئەو ساڵانە کە بە گەرمە و لە نزیکەوە ئاوێتەی بزاڤەکە بوون و لە ئاقار و ڕێبازێک ئەگەڕان بۆ ئەوەی دەوری خۆیان وەک خۆیان هەستیان پێ ئەکرد ، بگێڕن .

## بەکرەجۆ ، مەکۆی ساواک و مائۆئیزم

مائۆئیزم هاوئاقار و هاوکاری ستراتیژیکی ئمپریالیزمی سەرمایەداری ڕۆژئاوا وەک دیارەدەیەکی مێژوویی یانەی سەردەم  ژ ئالیەک کرا بە ئایدێۆلۆژی جێی پەسەند و وەرگیراوی توێژی خوێندەواری کورد بە تایبەت لە باشوور کە پێشتر عەجەم دزەی تێکردبوون و مینا داش دامە و دەسکەڵای سیاسی لە تێکڕای عیراقا بە کاری ئەهێنان . ئالێ د دەن ژی ئەڤ بوو کو تیلی دەس تێوەردان و خۆ تێ هەڵقورتانی عەجەمان لە باشوور لەو کاتە بە دواوە شەقڵ و مۆرکی کمۆنیستی چینی یانەی بە خۆەوە گرت . هۆکارێیکی دیکەی سەیر و سەمەری سیاسی لەم ئاقارەوە و لەو دەم وساتەدا ئەوە بوو کە کمۆنیستی چینی عەجەمان کە لە ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئاورووپا چەکەرەی کردبوو و ڕێکخرابوو، لە سەر هەمان ڕێبازی هاوبەشی مائۆئیزم و ئیمپریالیزم ، ئاویتەی بزاڤی کوردی بوو و ئەو چێشتە مجێوەرە سیاسی یە لە بەکرەجۆ یەکانگیر بوون و شەڕی بزاڤی نەتەوەیی کوردیان ئەکرد .

ستراتیژی بارزانی و شۆڕشی کورد لە هەمبەر دەستی عەجەمان لە بزاڤی کوردی باشوور کە بە ناوی " مەکتەبی سیاسی پارتی " کاریان ئەکرد ، هەر زوو خۆیا بوو و بڕیاری بڕینی ئەو دەستەی دا و تێیشیدا تا ڕادەیەک سەرکەوت و هۆگرانی عەجەمی ئاودیوی ئێران کردەوە . ژ بۆ کێمتر کردنەوەی مەترسی عەجەم لە ڕێگای ئەوانەوە ، بارزانی ڕێگای گەڕانەوەی پێ دان و پآشان ئەوانیش ڕاستەوخۆ چوونە ڕیزی ڕژیمی عێراقی و شەڕی پێشمەرگەیان کرد . ئا لێرەدایە کە چێشتە مجێوەری بەکرەجۆ پێک دێت و تێکەڵەیەکی ناتەبا و نەگونجاو لە عارەب و عەجەم و دەزگای سیخوڕیەکانیان و کمۆنیستی چینی کورد و عەجەم و عەرەب لە سەر ستراتیژی دوژمنکاری کورد و کوردستان یەک ئەگرن و بە کردەوە شەڕی کورد ئەکەن . ئەم یەکانگیریی یە ناپیرۆزە بەرینتر لە ئاستی ناوچەیی و قووڵتر لە ناتەبایی و نامۆیی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکانی کوردستان بە یەکتر ، بوو . نیشانە و مۆرکی ئەم قوول بوونەوەش لە کەسایەتی فرێد هالیدەی بە ڕەچەڵەک ئیرلەندی و بە پێشە کارگێری ئینگلیزیان و دەوری ئەو لە ساز کردن و ڕێکخستنی کمۆنیستی چینی لە ئێیران و ناوچەکە ، بە کوردستانیشەوە ، دەرئەکەوێت . ئەوەی فرێد هاڵیدەی وەک نوێنەری ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی و مائۆئیزم بە گشتی مەبەست و ئارمانج یان بوو ئەوە بوو کە بواری بزاڤی نەتەوەیی کورد و جووڵانی بەرین و قووڵی سیاسی - کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە لۆ بەربەرەکانێی کمۆنیستی ڕووسی و سۆڤیەت . ئەوەی کە لە بەکرەجۆی سلێمانی پێکەوە نرابوو ، لە ڕاستیدا شەقڵی مێژوویی سەردەمی جیهانی خۆی واتە بەربەرەکانێی سۆڤیەتی کمۆنیست و ڕۆژئاوای سەرمایەداری ،  بە زەقترین شێوە بوو . شەڕ ، شەڕی ڕۆژئاوا و ئیمۆیالیزمی ڕەش بوو لە دژی سۆڤیەت و ئیمپریالیزمی سوور وەک مائۆ ناوی ئەهێنا . ئایدێۆلۆژیش ، مائۆئیزم و ڕێکخەر و کارئاسان کەریش سەرمایەداری جیهانی و دەست و پێوەندە ناوچەیی یەکانی . کوردیش قوربانی ئەو بەزمە گڵاو و قرێژە جیهانی یە و بارزانی و شۆڕشی کوردیش ئامانج و مەبەستی ڕواڵەتی کوورەی ئاگری گەشێنراوەی چەواشەکاری بیر و  هزری کمۆنیستانە و چەلەحانە کمۆنیستی چینی و ڕووسی .

شۆڕشی کورد لە ژێر سەرکردایەتی بارزانی نەو پێلانەی لە ئاستی ناوچەییدا پووچەڵ کردەوە و وزە و کێشی سیاسی و پێشمەرگانەی کورد لە ئاستێکدا بوو کە لە ١٩٧٠ دا بە دەرچوونی پەیامی ١١ ئازار، کۆتایی بەو بەزمە ناشیرین و ماڵ وێرانکەرە هێنا . ڕژیمی

عەجەمان و عارەبان لەوە تێگەیشتن کە بۆ شکاندنی شۆڕشی کورد پێویستیان بە پێلانێکی گەورەتر و کارامەتر و لەئاستی زۆر باڵاتردا هەیە . پەیمانە نگریس و قرێژەکەی ئەلجەزائیر و تەڤ بوونا زڵ هێزێن جیهانی بە یاریکەرانی ناوچەیی ، ئەو هۆکارە بوو کە نەکسە و شکانی تووش شۆڕشی کورد و بارزانی کرد .

لایەنێکی دیکەی دیاردەی بەکرەجۆ ئەوە بوو کە ڕێکخەران و بگێڕانی ئەو بەزمە هەوڵی ئەوشیان دا کە مەودای شەڕەکە بەرینتر بکەنەوە و بیگەێننە ئاستی هەموو کوردستان . ڕۆژئاوا و باکوور و ڕۆژهەڵات گلانە ناو ئەو ملمڵانێ و شەق بوونی بەرەی کوردایەتی دەستی پێکرد و ئایدێۆلۆژی کمۆنیستیش قوولی کردەوە . لە ڕۆژئاوی کوردستان کە هێشتا ڕەوتی کوردی ڕەسەن و ڕاستەقینە بە بوونی مالباتی بەدرخانیان و ماله حاجۆ و ناودارانی کورد لەو بەشە هێژ زیندو و کارا بوو، ڕەوتی بەکرەجۆ زۆری پێ نەکرا . باکووریش لە ژێر نیری کەمالیزمی فاشیستی تورکیەدا تاسابوو و برستی لێ بڕابوو و کەمالیزم و دام ودەزگای داپڵۆسێنەری ، تەنانەت بواری ئەوەیان بە کورد نەئەدا کە بە ئاڤاکی بەرفرە تەڤ شەڕی ناوخۆیی کورد بن ، با لە بەرژەوەندی خۆیشیاندا بێت ، لێ ئەژمارەک هەندەک ژ مائۆئیستێن ڤێ پارێد کوردستان ژ هەمبەر کمۆنیستێن ڕووسی خۆ ئاوێتنە ڤێ شەڕێ و کارەسات ئافراندن . دوو هۆکار ، دیاردەی بەکرەجۆیان لە ڕۆژهەڵات هێگجار زەقتر کردەوە لە چاو باکوور و ڕۆژئاوا . یەکەمیان ئەوە بوو کە بەشی هەرە زۆری  چالاک و هەڵسووڕی کوردی ڕۆژهەڵات بە هەموو ئاقارێکی سیاسی و ئایدێۆلۆژیکی یەوە لە باشوور حەوابوونەوە و لەوێ ئەژیان و چالاکی یان تێکەڵ بوو وەگەرد چالاکی باشووریان ، چەپ وەگەرد چەپ و ڕاست وەگەرد ڕاست . هۆکاری دووهەمیش ڕژیمی پاشایەتی قولی زادە و ساواک و فسۆس و سیخۆڕەکانی بوون کە وەک ئاماژەی پێکرا لە پاش کوودەتای قاسم لە ١٩٥٨ بە دواوە بە گەرمە هەڵسووڕ و داسووڕیان بوو و لە نانەوەی ئاژاوەی دووبەرەکی و شەق کردنی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە باشوور دەوری یەکەمیان بینی .

سەرکردایەتی کورد و دۆخی پاش ١٩٥٨ی عیراق بە گشتی و باشوور بە تایبەت ، دەرەتانی ساخکردنەوە و سازبوونەوەی ئەڕای کوردیەل ڕۆژهەلات ڕەخساند و ئەو بەشەی کە ئەحمەد تۆفیق سەرکردایەتی ئەکرد گەیاندیانە کۆنگرەی دووی حزب لە ١٩٦٢ و هێندێک خاڵی سەرکەوتینی دەستەبەر کرد لەم بوارەدا . لێ ئەم بەشە کە پاڵەپشتی سەرکردایەوتی وشۆڕشێ کورد و بارزانیشی دەگەڵ دا بوو نەی توانی هانگاوی سوور و کاریگەر هەڵ بێنێتەوە و هەر لە کۆنگرەی دوودا تۆی دووبەرەکی و شکانی خۆی چاند بەوەی کە سەرەرای دژبەری بە ڕواڵەت توندیان لە بەرانبەر تووده و توودەیی یەکان و بە تایبەت هی ئەحمەد تۆفێق ، غەنی بلووریان و عەزیزی یوسفی و سارم خانی سادق وەزیری ، هەر سێ توودەیی ناسراو و زانراو ، تەنانەت لە بەشدارنەبوونی ڕاستەوخۆی خۆیانا ، وەک سەرکردایەتی حزبی دێمۆکرات هەڵبژێردران . سدیقی هەنجیریش هەر وەتر هەڵبژێردرا . ئەمەش ئەوە دەرئەخات کە رکەبەری و رقەبەری ئەحمەد تۆفێق وەگەرد توودەیی یەل وەک قاسملوو کێشەیەکی کەسایەتی و بەڕێوەبەرایەتی مەیدانی بوو . کوردەکەۆ ماچۆ ، هەلبژاردنی توودەیی زیندانی و دوورەدەست زەرەر ئەڕای پەزیەل نەیری ئەگینا ناکری توودەیی یە چالاکەکان وینەی قاسملوو و سەراجی و حسامی لە حزب دەربکرێن و ناچالاکەکان بەرز بکرێنەوە . سەرباری ئەمەش ئەحمەد تۆفێق لە سەردانی کامەران بەدرخان لە فەرانسە تەڤ ژۆرژ مارشە (Georges Marchais) ی سەرۆکی حزبی کمۆنیستی فەرانسە هەڤدیتن ئەکاتن کە نیشانێکی تری دوو فاقی و لاوازی و کزی هەڵوێستی ئەحمەدە لە مەر کمۆنیزم بوو لەوڕا کو ئارمانجا ڤێ سەردان بە تەنێ کامەران بەدرخان بوو و هەڵ ئەگەڕیتەوە بۆ سیاسەت و شێوازی سەرکردایەتی کورد کە بارزانی کەسانی سەربەدەرەوە و چالاکی کوردستانی دەشاندە نک میر کامەران و جەلال تالەبانی و ئەحمەد تۆفێق دوو ژ وان کەسان بوون .

کوردی ڕۆژهەڵات بە گشتی کێشی ئەوەی نەبوو لەو سەردەمەدا بە ئاریشە مێژوویی یەکانی ڕابگات و هەنگاوێکی بەربەچاڤ لۆ چار کردنیان باوێ و ئەحمەد تۆفێقیش نەک هەر هیچی پێ نەکرا بەڵکو ئاریشە و کێشەی ناوخۆیی و بیر و هزری ڕەوتی کوردێنی ڕۆژهەڵاتی قوویل تەرتەر کردەوەوە . حزبی دێمۆکرات شەق و پەق کرا ، بەشی توودەیی یەکەی پەڕیوەی هەندەران و ئاورووپا بوو و بەشی کۆنگرەی دوویش شەقی برد و سلێمانی مۆعینی لە بەکرەجۆ گرسایەوە و پاشماوەکەشی لە ژێر گوشاری ساواک و شۆڕش و بارزانی پەرت وبڵاو بوون و ژمارەیەکیش گیانیان لە دەس دا کە وەک بارزانی نک مەلا سەید ڕەشید و مەلا عەوڵای مەلا عوسمان لە سەروبەندی پێکەوەنانی کۆمیەتەی بەڕێوەبەرایەتی حزبی دێمۆکرات لە ١٩٧٣ باسی کردبوو و پێی لێ نابوو، بوو بە پەڕۆ وپەڵەیەکی شین بە ناوشانی شۆڕشی کورد و بارزانیشەوە . ئەم دۆخە دڵتەزێنەر و تاسێنەرە بەرهەمی سروشت و کێشی ڕێکخراوێکی سیاسی لە بنەچە و بنەمای کوردێنی ترازاوی وەک حزبی دێمۆکرات بوو کە پاش سەربڕینی کۆمەڵەی ژ ک سەری هەڵدابوو. سەرەڕای هۆکارە ناوخۆیی یەکانی حزب ، ئەوە لە ڕاستیدا سەرکەوتنی دوژمنانی کورد بوو کە چارەنووسی ڕەوتی کوردایەتیان گەیاندە ئەو ئاستە پەرت و بلاویی و بێ کارامەیی یە . تیلی ڕژیمی عەجەمان چ ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆ لەو کارەساتەی کوردی ڕۆژهەڵات ئاشکرایە . ئەگەر بێژین کە عەجەم ودەزگای سیخوڕی ساواک دەوری یەکەمیان لە نانەوەی بەزمی بەکرەجۆ هەبوو ، زۆر لە ڕووی ڕاستی ڕووداوەکان دوور ناکەوێنەوە . جا بە وەها دەور و پێگەیەک لە باشوور ئیتر دەوری عەجەم لە تێکدانی حزبی دێمۆکرات خۆیا ئەبێتن و داوتریش هێندێک ڕوونکاری لە مەڕ ئەم بابەتە ئەهێرینە گۆڕێ .

ئەو پەڕۆ و پەڵە شینەی بارزانی ئاماژەی پێکردبوو ، ئاکامی تێوەگلانی بەشێکی بەرچاوی کوردی ڕۆژهەڵات لە شەڕی ناوخۆی باشوور و بەزمەکەی بەکرەجۆ بوو کە گەیشتە کارەساتی ١٣٤٦ -١٣٤٧ی ڕۆژهەڵات و قوول و بەرین بوونەوەی دووبەرەکی کوردان . ئەم کارەساتەش هەر بە گیان لەدەس دانی ژمارەیەک کوردی تێکۆشەر نەبڕایەوە بەڵکو بوو بە بنەمایەک لۆ کوڵانەوەی برینێن ین ڕەش و کوور جە ساڵانی دوایی و هەتا ئێستاش نەبڕاوەتەوە . وێڕای دوژمنایەتی و شەڕکردنی بزاڤی نەتەوەیی کورد و شەق کردنی، کمۆنیزمی چینی لە ژێر چاوەدێری سەرمایەداری ڕۆژئاوا و بەشداری ڕاستەوخۆی کەسانیک وەک فرێد هالیدەی و

دام و دەزگا بە ڕواڵەت ئاکادیمایی لێکۆڵینیەوە و شرۆڤە کردن ، ئەیانەویست هەلی بزاڤی نەتەوەیی کورد بقوزنەوە بۆ ئەوەی هاوتا و جێگرێک ئەڕای حزبی کمۆنیستی ڕووسی توودەیی لە ئێرانا کە لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە نرخ و گرینگێکی تایبەتی هەبوو لە هاوکەشەنی سۆڤیەتدا ، ساز بکەن . ئالەم ستراتیژیی یەدا کمۆنیزمی چینی و ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی و ڕژیمی قولیزادە هاوڕا و هاو دەنگ و هاو بەش بوون و بەکرەجۆش هێمای ئەم هاوهاوەیان بوو. پەیمانی ١١ ی ئازار ئەو ستراتیژیی یەی پووچەڵ کردەوە و لە باری برد و خەونی ساز کردنی حزبی کمۆنیستی چینیانەی لە گۆ برد هەتا ساڵانی دوایی هەمان یاریکەرانی گۆرین لە بەکرەجۆ ئەو ئاواتەیان لە مێشکەپەی سەردەشت لە ڕۆژهەڵات هێنایە دی لە سەر کەوڵی کورد و بزووتنەوە نەتەوەیی یە ڕزگاریخوازانەکەی و بە کارەساتێکی مێژوویی سەردەمێ نوێی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵات بە تایبەتی شکایەوە .

## ماکی کارەساتە مێژوویی یەکە

ڕەوتی گەشەی سەرمایەداری و دیاردەی شارنشینی لە کوردستانا بە هەل ومەرجی داگیرکراویی و بەتایبەتی لە ژێر سیاسەتی نوێی توانەوەی قەوارە و پەیکەری نەتەوەیی کورد ، درێژەی هەبوو و کاری کردە سەر سەرخان وژێرخانی کۆمەڵگای کوردەواری . چین و توێژە کۆمەلایەتی یە نوێ کان پتر خەملین هەم لە ڕوانگەی ژمارەوە و هەم لە ڕوانگەی پلە و جێگە وڕیگەی کۆمەڵایەتی یەوە. ئەم چین و توێژە نوێیەش دیارە کە بیر و هزری تایبەتی خۆی هەبوو کە وەک ئاماژەی پێکرا ، دابڕاو لە ڕەوتی مێژوویی کۆمەڵگای کوردەواری چەکەرەی و گەشەی کرد . باڵکێش ئەڤە کو ئەو هێزە پێناسەی نەتەوەیی یەکەی هێگجار کز و بێ ڕەنگ بوو – گەر وای دانێن کە هەر هەی بووە لە بنەڕەتدا - و خۆی لە دەرەوەی بازنەی دۆزی کوردا ئەبینیەوە . لە سەر بنەمای ئاوەها چەندایەتی و چۆنایەتییێک ، ئەم هێزە تازەبابەتە ، دەوری سیاسی خۆی بە گرێدراویی و پاشکۆیی لەگەڵ هێزە سیاسی یەکانی نەتەوەی سەردەست و داگیرکەری کوردستانا گێڕا . لە ڕاستی دا ئەبینرێ کە دەوری ئەم هێزە لە ڕووداوە گرینگ و مێژوویی یەکانا لە بەرژەوەندی کورد و دۆزە نەتەوەیی یەکەیدا نەبووە و هەر زۆر با سانایی لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان و هزر وئایدێۆلۆژی یە ڕەنگاوڕەنگەکانیانەوە دەسخرۆ کراون و لۆ بەربەرەکانێی کورد و کوردستان بەکار هێنراون . لە ڕۆژهەڵات ئەزموونی کۆمەڵەی ژ ک و سازکردنی حزبی دێمۆکرات و درێژەی ئەو ئەزموونە هەتا نووکە ژی بە تێرو تەسەلی بەدەستەوەیە و سەرباری دەردە مێژوویی یەکەی و پەتای بەکرەجۆ و کمۆنیستی چینی ، ئەوەتا پەتاکەی باکووریشی هاتوەتە سەر لەم دوایانەدا . لە باشوور ئەم ئەزموونە گەیشتە ئاستی کارەساتی بەکرەجۆ و شەڕی ناوخۆیی دوور ودرێژ و خوێناوی و ماڵ وێرانکەر ئەرای کوردیەل . لە باکووری تاساوی ژێر چەپۆکی ڕەشی کەمالیزم ، دیسان ئەم ئەزموونە بە کارەسات بە سەرکوردا شکایەوە و دوا ئاستیشی ئەوەیە کە پ ک ک ای هەڵقولاوی ئەو دۆخە ، ئێستا وازی لە دۆزی کورد هێناوە بە تەواوەتی و کورد بە شیاوی ئەوە نازانن کە خاوەنی سەروەری نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی بێت و هەر ڕۆژەش بیرۆکەیێکی دانسقە و سەیر و سەمەری بۆ دائەتاشن . پەتای باکوور لە ژێر کاریگەری و دەس تێوەردانی ڕاستەوخۆی بەعسی سووری و سیاسەتی عارەباندنی کورد و کوردستان ، ڕۆژئاواشی تەنیەوە و دایگرت و ئاکامەکەشی کزی دۆزی کورد و سەرلێ شیواویی و گەمەی کانتۆن بازی پ ک ک لە ڕۆژئاوا و ئاڵۆزی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەنووکەیی ڤێدەرە و ئەمەش سەرەڕای ئەو ڕاستی یەیە کە ڕۆژئاوا بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ مەکۆی کوردایەتی و ڕۆشنبیریی و فەرهەنگیی گشت کورستان لە ئاستێکی هەرە بەرز و باش دا بوو.

ئەو هۆکارە کاریگەرە کە ئاوەها ئاریشە و کێشەی مێژوویی قوول ژ کورد ڕا پێک ئانی یە ، نەبوونی ئامراز و کەرەستەی پەروەردە کردن و پێگەیاندنی جیلی نوێی کورد لە لایەن کوردەوە بۆ خۆیەتی . کورد ژ دەما تیاچوونی ئەمارەتە نیمچە دەسەڵاتدارییەکانیەوە پێڕا ، کوردەکەۆ ماچۆ وەک پەزی بێ شوانی لێ هات . هەر دەڤەر ئو ئالی یەک بن دەسەڵات و فەرهەنگ و چاند وداب و نەریتی باوی هۆز و خێلایەتی و هەر دەو چوارچیوەدا بواری خۆ پاراستنی چوونە کورد ، ئەڕایان مایەوە . ئەم تایبەتمەندیەش هۆکاری ئەو فرە ڕەنگی و فرە ئاقاریی و فرە چەشنی شێوە ژیان و چاندی کوردی یە کە ئیرۆ ژی تێتە بینین . ئەمەش خاڵێکی سرنج ڕاکێشە کە بیرمەندی کورد و شرۆڤەکاری مێژوویی ئەشێ پەی ناسین و ناساندنی دەوری ئەمارەتە کوردیەکان لە سەری کار بکەن . ئەو بارودۆخەش درێژەی هەبوو هەتا سەردەمی نوێ و سەرهەڵدانی سەرمایەداری ئیمپریالیستی و ساز کردنی دیاردەی دەوڵەت – نەتەوەی دەسنیای ئیمپریالیستی و دەسپێکی توانەتەوەی کورد لە ناو نەتەوە سەردەستەکاندا . لێرە بە دواوە بەرەبەرە ئەو هۆکارە خۆجێی و خێلەکیانەش کەوتنە بەر شاڵاوی توند و بە مەبەست گەڵاڵە کراوی داگیر کەرانی وەک ڕەزا قولی و مستەفا کەماڵ . سەرمایەداری لە کوردستانا ئالەم هەل و مەرجە و لە ژێر مامانی زڕدایکی مەبەست گڵاوی داگیرکەرانی کوردستانا بە سەقەتی و خوار و خێچی لە دایک بوو . بەرهەمی مرۆڤیی و کۆمەڵایەتی سرمایەداری بە سک وما سەقەتی کوردستانیش بە خڕی لەبەردەستی دوژمنانی داگیرکەردا بوون جا ئیتر ئەبی چاوەڕانی چی لێ بکرێ لۆ کوردان .

دەستەواژەی پەروەردە – ئەندازیاری کۆمەڵایەتی (social engineering) کە لەوانیە بکرێ بە گۆج یان گۆش کردن ئانکو فرچکدان یش وەربگێرێتەوە – داهێنان و دروسکراوی نوێی سەردەمی سۆڤیەتستان و کمۆنیستەکانە و وەک ئامرازێک بۆ پێگەیاندن و بارهێنان و پەروەدەکردنی جیلی نوێی کمۆنیستی جیهانی دکار هێنرا . ئەم ئامرازە پێش کمۆنیستان و پاش ئەوانیش بە خەستی و چڕی لۆ هەمان مەبەست بەکار هاتووە . جوولەکە یەکەمن لەم بوارەدا و بە گوێرەی نووسراوەکەیان ( تەورات ) موسا یەکەم ئەندازیاری کۆمەڵایەتی بووە کە جوولەکەی بەرەو چۆڵەوانی ڕادا و بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ ڕایگرتن هەتا جیلی کۆن سەریان نایەوە و

جیلی نوێش لە ژێر بەرێوبەرایەتی ئەودا پێگەێندران . جوولەکە ، لەو کاتەوە هەتا ئێستا بەرهەمی ئەو داهێنانەی موسا ئەچنەوە بە چاک و خراپەیەوە . نموونەی جوولەکە و زۆرێکیتر لە مێژووی مرۆڤایەتی دا ، دەوری گاریگەر و چارەنوس ساز و بڕیاردەری دیاردەی گۆش کردنی جیلی نوێ بە شیرو پێخۆری جیلی کۆن یان هەر داهێنانێکی نوێوە وەک ئەوەکەی موسا و کمۆنیستان ، دەرئەخات . کورد لە مێژووی نوێی خۆی دا لەم ئامرازە بە تەواوەتی بێ بەش کرا و ڤێ کامایەسی بەمەشەوە نەوەستا بەڵکو ئەم ئامرازە کەوتە دەست داگیرکارانی دوژمنی . بەشێک لە شەڕی کورد لە دژی داگیرکەرانی کوردستان کەوتە ئەم بوارەوە و بوو بە شەڕی داب و نەریتی کۆن و خێڵەکی و هۆزایەتی پەرت و بڵاو و ڕەنگاورەنگی کورد لە دژی ئەندازیارانی تەیار بە کەرەستەی نوی و کارامە و پشت بەستوو بە هێزی سیاسی و ئابووری و سەربازی و داپڵۆسینی نەیارانی کورد . شەڕەکە هەتا بێژی شەڕێکی نابەرابەر و ناهاوتا بوو و هەموو شتێک لە بەرژەوەندی دوژمن و کوردیچ لە ڕاستیدا دەستی لە ئامرازی کارامە و بە بڕشتی نوی بەتاڵ بوو . بەرهەمیش ، دابڕانی جیلی کۆن و نوێ لە یەکتر و خولڤاندنی نامۆیی و ناتەبایی بە مەبەست لە نێوان ئەودوو جیلە وتێئۆریەکەشی سازوئامادەکراو لە ڕۆژئاواوە و ئازاریش ، مایەوە بۆ دایک و باوکان کە ڕۆڵەی خۆیان لێ نەبان کرابوو و ئەم دەردە دەروونیەش بووە سەرباری دەرد وئازاری زوڵم لێکراوی نەتەوەیی و چینایەتی . کورد بە گشتی تووشی ئەم بابەتە ئازارە دەروونی یە بوو و کاری کردە سەر ژیانی و پێویستی بە سارێژ کردنێکی قوول و وەستایانە هەیە چ لە بواری مرۆڤی و چ لە بواری کۆمەڵایەتی و چ لە بواری سیاسی و هزری یەوە .

ئارمانجی ئەندازیارانی گۆش کردن و پێگەویاندنی کۆمەڵایەتی لە کوردستان وەک سەرجەم شوێنەکانی تری جیهانی مرۆڤایەتی ، چاوبەس و ئاژەڵەکانی سەردەمی ئیستعمار و داگیرکاریشی لەگەل دابێ ، توانەوەی کورد و سڕینەوەی ئاسەواری نەتەوەیی کورد بووگە . ئەم ڕەوتە دژە مرۆڤە لە باکوور لەوپەڕی توند و تیژی و مل هۆڕی کەمالیستی دا بەڕیوە چوو وبە تێکشکانی یەک لە دوای یەکی بزاڤ و کاردانەوەکانی کوردیش ، تەنانەت بڕستی ژیانی ئاسایی لە مرۆڤی کورد بڕی . لە ڕۆژهەڵاتیش ڕەزاقولی هەمان شێوازی هاوتا تورکەکەی ڕەچاو کرد بەڵام کاردانەوەی کورد و شۆڕشی سمکۆ و ڕاپەڕینە ناوچەیی کان وەک ئەوەی مەلا خەلیل و ئەمەر پاشا هەتا خانانی کانی سانان و جافان و قەدەم خێر وپیوەندی دانەبراوی باشوور و ڕۆژهەڵات لەو کاتەدا ، تا ڕادەیەکی بەرچاو بەری بە هۆڤانەتی ڕەزا قولی مەیتەر گرت . دۆخەکە لە باشوور گەلی باشتر بوو لە چاو باکوور و ڕۆژهەڵات . شۆڕشی شیخ مەحموود لە پێش هەموو هۆکارێکی ترەوە ، هەر وەها شۆشی بارزان تا ڕادەیەکی کاریگەر بەریان بە ڕەوتی توانەوەی کوردی باشوور گرت و داش دامەی ئیستعمار و ئیمپریالیزم لە باشووە نەی توانی پەت پساو و هەوسارپچڕاو لەوێ دا تەراتێن بکات وەک ئەوەی لە باکوور و ڕۆژهەڵاتا بۆیان ئەلوا. هەرئەم تایبەتمەندی یەی باشوور بوە هۆی ئەوە کە کورد بکاربن کوردێنی خۆیان زۆر باشتر بپارێزن لە چاو بەشەکانی تری کوردستان . ئەلبەت ئەم خۆپارێزیەش بە زۆری لە چارچێڤا داب و نەریتی خێلایەتیدا بوار و دەرەتانی هەبوو و شار وشارنشینان و گەشەی سەرمایەداریە سەقەتەکە بە ئاقارێکی دیکە ئەڕۆیشتن .

## قەتیس مانی ڕەوتی کوردێنی

ئاکام و بەرهەمی ئەندازیارانی گۆش کردن و توانەوەی کورد ئیڕۆ ئاستەنگ و ئاریشەی هەرە گرینگی ژین و ژیاری کوردەواری یە . ئێمە پێشتر باسی ئەم کێشەمان کردوە و دەستەواژەی پاشاخۆڕی داگیرکراویی مان بۆ داناوە . پاشاخۆڕی داگیرکراویی کوردستان وەک بەرهەمی ڕەوتی دەیان ساڵەی سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە کوردستان و کار و کردەی دژە کوردی داگیرکەران ، کۆسپی سووری سەر ڕێگای پێشکەوتن و خەملینی کۆمەڵگای کوردەواری لە سەدەی ٢١ دایە . لەوەتی باشووری کوردستان لە ژێر ڕکیفی عارەبی بەعسی ڕزگاری بووە ، کورد لەو بەشەی نیشتمانەکەمان ، گەر بە نیوە چڵیش بێت ، بووگەسە خاوەنی ئامرازی پێویست ئەڕای دەس پێکردنی پێگەیاندن و گۆش کردنی کۆمەڵایەتی کوردانە و سەردەمیانە . لێ درێژەی دوو کەرت بوونی بزاڤی کوردی لەوێندەرێ ئەو دەرەتانەی لە کورد بڕیوە کە یەک دەست و یەک مەبەست بە وەها ئەرکێکی مێژوویی یەوە ڕابگەن . شەق بردن و دووکەرتیەکەی بەکرەجۆ تەنیا بە بواری سیاسی و ئابووری یەوە نەوەستاوە بەڵکو سامان و کەلەپووری نەتەوەیی شی دوو کەرت کردووە و ئەو گرفتەی کە وەک دیاردەی حزبایەتی لە باشوور باسی لێوە ئەکرێت زۆر لە ئاستی سیاسی و حزبایەتی قووڵترە و لەوانەیە کە ئەگەر بێژین تان و پۆی ژیانی کوردی تەنیوەتەوە ، زۆر لە ڕاستی دوور نەکەوینەوە . کورد لە باشوورا نیوەی کاتەکەی موساشی تێپەڕاندوە کەچی ڕەوتی پەروەدە و پێگەیاندن و ژیانەوەی گیانی کوردانە ئەوەندی بەرهەم نەبووە کە وەک هۆکارێک لۆ خەمەلینی دۆزی کورد دەور ببینێ . پسپۆڕان و بیرمەندانی سەردەمی نوێی کورد هێشتا وەک پێویست بە شرۆڤە کردنی کێشەی پاشاخۆڕی داگیرکراویی یەوە خەرێک نەبوون و چارێکی کاریگەریان لۆ نەبینیوەتەوە .

لە هەل و مەرجێکا کە دۆزی کورد لە ئاستی جیهانی و لە باری مێژووییەوە دەنگ و ڕەنگێکی زۆر باش و ئەرێنی داوەتەوە و بوار پەی فرەتەرتەر بەرەو پێشەوە چوونی بزاڤی ڕزگاری نەتەوەیی کورد خۆش تەرتەر بووگە ، ڕەوتی توانەوە و بە لاڕیدا بردنی کورد لە لایەن دوژمنانی کۆنی و نوێ یەوە درێژە هەیە و هێشتا کورد نەی توانیوە ئەو ڕەوتە بە تەواوەتی بەربەست بکات و ڕەوتەکەی خۆی بخاتە سەر ڕێچکەی خەملین و مەشین . وەک باسکرا ئەم ئەرکە مێژوویی یە نها سەر ملێ باشوورە و ئەوانیچ ئەو هەمکە گرفتەیان هەس . لە ڕۆژهەڵات ڕژیمی عەجەمان بە ئایدێۆلۆژی ئیسلامی شێعەگەری سەفەوییانە بە چوارناڵە دەئاژوون لە ئاقاری توانەوەی کورد و بزاڤی کوردیش لەورە لە ژێر کارتێکردنی کمۆنیستی ڕووسی و چینی ئەوقەرە تاسیاگە کە نەکارێ

دژکردەوەیەکی لەبار و گونجاوەی ژ هەمبەردا هەبێتن . ژ باکوور دە ژی ، پ ک ک لەم دوایانەدا داویەتی پاڵ ڕەوتی توانەوەی کورد کو نووکە ژئالێد ئیسلامیێن ترک مینا درێژەدەر و میراتگری کەمالیزم ڕێوە دەچێت . واز هێنانی پ ک ک لە دۆزی کورد چوونە نەتەوەیەکی کەۆن ئارا و بەلاوەنانی داخازی سەروەری نەتەوەیی کورد ، چی دی ئەرکی پێگەیاندنی تاک و کۆمەڵی کورد بە گیانی نەتەوەیی کوردانە ، نەبەتنێ ژ وان ڕا ناهێلێت بەلکی دژی ستراتیژی " نە دەوڵەت - نەتەوە " ین پ ک ک تێت نرخاندن. پ ک ک ڤێ ڕامان و بۆچوون و ئاکارەی خۆی بە سەر ڕۆژئادا ژی داسەپاندوە . خاڵی باڵکێش لەم پێوەندی یەدا ئەوەیە کە پ ک ک بواری ئەوەی بە فراوانی و ڕەهایی هەبوو کە ژ ئاورووپا ئەرکی پێگەیاندنی مرۆڤی سەردەمیانەی کورد بەڕێوە ببات و بە دوور لە کاریگەریی و ئاسەواری کەمالیزم و لە ئەوەندە کوردە زۆرەی لە ئاورووپادا ئەژیان ، سامانێکی مرۆڤی بە هێز پەی دواڕۆژی کورد پەروەدە بکات و ئەوەی کە کامەران بەدرخان لە ئاستێکی بەرتەسکدا بۆ کوردی کرد ، ئەمان لە ئاستێکی گەلێک بەرفرەتردا بەدی بهێنن . لێ هزری کامەران بەدرخان لە کوێ و بیرۆکەی سەقەتی کمۆنیستی و سەرچڵانەی پ ک ک کە تازە بەتازە و لەم دوایانەدا ئۆجالان بۆخۆی باسی چەفت و چەوێلیەکەی ئەکاتن ، لە کوێ . شیاوی ئاماژە پێکردنە کە قاسملوو یەکێک لەوانەیە کە بە هۆی موسا ئەنتەرەوە ( ئاپێ موسا ) ئەنێردێتە پاریس بۆ لای میر کامەران بەدرخان و بواری خوێندنی لۆ ئەڕەخسێنن . هەتا ئاپێ موسا لە بیرەوەریەکانیدا ئەم باسەی نەکرد کەس بەم چیرۆکەی نەئەزانی و قاسملووش ئەوەندە ئەمەگی نەبوو کە لە هیچ شوێنێکا و لە هیچ بۆنەیەکدا باسی بکات و ماکی هەست و لێزانی میر کەمەران و ئاپێ موسا ژ کورد را خویا بکات و کوردان لەوە ئاگادار بن کە کورد پێش ئەوەی مەزاجی کوردانەی ( وەک گۆران ئێژێ ) تێک بچێت بە چ ئاڤا کار و فرمانێت خۆ ین کوردێنی مەشاندنە .

کورد لەم سەردەمەی ئێستادا ئیتر ئەوەندە هەڵی داوە لە باری چەندایەتی و چۆنایەتی یەوە کە بووە بە خاوەنی هیزێکی پڕ کێشی سیاسی و کۆمەڵایەتی کارامە و گەنج و خوێندەوار . سەرەڕای بوونی پاشاخۆڕی داگیرکراویی و ئاسەوارە نەرێنیەکانی وەک هۆکاری ناوخۆیی ، بوار و دەرەتانی ئەوە لۆ کوردیەل هاتگەسە پێشەوە کە بە سووری و چڕ و پڕی کار پەی ڕێکخستن و سازدانی ئەم کێشە گەورە و مێژوویی یەی خۆی بکات . کێش و وزەکە ئەوەتا هەیە و لە بەرچاوە ، ئەڵبەت بە پەرت و بڵاوی و تا ڕادەیەک سەرلێ شیواوی و هەر تاقم و کۆمەڵێکی بەرەو ئاقاری جیاواز و تەنانەت دژ بەیەکیش دەئاژوێن . ئەرکەکە ، ئەرکێکی مێژوویی و ژیاریی ژیانی ئیستای کوردەواریە و پێدڤی بە سەرجەم کارامەیی و لێهاتووی و چازانی و پسپۆڕی تێکڕای کورد بە خڕی هەیە و هیچ تاقم و دەستە و کۆڕ و کۆمەڵێک بە تەنێ و بە تەنیا باڵی ، نەکارێ ڤێ ئەرک جێ بە جی بکاتن بە مسۆگەریەوە. بەڕێوە بردنی ئەم ئەرکە و سەرخستنی ، پێویستی بە تێگەیشتنی ڕاست ودروست لە مێژوو و مێژینەی ئاریشە و کەمایەسی کۆمەڵگای کوردەواری هەیە . لە دۆخی ئێشتای شەڕی نیشتمانی کوردستانا کە گیانی نەتەوەیی و نیشتمانیی تێیدا بەرز بووەتەوە و کورد بە گشتی هەتا ڕادەیەکی بەربەچاڤ یەکانگیر بووگن ، گرینگی پێ ڕاگەیشتن بەم ئەرکە چەند قات ئەبێتەوە.

ئەرکی سەرکردایەتی کورد لە باشوور ، لە سۆنگەی دۆخی تایبەتی خۆیان لە چاو بەشەکانی تر، فرە گرانتر و گرینگترە لۆ بە ڕێک و پێکی و سەردەمیانە ڕێکخستنی کێشی مێژوویی ئیستای کورد و کوردستان . ئێستا ئیتر کورد لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی یەوە گەیشتوەتە ئەو ئاستەی کە بتوانی هێز و کێشی کۆن و نوێی خۆی بە باشترین و گونجاوترین و لە بارترین شێوە یەک بخات و کوردستانی ئێستاش ئەوەندە هەڵی داوە ، لە ڕوانگەی مێژوویی یەوە ، کە بواری هەڵسوورانی هەموو بابەتە هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەر لەڕاستی ڕاستەوە هەتا چەپی چەپ ، سەرکەوتوانە و یەکانگیرانە دابین بکات . وەک ئەبینرێ و هەستی پێ ئەکرێ ، کوردستان ئێستا لە ئاقاری سەربەخۆیی یەوە هەنگاو هەڵ ئەگرێ . تێکۆشان پەی سەربەخۆیی کوردستانیش تاپۆ و پاوانی هیچ لایەنێک نیە و وەک ئەرک گشت گیرە و هی هەموو تاکێکی کوردە لە هەموو چین و توێژێک .

ژ هەمبەر ڤێ بار ودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی یەی کوردستانا ، پ ک ک دەق بە پێچەوانەی پێداویستی مێژوویی کوردستانەوە دەئاژوێ . ئەوەی پ ک ک تازەبەتازە پێی گەیشتووە لە مەڕ مژاری دەوڵەت – نەتەوە و گەمەی کانتۆن بازی نەک هەر وەرامی خواست و پێدەڤی ین دیرۆکی نینە بەڵکو ڕاست لە دژی ئەو ڕەوتەیە و فرەتر لەوەی کە مینا کاردانەوەی هێزێکی شۆڕشگێری نەتەوەیی و نیشتمانی شۆڕشگێر و پێشکەتنخاز بێت لۆ پێداویستی مێژوویی کۆمەڵگای کوردەواری ، وەکی سیاسەت و کاردانەوەی دەسەڵاتدارانی تورک لۆ بەربەست کردن و بە لاڕێدا بردنی ڕەوتی ڕوو لە گەشەی بزاڤی کوردی خویا دکاتن . هەڵوێستی دژە مێژووییانەی پ ک ک لەم سەردەمە زراڤ و ناسکەدا بووگەسە هەوێنی لێک ترازانی ستراتیژی هاوبەشی کورد و شەق بڕدنی کێشی سیاسی و نەتەوایەتی کورد . پ ک ک هەر بەوەش ناوەستی کە هزری خۆی لە مەڕ کێشەی کورد دەربڕی بەڵکو دخازێ کو بە زۆرێ زۆرداری و بە تۆپزی و بە شێووازی نادێمۆکراتیکانە "خۆ سەری دێمۆکراتیک " ( شار – دەوڵەت )ی هەزاران ساڵ کۆنی سەردەمی سوومەریەکان بە سەر خەڵکی کوردستانا بە گشتی داسەپێنێ . پ ک ک زۆر چاک ئاگای لە مێژینەی دووبەرەکی و شەق بردنی هێزە سیاسی یەکانی کوردستانە و بە مەبەست ئەو کێشەیە ئەقوزێتەوە و ئەی ژێنێتەوە لۆ ئارمانجی ناکوردانەی و دژە مێژوویی یەکەی کە تەنیا لە بەرژەوەندی دوژمنان و نەیارانی کوردە و بەس .

بزاڤی نەتەوەیی کورد ئیسە لە هەل و مەرجێک دایە کە لە لایەک شەڕی هۆڤانەکانی عەرەبی - ئیسلامی داعشی تووش بووە و بەشێکی زۆری کێشی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی پێوە خەریکە و لە لایەکی دیکەشەوە دەسەڵاتدارانی داگیرکەر هەموو هەوڵ و هەڵپەیەکان یەک ئەخەن ئەڕای پەک خستنی ڕەوتی روو لە گەشەی کوردێنی . ئاریشە و کەموکووڕی ناوخۆیی و پاشاخۆڕی داگیرکراویی هێژ چەق بەستوو و ئاسەواری دووبەرەکی ماڵ وێرانکەری ڕابردوویش سەرباری دەردانە و کۆسپ لە دوای کۆسپ ئەخەنە سەر ڕێگای بزاڤی کوردێنی .

## کمۆنیزم مرد ، کوردە گاوانی تۆ خۆش !

پێش ئەوەی کە میکائیل گۆرباچۆڤ وردە وردە و گۆڕ گەڵالەی گلاسنۆس ( Glasnost - کراوەیی و ڕوونی ) و پرستۆریکا (Perestroika - نۆژەن کردنەوە ) کمۆنیزم بن کەن بکا و پاشانیش بنج و بناوانی بە ئاوا بدات ، کمۆنیزم بۆ خۆی لە نرخ و بایەخ کەوتبوو و قولی ڕەش و چەرمووی لە بواری مێژوو و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا دەرکەوتبوو . کارنامەی دوور و درێژی کمۆنیستی ڕووسی لە ئاستی جیهانی دا ، تراویلکەی جیهانی بە دوور لە ستەمی چینایەتی و نەتەوەیی کمۆنیستیانەی بەتاڵ کردبوەوە . بەوەندە کەم کردنەوەی تەوژمی دڕ و نامرۆڤانەی دەسەڵاتدارانی کمۆنیستان کە گۆرباچۆڤ ڕێکی خست ، دیکتاتۆری پرولیتاریا و کەف و کوڵی ئایدێۆلۆژیکی کمۆنیستانە بەرگەی نەگرت و کمۆنیزم هەرەسی هێنا . ڕیگان و تارچر، ڕووخانی ئیمپراتوری ئەهریمەنی کمۆنیستیان بە دەسکەوتی خۆیان دانا . لێ گەر لەو جۆرە سات وسەودا سیاسیانەی سەرمایەداری ڕۆژئاوا گەرێین ، ئەوە تەپینی کۆمنیزم لە پێش هەموو کەسێکدا بە قازانج و بەرژەوەندی چینی کریکار و ڕەنجدەر و گەلانی بن دەستا شکایە . چاخ و سەردەمی خاپاندنی زەحمەتکێشان لە لایەن کمۆنیستانەوە کە زۆربەی هەرە زۆریان ، ئەگەر نەبێژین هەموویان ، لە چینی سەروو و دەڵەمەندی کۆمەڵگا بوون و فڕیان بە چینی کریکارەوە نەبوو ، کۆتایی هات لە ڕوانگەی مێژوویی یەوە . ئەم خاڵی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی مێژوویی یە بۆ ڕۆژئاوا لە ڕووخانی دیواری بەرلین و تەپینی یەک لە دوای یەکی ڕژیمە کمۆنیستی یەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاورووپا و کۆتایی هاتن بە شەری ساردی سۆڤیەت و ڕۆژئاوا ، لە مێژوودا تۆمار کراوە .

کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی هەر خێرا ئۆغری خێر و شەڕیان بە سەر کمۆنیزمی دەسکرد و سازکراوی خۆیانا چڕی و دەوری کمۆنیزم لە ژیان و ژیاریانا کوێرەوە بوو . لێ لە دەرەوەی ئاورووپا چیرۆکەی کمۆنیزم و کمۆنیستان بوو بە چیرۆکی دەورێش خەمەی کوردان . دەورێش ڕۆژیکیان لە خەو ڕاستەوە بوو و بە خەڵکی گوت کە دوێنێ شەوێ جەنابی شێخی پیری خۆی دیتوە کە بە ئاسمانا فڕیوە ، خەڵکەکە لێیان کردە هەرا و بەڵام دەورێش هەر سوور بوو لە سەر پەیڤی خۆی هەتا خەڵکەکە بە ناچاری پەنایان بردە بەر شێخ و شێخیش گاڵتەی بە دەورێشە داماوەکە کرد و بەرپەرچی دایەوە . خەڵکەکە چوونەوە لای دەورێش پێان گوت کە ئەوەتا شێخ بۆ خۆی ئێژی نەفڕیوم . دەورێشیش بێ سێ و دوو پێی گوتن کە شێخ گووی خوارد من بۆ خۆم دیومە . کمۆنیستانی گراوی تراویلکەی خاپێنەری یەکسانی و سوسیالیزم دەق وەک مام دەورێشی خۆن ، ترۆبوون و تەپین کۆشکەڵانی کمۆنیستیان پێ قووت نەئەدرا و لە سەرشۆپی کۆن ئەمەشیان وەک بێژی کە تەنانەت لەم فرمانەشدا ئەبی لە پاش ڕۆژئاواوە بن .

لە کوردستانا دوو بابەتە ڕووسی و چینی یەکەی کمۆنیزم دوو کاردانەوەی جیاوازیان لێ کەوتەوە لە هەڵسەنگاندنی ئەو گۆڕانکاری یە مێژوویی یەی داڕمانی کمۆنیزم . بەشی ڕووسی یەکەی هێدی هێدی پاش تێ پەڕاندنی دەورەی دەورێش خەمە ، خۆی لە کمۆنیزم دزیەوە و بە خەستی بای داوە سەر دۆزی نەتەوەیی کورد . ئەم نۆکوردانە ، وەک نۆ موسڵمانەکان ، ڕووگەی سۆڤیەتیان لێ ڕووخابوو و پێشینە و مێژینەشیان ئەوەندەی پێوە نەبوو کە وەک هێزیکی نوێی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان لە کوردستانا ڕێک بخەنەوە . سەرەڕای برێک هەڵەشەیی کاتی لە مەڕ دۆزی نەتەوەیی کورد ، کەوتنە پەراوێزی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانەوە و پووکانەوە . لە باشوور و ڕۆژهەڵات بوارێک ئەڕای کمۆنیزمی ڕووسی کۆن نەما و ئەوانەی چەق بەستووی کمۆنیزمی ڕووسی بوون هانایان بردە بەر پ ک ک و درێژەیان بە ئاکاری کمۆنیستانەی پێشوویان دا و پ ک ک اش ئەو هەلەی قوزتەوە بۆ مەبەستی دیاریکراوی خۆی لە رکەبەری و رقەبەری هێزە نیشتمانی و نەتەوەیی یەکانی کوردستان .

بەڵام لە باکوور دۆخەکە جیاواز بوو . پ ک ک هەڵگری کمۆنیزمی ڕووسی هەڵی دابوو لە کاتی هەرەس هێنانی سۆڤیەتدا . پ ک ک بە پاراستنی ئاکاری کمۆنیستی پێشوی درێژەی بە کاری دا لێ ئەوانیش بەربەرە خۆیان لە ئایدێۆلۆژی کمۆنیستی دزیەوە . داڕمانی سۆڤیەت و ئەو برە هەڵدانەی پ ک ک ، وای لێ کردن کە خۆیان بە هۆکاری پڕکردنەوەی جێگەی بەتاڵی سۆڤیەت ببینن و لەم ئاقارەوە بمەشن و بزاڤی نەتەوەیی کوردیش بۆ ئەو ئارمانجە دەکار بهێنن . هەتا گەرمەی بازاری بیرۆکەی خاپێنەری کمۆنیستی بوو ئەوە سوسیالیزم و دروشمی کمۆنیستانە ، شەقڵ و مۆرکی ئاشکرای پ ک ک بوو و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیش بواری ئەو کارەیان بوو. پاش هەرەسی کمونیزمی ڕووسیش کەوتنە خۆیان کە شوێنی بەتاڵی ئایدێۆلۆژی کمۆنیستی پڕ بکەنەوە و هەتا ئێستاس بەو بەزمەوە خەریکن و گەیاندویانەتە بیرۆکی " نە دەوڵەت – نەتەوە " لە ناو جەرگەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردا کە خۆی لە خۆی دا دژی جووڵانەوەیەکە کە پ ک ک خۆی تێوە گلاندوە . ئەگەر هەتا دوێنی و بە بوونی سەردەستی و باڵادەستی کمۆنیزمی ڕووسی یەوە ، پ ک ک بزاڤی نەتەوەیی کوردی لۆ مەبەست و ئارمانجی سوسیالیزم و چینی کریکاری نەتەوەی سەردەست بەکار ئەهێنا ، نووکە بزاڤی نەتەوەیی لە دژی ستراتیژی بزاڤی نەتەوەیی بەکار تێنێ بۆ دابین کردنی بیچمێکی هەرە کۆنی چەند هەزار ساڵەی سۆمەریەکان ، دەوڵەت - شار . قەیرانی هزری و ڕیکخراوەیی پ ک ک لەوەوە سەرچاوە ئەگری کە هێشتا نەیان توانیوە و لە کێشیاندا نەبووە کە کاردانەوەیەکی بابەتیانەیان لە مەڕ هەرەس هێنانی کمۆنیزمی جیهانیدا هەبێت .

بەشە چینی یەکەی کمۆنیزم ئەو ڕووداوی هەرەس هێنانی سۆڤیەتیان بە سەرکەوتنی خۆیان و تیئۆریەکەیان دائەنا کە کمۆنیزمی ڕووسیان هەر لە بن ڕا بە کمۆنیزم نەئەزانی . ئەم بەشە پێشتر خۆی لە کمۆنیزمی چینی و مائۆئیزم دابڕاندبوو لە بەر ئەوەی کە تیئۆری ئاوەکی و ساویلکانەی مائۆ ئیتر لەوە دەرچوو بوو کە خەڵکی برێک شارەزا لە سیاسەت و مێژوو ، خۆیان پێوە خەریک بکەن و هاوپەیمانیی ستراتیژیکی مائۆئیزم و ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی لە بواری کردەوە دا ئەوەندە خۆیا ببوو کە ئیتر کاڵای شۆڕشگێری بە بەریا نەئەکرا و پێی نە ئەشیا . ئەوەندەی کە ئاسەواری کمۆنیستی چینی لە کوردستانا ، بە تایبەت بەشی ڕۆژهەڵاتدا،

مابوو کەوتە بەر پەلاماری بە مەبەست گەڵاڵە کراوی بیرۆکەی دژە پۆپۆلیزم پەی ڕێ خوش کردن ئەڕای کمۆنیزمی کرێکاری کە لە ڕۆژئاوا چەکەرەی کردبو و سازکرابوو. مائۆئیستەکانی کوردستان کە بنەچەیان و ڕەچەڵەکیان لە بەکرەجۆی گورین پێکەوە نرابوو، تووشی قەیرانێکی دیکە هاتن لە ڕۆژهەڵات و ئەویش تەپینی کمۆنیستی چینی ، کە بە هێلی سێهەم لە ئێرانا ئەناسران ، لە بەرانبەر رژیمی ئیسلامی ئیرانا بوو. مێژووی ئەم کمۆنیستانە دوو پات بووەوە . کۆنەکانیان لە بەکرەجۆ لە ژێر ڕیبەرایەتی کۆرەشی لاشایی دایانە پاڵ ساواک و ڕژیمەکەی قولیزادە . ئەمانەی نوێشیان دایانە پاڵ خومەینی و ڕژیمە ئیسلامیەکەی . پێرەوانی هێلی سێهەم هەر لە سەروبەندی ڕاپەڕینی ئیرانا و ڕووخانی ڕژیمەکەی قولیزادە و لە شەوی کوشت و بڕی خەڵکی تارانا ( مەیدانی ژاڵە) بینیان کە چینی یەکان کارەساتیان بۆ ئەوان خۆلقاند و دیپلۆماسی نەزۆک و نەزانانەی چینی یەکان وەگەرد قولیزادە لەو دەمە ناسکەدا و هەڵقوڕانی خواردەنەوە بە شاباشی قولیزادە و ڕژیمەکەی ، بناغەی تێئۆریکی ئەمانی هەڵتەکاند . هەرەس هێنانی کمۆنیزمی چینی لە کاتێکدا بوو کە هێشتا کمۆنیزمی ڕووسی لە برەودا بوو و بۆ ڕۆژئاوا نەئەکرا و نەدەبا بێ رکابەر بمێنێتەوە . ئەوە بوو کە هۆگرانی کمۆنیزمی چینی بایان داوە سەر دەقە کۆنەکانی کمۆنیزم وەک سەلەفیەکانی ئیمڕۆی ئیسلام . لە ئاورووپای ژێر دەسەڵاتی پاشایەتی دا باو بوو و باوە کە پاشایان ئەمرێ و یەکێکی تر لە جێگە دائەنێن ئێژن " پاشا مرد ، بژی پاشا " ، مەبەستیان پاشای کۆن و نوێ یە . هەر لەم پێکی یە کمۆنیزمی چینی مرد ، بژی کمۆنیزمی کرێکاری ، هاتە ئاراوە کە سازکراوی ئەو ناوەندە ئاکادیمیانەی ڕۆژئاوا بوو کە فرێد هالیدەی سەرپەرەشتی ئەکردن و ڕەوتەکەی ڕێک ئەخست چ لە باری بیر و هزری یەوە و چ لە باری ڕێکخستنەوە .

کمۆنیستی کرێکاری چوونە کمۆنیستی چینی ، هاوردەیەکی نامۆ و تازەبابەتی ڕۆژئاوایی بوو و لە کوت و پڕ دوای ڕاپەڕینی ئیران و هەرەس هێنانی کمۆنیستی چینی و هێلێ سێهەمی عەجەمان ، بە چەند کەسی قوتابی و خوێندکاری بەر دەستی فرێد هالیدەی لە ئینگلسیتانەوە سەری هەڵ دا و بە پێچەوانەی کمۆنیستی چینی ، ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی و دەست و پێوەندە ناوچەیی یەکانیان بواری ئەوەیان هێشتا نەبوو کە مینا کمۆنیستی چینی بڕەوی پێ بدەن . هەر وەک چۆن پێشینانیان بزاڤی نەتەوەیی کوردیان لۆ مەبەستی گڵاوی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرەستانی ناوچەیی قوازتەوە ، ئەمانیش لە سەر هەمان ڕێچکە و بە هۆی هەمان خەڵکەکەی بەکرەجۆ، بزووتنەوەی کوردێنی ڕۆژهەڵاتیان هەر زۆر بە سانایی قوزتەوە و ئەم جارە باش تێیدا سەرکەوتن و ئەم جارەیان ئیتر بارزانی و شۆڕشی گەرمیان لە ئارادا نەمابوو کە پیلانیان پووچەڵ بکاتەوە .

ڕەنگە زۆر کەس ئەو پرسیارەیان لا دروس بێت کە بۆچی کمۆنیزمی چینی و میراتگرەکەی واتە کمۆنیزمی کرێکاری ، پەنایان بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد بردووە . وەرامی پرسیارەکە لەوەدا نیە کە ئەو بابەتە کمۆنیزمە بڕوایەکی تایبەتی و ئەرێنی و لە باری لۆ دۆزی نەتەوەیی کورد هەبووبێت بە تایبەت هی جۆری عەجەمی ئەو بابەتە کمۆنیزمە . ئەوانەی پێشوویان لە بەکرەجۆ زۆر خۆیان بە کێشەی نەتەوەیی کوردەوە هیلاک نە ئەکرد و هەر ئەوەندە بوو کە بڕوایان پێی نەبوو و شەڕیان لە دژی بزاڤی نەتەوەیی باشوور و بارزانی ، شەڕی یەکانگیریی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی و کمۆنیزمی چینی و ڕژیمی قولیزادە و ساواک لە دژی کمۆنیزمی ڕووسی بوو و کوردستان و بزاڤە نەتەوەیی یەکەشی مەیدانی ئەو شەڕە بوو. بەلان ئەمانەی نوێیان نەک هەر تەنیا بڕوایان بە دۆزی نەتەوەیی کورد نەبوو بەڵکو شووڵی کمۆنیست – شوونیستی عەجەمانەیان لێ هەڵکێشا و بە گوێرەی ئاکاری سەلەفیانەی گەڕانەوە بۆ دەقە کۆنەکانی کمۆنیزم ، بیری نەتەوەیی کوردیان بە هی چاخی کەریەتی (جهالت ) ئەزانی . بەکار هێنانی دەستەواژەی ( جهالەت ) لە لایەن کمۆنیزمی کرێکاری یەوە ، خاڵی هاوبەشی ئەوان و ئیسلامە و ئەوە ئەسەلمێنێ کە شێواز سیاسی و بۆچوونی هزری کمۆنیزمی کرێکاری و ئیسلامی ١٤٠٠ سال لەمەوپێش لە سەر یەک شۆپ ئەمەشن وسەیریش نیە کە هەر دوو بیرۆکەکە وەک یەک ، مێژوو و مێژینەی مرۆڤایەتی کوێر ئەکەنەوە و ئەیانەوێ خەڵکی واتێبگەێنن کە ئەوەی تا ئیستا بوون چاخی کەرایەتی(جاهلیەت) بووە و ئەمان ، یەکیان لە لایەن خواوە و ئەوی تریان لە دژی خوا ، چاخی ژیریی بۆ مرۆڤایەتیان پێیە . نرخی ئەو بەچوونە دژە مێژویی و دژە مرۆڤە لە لایەن ئیسلامەوە ئەزانین چەندە گران بوو لۆ مرۆڤایەتی و ئی دە کمۆنیستانیش ، کۆمیدیای کمۆنیستی لە تراژدیای ئیسلامیەکانی پێشوویان کەمتر نەبوە و نابێت وەک مێژووی کۆمەڵ کوژی کمۆنیزم بە گشتی و کارەساتەکەی کامبۆدیا و پۆل پۆت ، ئاشکرای ئاکات . ئێمەش لەو سەروبەندی کەرەکەرەی ئەواندا **" کۆمەڵە و مۆتەکەی ناسیونالیزم "** مان بڵاو کردەوە و برێك دەم کوتی ئەو جۆرە هەڵەشەیی و لە خۆبایی بوون و نانەجیبی و سپڵەیی کمۆنیستیانەمان دایەوە کە سادقی شەرەفکەنی ( دوکتور سەعێد) زۆری لا پەسەند بوو بە گوێرەی گێڕانەوەی مامە قالەی دەباغی .

هۆکاری سەرەکی قوزتنەوەی دۆزی نەتەوەیی کورد لە لایەن ئەو بابەتە کۆمیزمەوە هەڵ ئەگەڕێتەوە بۆ ناکارامەیی و هێرو پەخمەیی و لێ نەزانی کمۆنیزمی چینی . ئەوان ئەڕای تەشەنەکردنی مائۆئیزم پشتیان بە ڕۆژئاوا و دەزگا سیخوڕیەکانی ئەوان بەستبوو و ئەو ڕاستیە ساکارەیان نەئەبینی و نەئەزانی کە ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی ، مائۆئیزم لۆ بەرژەوەندی خۆی و رکەبەری وەگەرد سۆڤیەت بەکار ئەهێنێ وهەموو هەنگاوێکیان لەم بوارەدا زۆر بە وردی دیاری ئەکرد . لە ڕاستی دا و لە ڕوانگەی مێژوویی یەوە، تێکەڵی و هاو پەیمانی مائۆئیزم لەگەڵ ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی ، گۆڕی مائۆئیزمی هەڵکەند و ڕۆژئاوایی یەکان لەگەڵ بەکار هێنانی مائۆئیزم ، سەریشیان خوارد . چینی یەکان لەو ئاستەدا نەبوون کە بەم ڕاستی یە بزانن و ڕێچکەی ڕووسەکان بکەنە ڕیبازی خۆیان. کمۆنیزمی ڕووسی هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنیەوە و لە ڕیگای ئینترناسیونالەوە ، کەرەسە و پێداویستی مرۆڤی و ڕیکخراوەیی و بیر و هزری کمۆنیستانەی بە دوور لە ڕۆژئاوا و لە بەرانبەر و لە دژی ئەوان سازدا و زۆر باشیش تێیدا سەرکەوتن و بەرژەوەندی خۆیان لەو ڕیگەوەو بە تەواوەتی ئەپاراست . مەکۆی ڕۆژهەڵات ناسی مۆسکۆ و زانستگا تایبەتییەکانیان لۆ ئاسیا و ئافریقا ، لە ئاستێکی هەرە بەرز ، چ لە ڕوانگە چەندایەتی و چ لە ڕوانگەی چلۆنایەتی ، پێدەڤی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەتی دابین ئەکرد . سۆڤیەت لەم کارەیدا ئەوەندە چووە پێشەوە و هەڵی دا کە بۆڕی بە ڕۆژئاوا دا و یەک لەو هۆکارانەی کە ڕۆژئاوا پەنای بۆ

کمۆنیزمی چینی برد ، لەم بۆرخواردن و تەس دانەوەوە سەرچاوە ئەگریّ . ستراتیژی کمۆنیزمی ڕووسی هێند کارامە و بە بڕشت بوو کە تەنانەت ئیستا پاش هەرەس هێنانی خۆی ، ڕووسەکان بەری بە پێز و فەڕی ئەو سیاسەت و ستراتیژی یە ئەچننەوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرۆک و کارگێڕانی وڵاتان ، لەوانە ئێران و فلستین ، لە بەرزترین ئاستدا ، بەرهەم و ئاکامی ئەو سیاسەتەی کمۆنیزمی ڕووسی بوون و ئێستاش وڵاتیان بەڕیوە ئەبەن . ستراتیژی کمۆنیزمی ڕووسی لەمەڕ گەلان و نەتەوەیەلی جیهان دیاردەیەکی هەر زۆر قوولە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا و دەورێکی هەر زۆر کاریگەری بووە لە چارەنووسی ئەو خەڵکەنە ، بە کوردیشەوە .

بەراوەردی کمۆنیزمی چینی  لە گەڵ ڕووسی لە ئاستی جیهانی و مێژوویی یەوە ئەوە بە زەقی دەرئەخات کە چینی یەکان پیاوی ئەوە نەبوون مل لە ملی ڕووس بنێن و قەت وەک ئەوانیان پێ نەکراوە . سەرهەڵدان و هەڵدانی کابرایەکی وەک فرێد هاڵیدەی وەک تێئۆریسیەنی مائۆئیزم ، ڕەنگدانەوەی بێ کارامەیی چینی یەکان ، ئەگینا دەبا چینی یەکان خۆیان خەڵکی پسپۆری مائۆئیزم پەروەردە بکەن لۆ تێئۆری یەکەیان نەوەک ڕۆژئاوای سەرمایەداری . چینی یەکان قەت یاریکەرێکی کارامە و کاریگەر نەبوون لە سیاسەتی جیهانی دا و لە سەروبەندی هەڕەتی گەرمە بازاڕی مائۆئیزم بوونە دەسکەڵا و داش دامە و پاشکۆی ڕۆژئاوایی یەکان و هەر وسا ژی  پشتی هەرەس هێنانی مائۆئیزم تەنانەت ئەو پاشکۆیی یەشیان لۆ نەمایەوە . سیاسەتی جیهانی مائۆئیزم یەکێک لە گرینگترین هۆکاری تەپینی مائۆئیزم لە جیهانا بوو . ئەگەر وەک مینا و نموونە کوردستان لە بەر چاو بگرین ، ئەوە خویا ئەبێتن کە ڕووسەکان خەڵکی خۆیان پەروەدە ئەکرد و خۆیان ئەکردە خاوەنی ڕاستەوخۆی بزاڤی کوردی و ئیتر پێویستیان بەوە نەبوو کە وەک چینی یەکان پەنا ببەنە بەر دام و دەزگای دزێوی داپڵۆسینەر و سیخوڕی ناوچەیی - وەک ساواک - و ڕۆژئاوایی . ڕووسەکان جڵەوی کاروباریان بە دەست خۆیانەوە بوو لەم بوارەدا ، لێ چینی یەکان جڵەوی کاروباریان دابوە دەست ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی هاوستراتیژیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە . ئائەم تایبەتمەندی کمۆنیزمی چینی یەیە کە بووە هۆکاری سەرەکی و ماکی قوزتنەوەی بزاڤی نەتەوەیی کوردی لە لایەن کمۆنیزمی چینی و هاوپەیمانە ناوچەیی یەکانی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی وەک ئێران .

## پەنجە مۆری ساواک و کمۆنیزمی چینی لە ڕۆژهەڵات

سەلاحی موهتەدی لە دیمانەیەکی تەلەڤیزێۆنی لەگەڵ میدیای ڕووداوا کە لە دووبەشدا بڵاو کرایەو، هێندێک خاڵی گرینگی لە مەڕ دەوری ڕابردوی خۆی لە ڕەوتی سیاسی کوردستانا باس کرد کە ئاماژەن بۆ یەکانگیری ساواکی قولیزادە و کمۆنیزمی چینی بۆ دوژمنایەتی ڕەوتی کوردێنی و لە بار بردنی لە باشوور و ڕۆژهەڵات . بۆ بینینی ئەو هەڤپەیوینەی ڕووداو بڕواننە ئەم پێوەندی یانە لەسەرتۆری ئینترنێتی ڕووداو http://rudaw.net/sorani/onair/tv/episodes/episode/pencamor06012015muh . http://rudaw.net/sorani/onair/tv/episodes/episode/pencamor13012015muh

## پەککوو ، تی یاح ! لەو چەکمە ڕەقە

سەلاح لەو چاوپێکەوتنەدا هەموو توانا و ئەزموونی دکار هێنا لۆ ئەوەی خۆی وەک ئاغا و دەرەبەگێکی لە خۆبایی و لووت بەرز دەرخا و بەمەش سووکایەتی بەو هەزاران گەنج و لاو و خوێندەوارانە ، بە کچ و کوڕەوە ، بە زیندوو و پەککەوتە و گیان بەخت کردووەوە ، بکات کە ئەو و بنەماڵە چەکمەڕەقەکەی دەسخرویانی کرد و ئایدێۆلۆژی مائۆئیزمی دەرخوارد ئەدان لۆ مەبەستی تایبەتی سیاسی و بەرژەوەندی بنەماڵەیی خۆی . سەلاح ئەوە ئاشکرا ئەکات کە کێشەی خۆی و بنەماڵەکەی وەگەرد توودەیی یەکان لە سەر ئاغایەتی و کێشەی زەوی وزار و مافی جوتیار بووە کە بەڵگەیەکە بۆ ئەو ڕاستی یە کە ئەو لایەنگرانی کمۆنیستی خۆی چەواشە کردوەتەوە. هەموو کەسێک ، بە تایبەت ئەوانەی حەمە حسەینی کەریمی یان لە نزیکەوە ناسیوە ، ئەتوانێ بە مسۆگەریی یەوە لەوە دڵنیا بێت کە هۆگرانی تراویلکەی کمۆنیستی بنەماڵەی موهتەدی ( ئیلخانی ) لەو کێشەی سەلاح و توودەیی یەکانا ، لایەنی توودەیان ئەگرت و سەرەڕای هەر بابەتە تێبینێکی ئایدێۆلۆژیکی و سیاسی مائۆئیستی ، پشتی خەڵکە زەحمەتکێشەکەیان بۆ دەرەبەگ و ئاغا، بەرنەئەدا ، بە تایبەت لە سەدەمێکا کە هێشتا مائۆئیزم لە کوردستانا بڵاو نەبووبوەوە . ئەمە ئەو ڕاستی یە دەرئەخات کە سەلاح دواتر بیرۆکەی کمۆنیستی چینی بۆ پاکانە و داکۆکی لە دەرەبەگایەتی بە کار ئەهێنێ و ئەو دژبەری یەی نێوان بنەماڵەی دەرەبەگانەی

خۆی و توودەیی یەکان ئەگۆڕێت بە دژبەری نێوان مائویئیزم و کمۆنیستی ڕوسی وزۆر باشیش مەبەستی خۆی پێکا و ئێستاش ئا بەو شێوە دزێو و ناشیرینە قومار بە قوربانی یەلی خۆی ، بە زیندوو و گیان بەختکردەوە ، ئەکات .

قووڵایی تاڵاوی تراژیدیای کوردستان کاتێک پتردەرئەکەوێت کە خەڵك بزانێت کە بابەتە کەسایەتی وەک حەمەحسەین ، پێش ئەوەی فێری بیرۆکەی کمۆنیزم بێت لایەنگری سوور و بێ ئەم لا و ئەولای زەحمەتکێشانی کوردستان بوون وەک ئاکامی ژیانی سروشتی خۆیان و پێگەی چینایەتیان . بیرۆکەی چەپایەتی باوی سەردەمی ئەوان ، ئامراز و کەرستەی پاراستنی بەرژەوەندی خەڵکی زەحمەتکێش و گەیشتن بە دوا ئامانج و مەبەستی ئەو جیلە نوێ یەی کۆمەڵگای کوردەواری ، لەم بوارەدا بوو . ئەوانەی حەمە حسەین و خوو و ئاکارو فەرهەنگی زەحمەتکێشانە و ڕوشنبیرانەکەی لە نزیکەوە ئەناسن ، ئەزانن کە ئەو و سەلاح قەت پێکەوە نەئەگونجان و ئەوەش موهتەدیەکان کردویانە بە هاوسەنگەری خۆیان ڕاست نیە و دژی گیانی مشوورخۆری حەمە حسەینە بۆ خەڵکی زەحمەتکێش و لەوانەشە بە دڵنیای یەوە بێژین کە قەت ئەوانەی نە دیوە و کورد گوتەنی لە سەر یەک سفرە لەگەڵیان نانی نەخواردوە چوونکە ئەو بە سروشت لەگەڵیانا نە ئەگونجا . ئەوەی کە سەلاح بە تڕوپۆزی چەکمەڕەقانەوە باسی گۆڕانی شەری چینایەتی بە شەڕی سیاسی و ئایدێۆلۆژیکی کمۆنیستانە ئاکات و خۆی پێوە هەڵ ئەکێشێ ، سووکایەتی یە بە حەمە حسەین و تێکڕای هاوبیرەکانی . پرسیارەێکە کە لەم پێوەندی یەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە کە چۆن چۆناهی سەلاح و بنەماڵەکەی بۆیان لوا ئاوەها یارێکی قرێژ بە چارەنووسی قوربانی یەکانیانەوە بکەن.

# بنەماڵەی سەڵاح

سەلاح خۆی وەک کەسێک کە سەر بە بنەماڵەیەکی دەرەبەگ و عەشایر و دەس ڕۆیشتووە ، ئەناسێنی . لێ ئەوەی بیان ناسێ و سووکە زانیاری و ئاگاداریکی هەبێت لە قەوارە و پەیکەر و مێژووی خێڵ و هۆزەکانی کوردستان ، ئەزانێ کە ئیلخانەکانی دەوروبەری بۆکان عەشایر نین و دەرەبەگن . خێڵ و هۆزەکانی کوردستان پێوەندی خوێنی ، یان بە گوێرەی زانستی ئیمڕۆژی پێوەندی جێنێتیکیان لە نێواندا هەیە و سەرگەورە و سەرۆکەکانیان لە خۆیانە و پاشماوەی مێژوویێکی دوور و درێژن هەر لە سەرەتای پێکەوەنانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی یەوە هەتا ئیمرۆ . شکاک و مەنگوڕ و جاف و هەرکی و بارزان و جەلالی ومەنمی و ئەوانی تر خێل و هۆزن و شێواز و جۆری پێوەندیان و ژیانیان دیارە . دەرەبەگیش لە کوردستانا ئەوپەڕی هەتا بنەماڵە هەڵیان داوە، وەک بنەماڵی ئیلاخانی ، لە ڕوانگەی ژمارەوە و پاشماوەی داگیرکاری هێزە هێرش کەر و داگیر کەرەکانن کە بەرپرس و فەرماندەیەکی سپایی یان لۆ دەسەڵاتداریەتی بە سەر خەڵکە خۆجێیکە سەپاندوە و پێوەندی خەڵک و دەرەبەگ لە چوارچێوەی پێوەندی دەسەڵاتداری داسەپاوی داگیرکاری ناکورد و خەڵکە کوردەکە دا ، داڕژاوە و بەڕێوە چووە . ئیلخانی یەکانیش، بە گۆڕینی پاشناویان بۆ مۆهتەدی و عەلیار یشەوە ، وەک لە ناوەکەیانەوە دەرئەکەوێ ، پاشماوەی مەغوول و ئیلخانیەکانی موغوولستانن کە لە کوردستانا گرساونەتەوە و کوردێندراون . تەنانەت ڕا وبۆچوونێک هەیە کە لەو بڕوادایە کە ناوی " بۆکان " یش لە ناوی فەرماندەیەکی مەغوولی یەوە ، واتە باپیرە گەورەی سەلاح و خزمانی یەوە گیرابێت . جا ئەگر ئەمە ساخ بێتەوە ئەوە ڕۆژێک دادێت کە کورد بیر لە گۆڕینی ئەو ناوە بۆ ناوێکی ڕەسەنی خۆماڵی کۆن و پێش هاتنی مەغوولەکان بکاتەوە .

کوردستان بە درێژایی مێژووی بۆتەی مرۆڤایەتی بوو و هەر کەسە وبە هەر ڕەچەڵەکێک و بە هەر هۆیەکەوە تێیدا گرسابێتەوە ، لە ناو خەڵکەکەیدا تواوەتەوە و بووە بە بەشێکی سروشتی نەتەوەی کورد . هێنانە ئارای ڕەچەڵەکی سەلاح و بنەماڵەکەی پەی ئاماژە کردنە بە دیاردەیەکی سەیر وسەمەرە لەم ناوچەی ئێمە . بێجگە لە دەوری یۆنانی یەکانی پاش ئەسکەندەر ( سلووکی یەکان ) و عارەب و مەغوول کە هەر کامەیان بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ دەسەڵاتداری ناوچەکە بوون ، دەسەڵاتداریی تارتارەکانی لۆبنانی لە کاتی دامەزراندنی سەفەویەکان و شیعەگەری ١٢ ئیمامی یەوە هەتا ئێستا ، شیاوی قوول بوونەوە و پێداچوونەوەیەکی تەواوە . بێجگە لە دەورەیەکی کورتی کەریم خانی زەند کە وەک مام هەژار ئاماژەی پێ ئەکات تەنانەت نازناوی پاشایەتیشی بۆ خۆی هەڵ نەبژارد، خێلە تارتارەکان یەک لەدوای یەک ئەبنە دەسەڵاتداری ئێران و ئەم ڕەوتە هەتا ئێستاش بەردەوامە . هۆکاری بەردەوامی باڵادەستی یەک لە دوای یەکی ئەم خێلە نا ئێرانیانە ئەبێ لە چیدا بێت ؟ خۆ ناکرێ ئەوانە ئەوندە بە ژیر و دووربین و خاوەن ستراتیژی مێژوویی ئەوەندە دوور و درێژ بزانین کە پتر لە ٥٠٠ ساڵە ئەو دۆخەیان لۆ خۆیان پێک هێنابێت . ئەمەش دەق ئەو پرسیارەیە کە لە پێوەندی وەگەرد سەلاح و بنەماڵەکەی و تێکەلیان لەگەڵ ڕەوتی گوشایشە کوێری گورین و دەوریان لە ژیانی سیاسی کوردەواریدا دێتەوە پێشەوە و ئاماژەش بە ڕەچەڵەکی سەلاح و بنەماڵەکەی لۆ پێداگری لەم ڕاستیە مێژوویی یە . ئەوەش ئاشکرایە کە بە دەیان و بگرە سەدان بنەماڵە دەربەگ و لەوانیش گرینگتر خێڵ و هۆزی فرە بەربڵاوتر و پر ئەژمارتر و بە دەسڵات تر لە بنەماڵەی ئیلخانی، لە کوردستانا بووگن و لە ناو هەموویانا تەنیا ئیلخانی یەکانن کە بواری ئەو دەوریان لۆ رەخساوە کە ببنە یاریکەرێکی بەرچاو بە تایبەت لەم دوایانەدا و لە ژێر سەرکردایەتی سەلاح دا .

# فێرگەی پەروەردەی سەلاح

سەلاح ئەوە دەرئاخات کە لە ژێر کارتێکردنی باوکی و لە ناو بنەماڵەکەیدا پێگەیوە و تەنانەت پێ لەسەر ئەوەش دائەگرێ کە شەڕی بنەماڵە دەرەبەگەکەی لەگەڵ توودەیەکانا ، هەر لەو سۆنگەوە پێ گەیشتوە و ئەمەشی لە کاتێکدایە کە ئەو و بنەماڵەکەی لە تارانا ئەژیان و باوکیشی وازی لە بەزمی حەشیەری هێنابوو گۆر وتەکانی خۆی . ڕەحمان ئاغای ئیلخانی – مۆهتەدی گوایە ژ ک بووە و خۆی وقاسم ئاغای ئیلخانیزادەی خزمی لە کۆماری مهابادیشا بەشدار و کاربەدەست بوون و وەزیری ڕاوێژکار قازیش بەو بڕاوبوو. هەتا ئێرە شتێکی نامۆ دەرناکەوێ بێجگە لەوەی کە ئەبی جێگەی سرنج و رامان بێت بۆ ئەوانەی لە کۆمار و پێکهاتە چینایەتیەکەی ئەکۆلنەوە و ئەبێ ڕوونکردنەوەیەکیان هەبێت بۆ تێکەڵی ئەم بابەتە دەربەگانە ( بە باوکی قاسملووشەوە ) لەگەڵ میرزاکانی مهاباد وەک توێژی مام ناوەندی و خوێندەواری ئەو شارە لە سەردەمی کۆمارا .

ڕەحمان ئاغا وێڕای قاسم ئاغای خزمی پاش ڕووخانی کۆمار تووشی ئاریشەی گرتن و زیندان نابێت و پاشان لە تەورێز نیشتەجێ ئەبێت و دواتریش لە تاران ، کە ئەبی لە سەروبەندی گەرمەی بزاڤی موسەدیقدا بووبێت . لە تارانا ڕەحمان ئاغا بە پێشینەی ژ ک و وەزیری کۆمارەوە ئەبێتە مامۆستای زانکۆ کە ئەم هەویرە خۆی لە خۆی دا ئاوێکی زۆر هەل ئەگرێ . هەر لەوەها کاتیشدایە ، گۆر گێڕانەوەی سەلاح ، کە ماڵەکەی ئەبێتە مەکۆی خویندکارانی کورد ، ئەحمەدی موفتی زادە یەک لەوانە . تێکەڵی ڕەحمان ئاغا بە ماڵی موفتیزادەوە و هەڵدانی ئەو تێکەڵی یە هەتا ئاستی ژن و ژنخوازی و خزمایەتی ، شیاوی ورد بوونەوەیە .

خەڵکێکی زۆر و لەوانەش سەلاح هەر لەو چاوپێکەوتنەدا ، لە سەر هەوانتە ، باسی ئەوە ئەکەن کە گوایە هێندێک سەرۆک خێڵ و هۆزی دەوروبەری مهاباد ژێر بە ژێر پێوەندیان بە ڕژیمی قولیزادەوە بوو و بوونە هۆکاری ڕووخانی کۆمار . ئەوی ئەزانرێ وەک ڕاستی ، ئەوەیە کە هیچ کام لەو سەروک خێلانە وەک ڕەحمانی مەهتەدی و قاسم ئاغای برای پاش ڕووخانی کۆمار لەگەڵ ئەو ڕژیمە تێکەڵ نەبوون و لە سایەی ئەو تێکەڵیەدا هەڵیان نەدا . ئەگەر بە وردی تواشای ژیان و پلە و جێگە و ڕێگەی یەک بەیەکی کارگێران و دەسەڵاتدارانی پاشماوەی کۆمار بکەین ، ئەوە ئیلخانیەکانن کە لە پێش هەمووانەوە ئەو تاوانەیان پێوە ئەلکێ .

با جارێ سرنج بدەینە پلەی مامۆستای زانکۆ بوونی ڕەحمان ئاغا . من خۆم تەمەنی ئەوەم نەبوو کە ئەو لەو پلەدا ببینم بەڵام پلەی سدیقی موفتیزادەم وەک مامۆستای زمانی کوردی لە زانکۆی وێژەی تارانا بینی . لە ڕێگەی خویندکارێکی سنەیی یەوە ئاگادار کرامەوە کە ئەوەتا وانەی کوردی لە زانکۆی وێژەی تارانا هەس و موفتیزادەیچ مامۆستایەتی . ئێمە لە سەرەتای ٧٠ کانی سەدەی ڕابردوو ، ماڵی باوکی سەلاحمان نەبوو و لەگەڵ دوو خوێندکاری تری سنەیی چووین بۆ ئەو فێرگەیە و هەر بەو جارەش بنەبڕ کرا و لێی تێگەیشتین کە گەمەی رژیمی قولیزادەیە و فرە بڤەیە و جێگەی مەترسی یە لە ڕوانگەی تەناهی یەوە و وازمان لێ هێنا . لە هیچ بەرنامە و گەڵاڵەی خویندنی زانکۆکەدا ئاماژەیەک بەو وانە کوردیانە نەکرابوو و کەس ئاگاداری نە بوو تەنیا ناوێک بوو کە لە ڕێگەی تایبەتی یەوە پێمان زانی . سدیقی موفتیزادەش هەر ئەوەندەی پێوە خەریک بوو کە برازا و خزمەکانی جار وبار و لێرە ولەوێک یەک دوو کەسی وەک ئێمەومانایان لۆ پەیدا بکردایەت ، ئەوسا کاژێرێک دەهات و دەڕوێشتەوە و کوردەکەو ماچۆ ئاو بێنا و دەس بشۆ . مرۆڤ ئەتوانی بە دڵنیای یەوە بێژێ کە مامۆستایی یەکەی ڕەحمان ئاغای مەهتەدی لەوەکەی موفتیزادەی هاوڕێی فرەتر نەبوو و لەوانەیە ڕەحمان ئاغا ئەو توزکاڵە سەر ئێشەی زمانی کوردی موفتیزادەشی نەبووبێت و کەسی وای گیر نەهاتبێ کە یەک دووانێکی وەک مەمانانی لۆ پەیدا کردبێ و گوێ لە فێربوونی وانەی ئیسلامی سوننە و زمانی عارەبی ئەو بگرن .

تێکەڵی بنەماڵەی موفتیزادە و مەهتەدی لە تارانا ، لە ئاستی تێکەڵێکی ئاکادیمیانەی کوردی نەبوو و وەک ئاماژەی پێ کرا هیچیان لەو ئاستەدا نەبوون و هەر دوو لا لە لایەن ڕژیمی قولیزادە و دەزگای ساواکەوە بۆ مەبەستی خاپاندن و دیپلۆماسی قرێژی شاهانەی قولیزادەوە سازکرابوون . هەر ئەم هۆکارەش بوو کە ڕۆژنامەی کوردییان چاپ ئەکرد و لە باکوور و ئاورووپادا بڵاویان ئەکردەوە و لە ناوخۆدا تەنیا مۆهتەدی و موفتیزادەکان لێی ئاگادار بوون . ماڵی موفتیزادە ئاغا نەبوون و لە سنە بەسترابوونەوە بە محەمەدی مەردووخ و لە ڕیگەی ئەویشەوە بە دام و داەزگای دەسەلاتی قولیزادە . ئەوەی کە ماڵە سنەیی یەک بەو تایبەتمەندیەوە لە تارانا وەگەرد ماڵی موهتەدی پێکەوە ئەبەسترێنەوە ، بە جیاوازی چینایەتی و داب و نەریت و تەنانەت پەڤی سنەیی و بۆکانیشەوە ، ئەبێ بچێتەوە سەر ئەو چیرۆکەی سەلاح لە مەڕ ناردنیان بۆ ئاڵمان لە لایەن ساواکەوە ، ئەی گێڕێتەوە . ئەگەر ئەوە لە سەلاح وەرگرین کە ساواک ئەو و موفتیزادە و سوارەی ئیلخانیزادەی پسمامی پێکەوە بۆ ئاڵمان بەرێ کردبێ لۆ سیخوڕی لە سەر کۆبوونەوەی خوێندکارانی کورد لە ئاورووپا ، ئەوا ئەبی لە سەر هەمان بنەما لە تێکەڵی هەردوو بنەماڵکە لە تاران بڕوانین . هۆکەشی ئەوەیە کە ئەرکێکی لەو ئاستە و بەو گرینگی یە ناکرێ بە یەکەم ئەرکی ساواک بۆ ئەو دوو بنەماله دابنری و ئەبێ مێژینەیەکی هەبووبێت و ئەوەی کە سەلاح ئێژێ هەر سێێکیان بانگ کردنە ساواک و ئەرکە جسووسی یەکەیان پێ سپاردن لەوانەیە ڕاست بێت بەڵام هەموو ڕاستیەک دەرناخات کە ئەویش ئەوەیە کە ئەبێ ئەوان وەک سێ ساواکی جێی بڕوا و پێشینە کۆن و ئەوەندە چێگەی بڕوای ساواک بووبێتن بە گوێرەی کارنامەی خزمەتیان بە ساواک و شاهەنشا تڕحێوەکەیان کە لۆ ئەو ئەرکە هەڵبژێردرابێتن . گرینگی ئەم کێشەیە لە خوێندکارانی ئاڵمانە کە قولیزادە و ساواک لێی توقیبوون و ترسەکەشیان لە جێێ خۆدا بوو و هەر لە ئاڵمانا بوو کە خوێندکاران قولیزادەیان دایە بەر هێلکە و تەماتەی بۆگن و ڕزیو و تڕ و پۆزی شاهانەیان تڕۆ و چرووک کرد و دەنگدانەوەیەکی زۆر بەربڵاو و کاریگەری بوو هەم لە ئاستی ناوخۆیی و هەمیچ جە ئاستی جیهانیا . بەشی دووهەمی وتەکانی سەلاحیش ئەبی وەک کەش و فشی قوڵەئاغایەکی داماو و لێ کەوتووە بنرخێندرێ لەوڕا کو جڤینەک وسا گرینگ جە ئالێد خوێندکارین ئەوقەرە چالاک ،

ناکرێ و ناشێ کە سەر داخازیا سێ ساواکی بوودەڵە یان محەمەدی برای سی مانگ دوابکەوێت . ئەگەر شتێکی وسا ڕووی دابێت ئەوە ئیتر ئەبێ ئەوانە ئەو خوێندکاریەل نەببوبێتن کە ئابڕی نەبووی قولیزادەیان تکاند و پیسیشیان تکاند لەو سەرودەمەدا .

## مەتەڵی ڕێکخراوی خویندکارانی کورد ، کێ هەڵی ئەهێنێ ؟

سەلاح ئێژێ کە ماڵی باوکی لە تاران مەکۆی خویندکارانی کورد بووە . ئەو ماڵە بەو تایبەتمەندی یەی کە باسمان کرد ئەبێ کێی لە خۆ کۆ کردبێتەوە ؟ ئەحمەد موفتیزادە ؟ کێی تر ؟ فاتێحی شیخولئیسلامی ؟ سەلاح زۆر ناو نادات بە دەستەوە . ئەوەش هەر لە سەلاحەوە ئەزانری کە گوایە باوکی وازی لە گەمەی ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵ سازکردن هینابێ . بەمەش سەلاح ناڕاستەوخۆ ئەوەمان پێ ئێژێ کە ئەو بۆخۆی بەو کارە ڕاگەیشتوە . لە دیاری کردنی ئامانج و تایبەتمەمندی ڕێکخراوی خوێندکارانی تاران ، سەلاح ئاماژە بەوە ئەکات کە گوایە ڕێکخراوەکەیان بڕوای بە یەک حزب و یەک سەرکردە – بارزانی ( دیارە بۆ کوردستان ) بووە و بەمەش ڕێکخراوێکی پیشەیی خوێندکاری ئەکاتە ڕێکخراوێکی سیاسی ڕووت و ئیتر باسێک لە ئامانجە پیشەیی یەکانی خوێندکاران هەر لە بن ڕا لە ئارادا نیە . لۆ فرەتر نوساندی تایبەتمەندی حزبی سیاسی بە ڕێکخراوەکە ، سەلاح خوێندکارانی تەورێز و ئەسفەهان و شیراز و مەشهەدیش ئەخاتە ریزی ڕێکخراوەکەی کە ئەبی سەربەخۆ بووبێتن و بە نهێنیش کاریان کردبێت لەو ئاستە بەربلاوە دا و بە هەمووە خوێندکارەوە ، جوور گێڕانەوەی سەلاح .

نک ئەوانەی کە تێکەڵێک و لەوڕا ژی بڕێک زانیاری و ئاگاداریان لە چالاکی پیشەیی و سیاسی خویندکاری ئەو سەردەمە (١٩٥٨-٥٩) وا دواتریش هەیە ، ئاشکرایە کە چیرۆکە هەڵبەستراوەکانی سەلاح هیچی بە سەر هیچەوە نیە و گومان لە سەر گومان دروس ئەکات . کورد ئەبێ چەند خوێندکاری هەبووبێت لەو کاتەدا و لە ناو ئەو ژمارەش کە ئەبی هێجگار کەم بووبێت ، چەندیان بڕوایان بە دۆزی کوردی بووبێت و خۆیان پێوە هیلاک کردبێت تاوەکو سەلاح بە تەمەنی ٢٠ ساڵەیی یەوە بتوانت سەرجەمیان بە گەورە و بچووکەوە کۆ بکاتەوە و ڕێکیان بخات لە ڕێکخراوێکی سیاسی نەوەک پیشەیی خوێندکاراندا ، لەم پەڕ و ئەو پەڕی ئێرانا ، لە تەورێزەوە هەتا مەشهەد . ئەگەر حزبێکی سیاسی وەک توودەی ئەو کات ئاوەها چیرۆکێک بهۆنێتەوە ، ڕێی تێ ئەچێت بەڵام لۆ ماڵی ڕەحمان ئاغای موهتەدی لە تاران و سەلاحی کوڕە گەورەی ٢٠ ساڵە ، یان ئەوەتا درۆ و خەون و خەیاڵی هەڵبەستراوی مێشکێکی نەخوش و ماخۆلەیی یە یان ئەوەتا ئەبێ لە نەبوونی حزبێکی سیاسی وەک توودە ، ئەبی هۆکارێکی لەو ئاستە و لەو بابەتەی لە پشت بووبێت کە تەنیا ئەکرێ دەزگای سیخوڕی ساواکی قولیزادە بووبێت . سەیر و جەفەنگی مێژووش لەوەدایە کە عەبەی براگچکەی سەلاح ، لە تەمەنی ١٩ ساڵی و هەر لە یەکەم ساڵی خوێندکاری دا هەمان تایبەتمەندی سەلاح دووپات ئەکاتەوە و گوایە لەگەڵ حەمە حسەین ، خوێندکار لە کەرەج و فوئادا کۆمەڵەی زەحمەتکێشان ، بە سێ کەسەوە پێکەوە ئەنێن .

سەلاح و حەمەی ئیلخانیزادەی کوڕەمامی و ئەحمەدی موفتیزادەی زاوای ئەو ناوانەن کە لەو ڕێکخراوە پان و بەرینەی خوێندکارانی سازکراوی سەلاحەوە ئەناسرێن ، دواتریش فاتێحی شێخولئیسلامی مەریوانی لێ زیاد ئەکرێ . لە وەش دڵنیا نیم کە حەمە خوێندکار بووبێت یان نا . ئەگەر بڕوانینە ڕێکخراوی لاوانی توودە و تێکەڵی کوردیەل لەو ڕێکخراوەدا ، ئەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە ناو و کەسایەتی ناسراو و نەناسراو دێنە گۆڕی کە بە چاک یان خراپ دەورێکیان بووە لە ژیانی سیاسی کوردەواریدا . بەڵام ڕێکخراوە پان و بەرین و گشت گیرەکەی سەلاح ئەمەی نیە و ئەمەش ئەوە دەرئەخات کە لە قاپووڕێکی بێ ناوەرۆک فرەتر شتێک نەبووە و ئەوەش کە بووە لۆ مەبەستی دیاریکراوی سەلاح و بنەماڵەکەی و بەرنامەی بەراتدەرانیان ساز کراوە کە خۆی ئاماژە بە بڕێکیان ئەکات .

بۆ هەر خوێندکارێک کە لە تەمەنی ١٨ یان ١٩ ساڵی دا لە فێرگەی دوا ناوەندی دائەبڕی و ئەچێتە زانستگە ، جیهانێکی نوێ دەس پێ ئەکات . بە لانی کەمەوە یەک دوو ساڵی ئەوێ تاوەکو بەرەبەرە بیر و هزری سیاسی نەوەکام لە مێشکیان دا چەکەرە ئەکات ئەویش بە بشداری چالاک لە هەلس و کەوتی پیشەیی و سیاسی دا . سەرەدەمی خوێندکاری گەڕێکی کاتی یە لە ژیانا و هیچ بنەمایەکی ئابووری و چینایەتی نیە تاوەکو بتوانی لەو کاتە کورتەی ٤-٥ ساڵەدا بنەمای توێژێکی کۆمەڵایەتی بمەێنێ . گرفتی خوێندکار ، گرفتی ئابووری و دەست و باڵ بەستراوی لە گەڕان و و دابین کردنی ژیانی سەردەمی هەڕەتی گەنجیەتی ولاویەتیە ، ئیتر با باسی خوێندنەکە بوەستێ کە زۆرترین کاتی خوێندکار بە خۆیەوە خەریک ئەکات . بێجگە لە پێوەندی خزمانە و هاوشاریەتی و ناسراوی پێشتر ، تەنیا هۆکاری سیاسی و حزبایەتی و سەر بە یەک ڕێکخراو بوون دەوری بووە لە نزیک کردنەوەی خوێندکاران لە یەکتر. ئەگەر ئەم بابەتە هۆکارانە نەبووایەت ، ئەوە هەر زۆر زەحمەت بوو کە خوێندکاری دوو زانکۆی جیاواز لە یەک شاری وەک تارانا لە یەک کۆ ببنەوە . ڕێکخسنی خوێندکار لە چوارچێوەی ڕێکخراوی پیشەیی ، هەمیشە و دایم مەبەستی سیاسی لە پشتە و توودەیی یەکان بەتایبەت لەم فرمانەدا دەوری هەر زۆر زەقیان هەبووە و حزبەکانی دیکە ناگەنە ئاستی ئەوان . دواتریش کە توودە لە ئێرانا پووکایەوە و دەوری سیاسی نەما ، چریک و موجاهد سەریان هەڵدا و ئەوەی وەک بزووتنەوەی خوێندکاران جار وبار ناو ئەبرێ ، بەرهەمی کار و چالاکی ئەو دوو ڕێکخراوە بوو لە ناو خوێندکارانا و شەقڵ و مۆرکی ئەوانی پێوە بوو . ئەمەش ئەوە ئەسەلمێنی کە خوێندکار وەک ئەوەی کە هەن لە ژێر کارتێکردنی ڕەوتی سیاسی دەرەوەی جیهانی خوێندکار واتە کۆمەڵگایە . کە

واتە ئەبێ ڕەوتێکی سیاسی بەهێز لە کۆمەڵگادا لە گۆڕیدا بێت تا وەکو ئەو ڕەتی بکاربێ بزووتنەوەی خوێندکاری بابەتی سیاسیانەی خۆی پێک بهێنێ و وەک هۆکارێک لۆ مەبەستی دیاریکراوی بەکاریان بهێنێ . خوێندکارانی پێرەوی خومەینی نموویەکە .

سەلاح و دواتریش عەبەی برای بە بێ حزب و بە بێ بوونی ڕەوتێکی سیاسی – کۆمەڵایەتی کارا و بەربڵاو و هەر بە چوونە ناو زانکۆەوە ، ڕێکخراوی پیشەیی و سیاسی خوێندکاری و حزبی سیاسی پێک دینن کە ئەبی وەک داهێنانی تایبەتی ماڵی ڕەحمان ئاغای موهتەدی تواشای بکرێ . ئەڵبەت عەبە لە سەلاح ژیرتر بوو و بازی بە سەر ڕێکخراوی خوێندکاریا دا و هەر لە یەکەم ساڵ و یەکەم هەنگاوی دا یەکسەر حزبی سیاسی پێکەوە ئەنێ . حەمەی براشیان لە مان لە پاشترە و لە دەرەوە زۆر دیار نیە کە چی کردوە ئەوە نەبێ کە بەشداری پێکەوە نانی حزبەکەی قاسملوو لە بەغدا بو . سەلاح لە چاوپێکەوتنەکەیدا باسی خۆی ئەکات و ئێژێ کە ئەو بە بی حزب ولە دەرەوەی حزب و لە سەرەوەی حزب کاری کردوە و لە ژیانی سیاسی دا سەرکەوتوو بووە . ئەمەش ڕاست ئەو شتەیە کە لێرەدا باسیمان کرد . تەنیا ئەوە ئەمێنێتەوە کە بزانرێ کە چۆن تاکە کەسێک ئەوەی بۆ لواوە و بۆی چووەتە سەر. کەسایەتی تاک و دیار لە ناو کۆمەڵگادا شتێکی زۆر نامۆ نیە . ئەو بابەتە کەسایەتیانە لە ڕەوتی ژیانێکی دوور و درێژا سەر هەڵ ئەدەن و کەسایەتیەکەیان وەک تاک ، بەرهەمی کەڵەکە بووی ڕەوتێکە لە ناو کۆمەڵگادا و پێویستی بەوە هەیە کە ئەو کەسایەتیە دەوری ئەرێنی و کاریگەری لە کۆمەڵگادا هەبێ . لێ کەسایەتێکە دەوری لە حزبێک زیاتر بووبێ و بە تایبەتی لۆ سەلاح کە لە کوردستانا نەژیاوە و ماڵی باوکی لە تاران بووە و عاشیرەتیشی نەبووە و باوکیشی وازی لە دۆزی عەشایەری هێنابێ و هیچ دەورێکی دیاری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ژیاری لە ناو کۆمەڵگادا دیار نەبێت ، ئیتر ئەبێ ئەو کەسایەتیە لە سەر چ بنەمایەک دا گرسابێ ، ئەگەر لە سەر هەوانتە نەبووبێ و دەستێکی نادیار سازی نەکردبێ . ئەمەی لێرەدا ئاماژەی پێکرا یاسا و ڕێسای کۆمەڵایەتی یە جا چ نووسراو زانراو بێت ئانکوو ژی نە نووسراو و نەزانراو . کەسایەتی تاکی بان حزبی سەلاح لە دەرەوەی هەموو یاسا و ڕێساییکی سروشتی کۆمەڵایەتی زانراوە و تۆمارکراوە .

## سەلاح و حزبی شۆڕش

لە سەرەوبەندی پاش ساڵی ١٩٥٨ دا کە سەلاح بە ڕوالەت ڕێکخراوی خوێندکارانی پێکەوەناوە ، گۆرگێڕانەوەی خۆی ، شێخ نەسرەدینی نەقشبەندی ناوێک ( خزمی فاتێحی شێخولئیسلامی – چاوە ) کە وەک پیاوی ئینگلیزیان ئەناسرا ، لە سنە و دەوروبەری حزبی شۆڕشی پیکەوە نا . گرینگی کاتەکە لەوەدایە کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە کوودەتاکەی ١٩٥٨ عێراقەوە هەیە و کاردانەوەی ڕژیمی قولیزادە بوو لە هەمبەر ئەو کوودەتایە کە زراوی قولیزادەی تۆقاندبوو و بار و دۆخی سیاسی کوردستان بەتایبەی هی ڕۆژهەڵات هیچ دەورێکی لەو بەزمەدا نەبووە . خاڵی هاوبەشی ڕێکخراوەکەی سەلاح و شێخ نەسرەدین ، بێجگە لە ساواک ، محەمەدی مەردووخە . تیلی مەردووخ لە حزبی شۆڕش لای تێکڕای چالاک و هەڵسووڕاوانی ئەودەمی کوردان ئاشکرا و سەلمێندراو بوو . ماڵی موفتیزادەش هەمان تیلی مەردووخ بوو لای سەلاح و بەزمەکەی .

سەلاح لەو چاوپێکەوتنەیدا پاکانە بۆ حزبی شۆڕشی هاوپێڕی ئەکات و درۆشی بۆ هەڵ ئەبەستێت کە گوایە پێوەندیان پێوە گرتووە و نامەیەکی پاکانەیان بۆ حزبی دێمۆکرات پێ داوە و بە زمانی سلێمانی موعینی – فایقەوە دۆری ئەوە هەل ئەبەستێت کە ئەوان ( فایەق و ئەحمەد تۆفێق ) بۆ مەبەستی داکۆکی لە حزبی شۆڕش و بۆ چەواشەکردنی ساواک ، ئەو حزبی شۆڕشەیان بە پیاوی ساواک و ئینگیز بە خەڵك ناساندووە . درۆ سووک و چرووکەکەی سەلاح کاتێک ئاشکرا ئەبێت کە هەمووان لەوە ئاگادار بکرێتەوە کە مەلا عومەری نگلی و عەلی قوتبی (سالار) دوو لە کادێرە چالاکەکانی حزبی شۆڕش بوون و بەوە ناسرابوون و ناویان دەرکردبوو کە تێکڕائی بەرنامەی حزبی شۆڕشیان لەبەر کردبوو - وەک قورئان ، هەرتکیان فەقێ بوون – و بەو شێوەیە بانگەشەی حزبەکەیان ئەکرد و نازناوی " جریدەی ناتق " یان لێ نابوون . وەک زانراوە عەلی قوتبی ئەگیرێت لە لایەن ساواکەوە و دواتر مەردووخ بەری ئەدات و لۆ فسۆسی ئەنێردرێنە باشوور لە سەروبەندی ١٩٦٢ دا بی ئەوەی خۆشی ئاگای لێ بێت . پێشمەرگە ئەیگرن لە سەر تاوانی جاسووسی و فسۆسی . عەلی قوتبی بەو گرتنە زۆر دڵشاد ئەبێت و لە زیندانی شۆڕشا شایی ئەگێڕێ و ئێژێ کە نەمردم و دەسەڵاتی کوردیم بێنی و پاشان بەرپرسانی حزبی دێمۆکرات و بە تایبەت مەلا سەید ڕەشیدی حوسەینی لە فێڵ و تەڵەکەی ساواک و مەردووخ ئاگاداری ئەکەنەوە و عەلی قوتبی ئەچێتە ریزی حزبی دیمۆکڕاتەوە و لەگەڵ ئەو حزبە ئەمێنێتەوە هەتا شکانی شۆڕشی بارزانی .

عومەر نگڵی ڕێبازی عەلی قوتبی ناگرێ و لە باشوور تێکەڵی سەلاح ئەبێت . مەلا محەمەدی خزری توودەیی لە بیرەوەریەکانیدا باسی تاوانێکی ئەحمەد تۆفێق لە گرتنی گەنجێکی پۆڕ زەردی وەکی ئاورووپاییان چوو ئەکات کە هەمان عومەرنگڵێ یە و گرتنەکەشی وەک باسکرا لە سەر ئەوە بوو کە لەگەڵ سەلاحا بەزمی کۆمەڵەی ڕزگاریان بە دزیی یەوە ساز کردبوو و دەرەتانی ڕێکخراوەیی و چاپەمەنی حزبی دێمۆکراتی ، بۆ کۆمەڵەی ڕزگاری بەکار هێنابوو و ئەمەشی هەر بە دزیەوە و فێڵ کردن لە ئەندامانی بەرپرسی حزبی . جەمیل مەردووخی کە بۆخۆی بەشداری بەزمی کۆمەڵەی ڕزگاری سەلاح بوو لە بیرەوەریەکانیدا کە یاسین سەردەشتی لۆی نووسیەتەوە و بڵاوی کردوەتەوە ، (http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=cfd4017b)

( ئەم کارەی شێخ جەمیل و سەردەشتی خۆی جێگەی ڕامانە کە چۆنە سەردەشتی ئاوێتەی نووسینەوەی ئەو بیرەوەریانە بووە ) باسی ئەم دەس پیسی و دزەکردنەی نگڵی ئەکات . ئەم شێوە دزەکردنە ناو حزبی دێمۆکرات لە لایەن کەسانی وەک سەلاح و نگڵی یەوە فرمانێکی سەیر نیە و دانە پاڵ بەرەی بە ناو " مەکتەبی سیاسی " پارتی و دژایەتی کردنی بارزانی و شۆڕشێ کورد یەکێکی تر لەو ئەرکانە بوو کە ساواک پێی سپاردبوون و هۆکاری سەرەکی گرتنی نگڵی و هاوڕێکانی بوو لە لایەن ئەحمەد تۆفێق و سلێمانی موعینی یەوە . وێڕا و سەرڕای ئەمانە ، مەڵای توودەیی بە تەمایە هەستی خەڵکی بە بیرۆکەی ڕەگەزپەرەستی نازیانەوە لە دژی ئەحمەد تۆفێق بهرووژێنێ بەوەی کە کوڕێکی پوڕ زەرد و چاوشینی ئاریایی گرتووە . وەک پێشتر باسکرا ، سەلاح بە نووسینەکەی مەلای توودەیی دا چوەتەوە و ئەرێی کردوە کە مەتەڵێکی سەیری ژیانی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵاتە . مەلای توودەیی و سەلاح یەکانگیر ئەبن لۆ ڕژاندنی جەهر و ڕق و تووڕەیی کۆنیان لە دژی ئەحمەد تۆفێق . وەک ئاماژەی پێکرا ، ئەمەش یەکەم هاوهاوی توودەیی یەکان و بنەماڵەی ئیلخانی نیە و پێشتر حەمەی برای سەلاح لەگەڵ قاسملوو لە ئاورووپاوە گەڕانەوە بەغداد بۆ ساز کردنی کۆنگرەی سێ و ڕێکخستنەوەی توودەییانەی حزبی دێمۆکڕات . حەمە تڕوتێسکیست بوو و تێکەڵی ئەو وەگەرد قاسملوو توودەیی دیاردەیەکی ناشازی ترۆتێسکیستەکانی کوردستانە کە لە شوێنێکی تردا یوسف زۆزانی ترۆتێسکیستی ڕۆژئاوایی تێکەڵی جەلال تاڵەبانی و یەکیەتی نیشتمانیی کرد . حەمە لە گەڕانەوەی بۆ کوردستان پاش ڕاپەڕین ، کرا بە دەمڕاسی ماڵە مەلا عێزەدینی حوسەینی و دواتر لە هەڤاڵ خەجۆی ئاڵای ڕزگاری ، کە مائۆئیست بوو نزیک بوەوە و خواستی و بە ڕواڵەت ژیانی خاو و خێزانی لەگەڵدا پێکەوە نا بۆ ماویەک و خێراش وازی لێ هێنا و ژیانی سیاسی ئەو ئافرەتە ئازا و ناودارەی کوردی تێکدا و خەجۆ ئیتر قەت نەبووەوە بە خەجۆکەی جاران و ناوی لە ناو ناواندا نەما . وەک ئەم چیرۆکەی حەمەی برای سەلاح دەری ئەخات ئەوان(ئیلخانیەکان) قەت لەئاستی مسکین و عەوڵا شکاک دا نەبوون کە خۆیان بە بیر و باوەڕ و بەزمی ئایدێۆلۆژیکی یەوە ببەستنەوە .

عومەر سادق نگڵی لە نامەیەکی پاکانە وبە ڕواڵەت ڕاستکردنەوەی هەڵەی شێخ جەمیلی مەردووخی لۆ یاسین سەردەشتی بڕە زانیارێکی سەیر و سەمەر لە مەڕ حزبی شۆڕشەوە دەرئەخات کە دەق دژی وتەکانی سەلاحە . یاسین سەردەشیتیش نامەکەی لە ئینترنێتا بڵاو کردوەتەوە (http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=cfd4017b) . شێخ جەمیل و مەلا ڕەحمانی سێفەتاڵە دوو لەوانە بوون کە تێکەڵێکی نزیکان لەگەڵ بیری نەتەوەیی لە باشوور ( کاژیک ) هەبوو و زۆر لە نزیکەوە حزبی شۆڕش و بەزمەکەیان ئەناسی و گێڕانەوەکەی عومەر نگڵیش کە بەزمی سازکردنی حزبی شۆڕش وەک کایەی منداڵان و ماڵە کوچیلانە منداڵان باس ئەکات ، فرەتر بۆچوونی شێخ جەمیل و ئەو باسانەی کە من خۆم لە مەلا ڕەحمانەوە بیستوومە ، لە مەڕ ساواکی بوونی ئەو بە ناو حزبە ، پشت ڕاست ئەکاتەوە . عومەر نگڵی و سەلاح و کمۆنیزمی ڕووسی و چینی ، ئەحمەد تۆفێقیان وەک لەمپەرێکی گەورە بۆ سەر کار و بەرنامەی خۆیان ئەبینی و لە دژایەتی کردن و لێدانی ئەحمەدا لە هیچ شتێک سڵیان نەئەکردەوە. بەڵام ئێستا پاش تەمەنێک دوژمنایەتی وەگەرد بارزانی و ئەحمەد بە تایبەتی ، هەموویان خۆیان وەک دۆست و نزیکی بارزانی وئەحمەد نیشان ئەدەن و چیرۆک لە سەر چیرۆکی درۆ هەڵ ئەبەستن کە بیسەلمێنن کە گوایە چەندە لەگەڵ ئەحمەدا تێکەڵ و نزیک بووگن .

زانیاری یەکانی عومەر نگڵی ساڵی سازکردنی ڕێکخراوی خوێندکارانی سەلاح بەوە بەدرۆ ئەخاتەوە کە فاتێح دەستی بووبێت لەو کارەدا کە ئەبی پاش ١٩٦٠ بووبێت . بە گوێرە نگڵی بێت ، ئەو نامەی پاکانە بە سەلاح نەدراوە و پێویستیان بە کەسێک وەک سەلاح نەبووە و ئەوان پێشتر پێوەندیان بە دێمۆکراتەوە بووە . نگڵی ئەوە بۆ خۆی دائەنێ کە لە نامەکەیدا ئێژێ " من هەر هاتمە ناو حیزبی دیموکرات بەبێ ئەوەی نهێنییەکان بدرکێنم ، باسی پرۆسەی پێکهاتن و هەڵسوڕان و مەسیری تێکۆشان و دواییهاتنی کۆمەڵەی شۆڕشم نووسی و دام بە كاك ئەحمەد تۆفیق و فایەق، وە هەر دوای ئەوە زەین و نەزەریان دەرحەق بە کۆمەڵەی شۆڕش گۆڕاو داوای لێبووردنیان سەبارەت بەو ئیعلامیەی خۆیان لەمن کرد." ئەگەر ئەم پەیڤە لە دامەزرێنەری حزبی شۆڕش وەرگرین ئیتر لە ساڵی ١٩٦٢ دا حزبی شۆڕشێک نامێنێ هەتا سەلاح بکەنە هەڵگری نامەی پاکانەیان لای دێمۆکرات . حزبی شۆڕش و ئەوانەی جەمیل مەردووخیش هەموو چووبوونەوە ڕیزی دێمۆکڕاتەکەن . ئەم چوونە ڕیزی حزبی دێمۆکڕاتە ڕاست ئەوە بوو کە ساواک دای ڕشتبوو کە نەک تاکە کەس بەڵکو بە کۆمەڵ و بە بەرنامەی حزبی یەوە خەڵکی خۆی بخزێنێتە ناو ڕیزەکانی حزب دێمۆکڕات . ئەم هەمووە ناتەبایی و دژبەریی یە لەوە سەرچاوە ئەگرێ کە سەلاح و هاوپێڕەکانی خۆیان بە دار وبەردا ئەدەن کە پێشینە و پاشەڵ پیسیان بشۆرنەوە و لەم کارەشیان سەرکەوتوو نەبووگن و فرەتر ماکی خۆیان وەک دەسکەلای ساواک دەرئەخەن .

خاڵی گرینگ ئەوەیە کە نگڵی ئێژێ فاتێح دواتر چووە تاران و لەگەڵ هاوڕێیانی ( کام هاوڕێ ؟ ) ڕێکخراوی خوێندکارانیان پێک هێناوە کە ئەبێ لە سەروبەندی ساڵی ٢- ١٩٦١ بووبێت . سەیریش لەوەدایە کە نگڵی بە پێچەوانەی هەموو کەسێکەوە باسی "کۆمەڵەی شۆڕش " ئەکات نەک حزبی شۆڕش و خۆی وەک فەقێ و کەم تەمەن و فاتێحی تەمەن گەنج و خوێندکاری ناوەندی وەک دامەزرێنەر ئەناسینێ . وەک زانراوە و نگڵیش باسی ئەکات حزبی شۆڕشی یەکانیش ، سەلاح و محەمەدی ئیلخانیزادە ئاسایی ئەنێردرێنە باشوور و بە تەمای دزەکردنە ناو ڕیزی دێمۆکراتەکان بوون کە هیچیان بۆیان نەچووە سەر، لێ لە دژایەتی کردن و ئاژاوە نانەوە لە دژی حزبی دێمۆکرات ، یەکیان گرت و پێکەوە گەیاندیانە پێک هێنانی کۆمەڵەی ڕزگاری یەکەی سەلاح و ئەویش هەر لە سەر سک لە باربرا و سەلاح وقورمیشکەرانی مایە پووچ دەرچوون . لەوانەیە زۆربەی خەڵکی مەریوان و دەوروبەری لە بیریان بێت کە پاش ڕووخانی ڕژیمی قولیزادە ، عومەر نگڵی لە لایەن خەڵکی مەریوانەوە بە تاوانی ساواکی بوون ئەگیرێت و ئەویش لۆ پاکانە خۆی ئێژێ کە کاری " بروون مەرزی " کردوە واتە لە دەرەوەی وڵاتی عەجەمان کە کوردستانی باشوور ئەگریتەوە . پاشان ئەم ساواکیە " بروون مەرزیانە " دوای شکانی هەموو پیلانەکانیان ئەگەڕێنەوە ئێران و ئەچنەوە بەر دایک و ساواکیش وازیان لێ هەێنێ و باسی لێخۆش بوونێکی شاهانە ئەکەن کە تەنیا سەلاح و حەمەی ئامۆزای و بەردەس و مەیتەرەکانیان وعومەر نگڵی گرتووەتەوە و تاقە

یەک کەسێش لە ڕێزی تێکۆشەرانی ڕاستەقینە و بە ئەمەگی کوردێنی ملیان بەو لێ خۆش بوونە نەداوە و وازیان لە ژیانی کوڵەمەرگی پێشمەرگایەتی ئەو کاتەی باشووری کوردستان نەهێناوە .

نازانم کە کاتی خۆبەدەستەوەدانی سالاری (سالحی ) حەیدەری و سەناری مامەندی هاوکات بووبێ لەگەڵ ئەوەکەی سەلاح و حەمە یان نا بۆیە ئێژم هەر ئەوان گەڕانەوە . سەیریش نیە کە تاوانی ساواکی بوون لە سالار و سەناریش لە ئارادا بوو و ناویان لە ناو زڕاوەکانا ئەبینرا . لەوانەیە کە هەر ئەم هۆ بووبێتە هۆکاری ئەوە کە سەلاح لە بەزمی نووسینەوەی داواکاری کورد لە مهاباد ، سەناریشی بانگهێشت کردبێ و خاڵی هەشتی پچێک پێ خاو کردبێتەوە وەک ئەیگێڕنەوە . سالار و سەنار برادەری زۆر لە یەکتر نزیک بوون و سالار ئەگێڕایەوە کە پاش خۆبەدەستەوەدانیان ، لە تەورێز ئەژیا و ئەیخوێند و جاروبار سەنار بە خۆیەوە و ئۆتۆمۆبیلێکی پڕ لە چەکدارەوە لە بەر دەرکیماڵەکەی قوت ئەبوونەوە بۆ سەردانی کە بەڵگەیە بۆ سەربەستراوی هەرتکیان بە ڕژیمەوە ئەگینا کاری وا سەرچڵانە لەو کاتەدا بۆ کەس دەستی نەئەدا . سالار لە ڕێگەی مەلا سەید ڕەشیدەوە خۆی لە یەکسانیی نزیک خستەوە و خۆی تیا حەشاردا هەتا کاتی هەڵاتنی لە ئیران کە بەرپرسی یەکەم و گشتی ئیران ناسیونال بوو و پێشتریش جێگری داریوشی فروهەر ، وەزیری کاری سەردەمی بازرگان بوو . سالار لای من ئەی درکان کە وتەی مەلا سەید ڕەشید بۆ ئەو وەک ئایەی قورئان بۆ فەقێ و مەلایانە و زۆرباشیش ئەی زانی کە مامۆستا لەو پەڕی دەست کورتیدا ئەژیا و پاش شەهید بوونی مەلا سەید ڕەشید خیری یەک تاقە قڕان و فلسی بۆ خاو و خێزانی مامۆستا نەدایەوە لە کتێکدا سالار لەوپەڕی دەست ڕویشوویی دا ئەژیا و هەموو دەرەتانێکی ئابووری لەو پەڕی خۆیدا هەبوو . خوا بیگرێ بۆ ئەو سپڵەیی و بێ ئەمەگی و درۆیانەی . سەناریش خۆی بە چریکە فەدایی یەکانی ئێرانەوە هەڵواسیبوو و دواتر چووە ڕیزی حزبەکەی قاسملوو .

بێنەوە کن هۆمەر نگڵی ، هەویری ئەو کۆمەڵەی شۆڕش ەی عومەر نگڵی یە ئاو زۆر هەڵ ئەگرێ . نگڵی لە هەمان نامەدا سەبارەت بە فاتێحی هاوخەباتی ئێژێ " کاك فاتیح شێخولئیسلامی (چاوە) : کە پێڕەو پرۆگرامی کۆمەڵە( مەبەستی حزبی شۆڕشە - کاردۆخ) کە یەکەم ڕەشنووسی لەلایەن ئەوەوە نووسراو ئامادەکرابوو، دواتر لەدەورانی دانیشگا بەهاوکاریی هاوڕیانی تر یەکێتی خوێندکارانی کوردیان پێکهێناو پاشان یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی سەرەتایی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیی زەحمەتکێشانی کوردستان بەرابەری کاك فوئاد مستەفا سوڵتانی " . سەردەمانێک کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ ئەوەیان بڵاو کردەوە کە گوایە ئەمان درێژەدەری شەڕە چەکدارانەکەی ٤٦-٤٧ ن و سمایلی شەریفزادەیان لۆ ئەو مەبەستە بەکار ئەهێنا . کەچی ئەوتا نگڵی لێرەدا پێوەندێکی دیکە زەق ئەکاتەوە کە ئەبی هاوڕێیانی کۆمەڵە بە هەموو بەشەکانیەوە پێی ڕاتەوڵێن . بێجگە لە وێک چوونی ناوی کۆمەڵەی شۆڕش و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ ، ئەوەتا فاتێح دامەزرێنەری سەرەتایی هەردووکیان بووە و بەمەش هەردوو کۆمەڵەکە پێکەوە گرێ ئەدات لە باری مێژوویی یەوە و ئیتر بوارێ ئەڕای بەزمی ٤٦-٤٧ نامێنێتەوە ، مەگەر ئەوەی کە ئەویش بە بەشێک لەو بەزمەی ساواک بزانین بە بەشداری سەلاح و فاتێح و عومەر و محەمەد و لاشایی و بەکرەجۆ .

جەمیل مەردووخی لە بیرەوەریی یەکانیدا ئاماژە بە بیر و بۆچوونی سەلاح لە مەر بەکار هێنانی " کۆمەڵە " ئەکات و ئێژێ کە : " کاك سەلاح لەگەڵ ئەو ڕایەدا بوو کە بەر لەدروستبوونی حیزبی دیموکرات، عەشایرەکان یەکیان گرتووە و بەو یەکگرتنەیان وتوە کۆمەڵە، ( ئەبێ مەبەستی کۆمەڵەی ژ ک بووبێت ئەگینا کۆمەڵەی عەشایر و عەشایری لە مێژووی کوردستان قەت نەبووە و دەبا جەنابی سەردەشتی مامۆستایان چکەێک وریاتر با ئەم تێکەڵ و پێکەڵیەی تۆمار نەکردبا - کاردۆخ) دوای جمهوریەتی کوردستانیش بە حکومەتەکەیان وتوە حکومەتی کۆمەڵە، ( کە واتە کۆمار، کۆماری یەکیەتی عەشیر بووە ، لۆ ئاگاداری سەردەشتی - کاردۆخ) ئێستا لە وڵاتی موکریان ( ئەدی کرماشان و ئیلام و سلێمانی و بەغداد چی ، خۆ کۆمەڵەی ژ ک دەستی گەیشبوە ئەو ناوچانەش و کوردی فەیلی مافی خۆیانە بەرۆکی سەردەشتی بگرن و داوای ڕوونکردنەوەی لێ بکەن – کاردۆخ ) ناوی کۆمەڵە ناوێکی غەریب نییە، ئەگەر وتت کۆمەڵە، عەشایرو مەلاو کاسبکارەکان ( ئەمەش دوور کەوتنەوەیەکی تر لە ناوەرۆکی پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵەی ژک کە بەشی هەرە سەرکی و دیاری توێژی مام ناوەندی خوێندەواری شاری بوون – کاردۆخ ) یەکسەر ئەزانن ئەو کۆمەڵەیە کە لەکاتی خۆیدا حکومەتی کۆمەڵەی ( ئەدی حزبی دێمۆکڕات چی لێ بە سەرهات ، خۆ لەکاتی کۆمار و ئاڵادا ئیتر کۆمەڵەی ژ ک نەمابوو ، وادیارە کە سەردەشتی ئەرکی میرزاییەکەی بە باشێ بەڕیوە نەبردووە و هۆکەی چێە ، مەگەر هەر خۆی بزانێ – کاردۆخ ) پێکهێنا ئاڵای کوردی هەڵکرد ". پێوەندی فاتێح و سەلاح و نگڵی و شێخ جەمیل لە پێوەندی لە گەڵ یەکیەتی فەقێیان و قوتابیانی پێش حزبی شۆڕش و دواتر حزبی شۆڕش و کۆمەڵەی ڕزگاری و بەزمی سیاسیان لە سەرەتای ١٩٦٠ەوە هەتا ١٩٧٩ ، لە وتەیەکی شێخ جەمیل کە لە بیرەوەیی یەکانیدا هێناویەتەوە ، تا ڕادەیەک بە قووڵی دەر ئەکەوێ . جەمیل یان باشترە بێژین سەردەشتی لە زمانی جەمیلەوە ئێژێ : " با بزانین دوای ئەوەی لەساڵی 1979 دا شۆڕشی ئێران سەرکەوت، کێ ئەم کۆمەڵەیەی(مەبەستی کۆمەڵەی ڕزگاری یە – کاردۆخ ) هەڵوەشاندەوەو ئەم کۆمەڵەیەی ئیستای لێکەوتەوە، من واتێدەگەم ئەمجارەش بۆچوونەکان وەك جاری پێشوو بووە، بەڵام بەدیوی چەپدا وەرچەرخا . چونکە فاتیحی شێخولئیسامی ئیشارەتێکی کرد بەدامەزراندنی کۆمەڵە لەکاتێکدا من موناقەشەی ئەوەمدەکرد کە کورد دوای سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە چی بکات باشە **!فاتیح وتی ئێمە چەند حیزبێکی وردی پێشکەوتووین هەموومان یەکئەگرین و ناوی خۆمان دەنێین کۆمەڵە !وتم کۆمەڵە هەیە چۆن ناوی خۆتان ئەنێن کۆمەڵە؟ ! وتی ئەم کۆمەڵەیە وەك ئەو کۆمەڵەیە نییەو لەگەڵ کاك سەلاح قسەمان لەسەر کردووەو هەموو شتێکمان تەواوکردووە** " . لێرەدا و بە گوێرەی ئەم وتانەی جەمیل بێت ئەوە ئیتر چیرۆکی عەبەی موهتەدی و حەمە حسەینی کەریمی و فوئادی موستەفا سوڵتانی و سازکردنی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ لە ساڵی ١٩٦٩ یان ١٩٦٨ دا بەتاڵ ئەبیتەوە و ئەبی سەلاح چیرۆکێکی دیکە ، جیا لەوەی کە ئێژێ عەبە لە چاوپێکەوتنی زیندانا بە هێما پێی ڕاگەیاندوە کە کۆمەڵەیان ساز کردوە، ساز بکات و یان ئەوەتا وت وێژی دوو هاوڕێی کۆنی پێش حزبی شۆڕش و یەکیەتی خوێندکارانی تاران و کۆمەڵەی ڕزگاری بە درۆ بخاتەوە . سەلاح لە چاوپێکەوتنەکەی دا ئێژێ

که کۆمەڵەی ڕزگاری قەت هەڵ نەوەشایەوە لێ ئەوتا فاتێحی هاوهاوی کۆمەڵەی شۆڕشگێر بە جێگری کۆمەڵەی ڕزگاری دائەنێ و لەگەڵ کاک سەلاحیش " قسەیان لە سەر کردوە و هەموو شتێکیان تەواو کردووە " . ئەم بابەتە زانیاریانە فرەتر لە هەموو کەسێک ئەشی سرنجی ئەو کۆمڵە مرۆڤە دەروون پاک و دڵسۆزانە ڕابکێشێ کە لە ڕیزی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕدا خەباتیان کردووە و پێوەی هێلاک بوون و ژمارەیەکی زۆریشیان گیانیان لە پێناوی دا بەخت کرد .

عومەر نگلی هەر لەو نامەدا لە باسی عەلی قوتبی دا ئەو پێکەوە گرێدراویی یەی هەر دوو کۆمەڵەکە دووپات ئەکاتەوە . نگلی ئێژێ : " عەلی قوتبی بێسارانی ... بەدوای شۆڕشی 57 دا (1979/ سەردەشتیی) لەگەڵا ( ئەم وشەیە هی سەردەشتیە - کاردۆخ ) کۆمەڵێك لەهاوڕیانی دێرین کۆمەڵەی یەکسانیان پێکهێنا . بەڵام لەئاخردا **هاتەوە ریزی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕو** پێشمەرگە بوو لە بێساران، لەشەڕێکدا لەگەڵا تاقمێك کە ناوی خۆیان نابوو "رزگاری" و سەر بە بەعسی عێراق بوون گیانی بەختکرد". مەلا عومەر کابرایێکی شاعیر و کوردی زانە و ناکرێ ئەوە بە هەڵەی نووسین دابنرێ کە ئێژی عەلی " هاتەوە ڕیزی کۆمەڵەی ..." چونکە بۆ خۆی لە هەموو کەس باشتر و فرەتر ئەزانی کە عەلی کۆمەڵە نەبوو هەتا بێژێ " هاتەوە " لە جیاتی " هاتە " ڕیزی کۆمەڵەی ... مەگەر ئەوەی کە نگلی لە هەردوو کۆمەڵەکە بە یەکێک بزانێ و هاتنەوەی عەلی قوتبیش هاتنەوە بۆ هەمان کۆمەڵەی شۆڕشی پێشووی واتە حزبی شۆڕش مەبەستی بووبێت کە ناوەکەی گۆڕدراوە بە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ . سەرەڕای ئەمەش ئەوە درۆیەکی سووک و چرووکی کمۆنیستانەی بابەتی سەلاحیانەی نگلی یە کە بۆ عەلێ قوتبی هەڵی ئەبەستێ . من خۆم لەگەڵ پۆلە پێشمەرگەیەکی یەکسانیی چوومە بێساران پاش شەهید بوونی عەلی قوتبی (کاک سالاری یەکسانیی) و لە ڕێگادا لە نگڵ لاماندا و منیش بوومە میوانی مەلا عومەر کە ئەمانزانی هاوڕێی کۆنی عەلی قوتبی لە حزبی شۆڕش دا بوو و یەکێک لە دوو جەریدەی ناتێقەکەی ئەو حزبە بوو . هەر لەوێ قورئانە بەناوبانگەکەی نگڵم بینی و مەلا عومەرچیرۆکی ئەو قورئانە و باوکی لۆ کردم . مەلا عومەر لەگەڵمان کەوت بۆ بێساران و لەوێش بەشداری رێ وڕەسمی ڕێز گرتن لە کاک سالار لە لایەن کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان ەوە بوو و لە گەڕانەوشدا هەر لەگەڵمان هاتەوە هەتا نگڵ و بڕە شێعرێکی خۆیشی کە پێشمەرگەکانی یەکسانیی پیان خۆش بوو خەڵاتی ئەوان کرد و دواتریش من خۆم یەکێک لەو شێعرانەم لە بڵاەکراوەیەکی یەکسانیدا بڵاە کردەوە . هۆکاری ئەمەش تەنیا شێعرەکە نەبوو بەڵکو ئەو ڕاستی یەشی لە پشت بوو کە عومەر نگلی هێشتا نەگەڕابوەو ناو کۆمەڵە نوێ کە ، جوور تێگەیشتنی خۆی و دووراودوور لایەنگری لێ ئەکردن . جا ئیتر ئەوە ئەمێنێتەوە عەمەر نگلی خۆی و خوای خۆی و دادوەری و ڕاست کردنەوە و ویژدانی خوێنەرانی خۆی و ئەم نووسراوەش کە بڕیار بدەن کە چۆن ئەبێ کە هێشتا نگلی خۆی لە سەروبەندی شەهید بوونی عەلێ قوتبی دا نەگەڕابێتەوە بۆ کۆمەڵەکەی پێشووی بەڵام عەلی قوتبی کۆنە دێمۆکرات و دەیان ساڵ تەڤ بوون وئاوێتەی خەباتی کوردێنی لە گەرمێن و کوێستان و دامەزرێنەری کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان " هاتەوە ڕیزی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ "ی فاتێح .

## تەپ و تۆزی کوردایەتی و شۆڕشگێڕانەی سەلاح

لە چاوپێکەوتنەکەی دا سەلاح خۆی وەک کەسێکی بە بیر و باوەڕی قووڵی کوردایەتی بە خەڵک ئەناسێنێ و وای ئەنوێنێ کە هەر لە سەرەتاوە بڕوای بە یەکبوونی کورد و ساخکردنەوەی کوردستانی یەکگرتوو بوو . گوایە ئەو ڕێکخراوی خوێندکاری یەی کە باسمان کرد بەو بیر و باوەڕی کوردستانی یەوە دامەزراندوە و لە گەرمیانیش کۆمەڵەی ڕزگاری هەر هەمان مەبەستی دواگرتووە و شوولیشی لێ هەڵ ئەکێشێ و خۆی لە بارزانی و تەنانەت " مەکتەبی سیاسی پارتی و جەلال تاڵەبانی و هاوڕێکانی " بە کوردتر ئەزانێ و هۆکارێک کە گوایە نەیتوانیوە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بکەوێ ، هەر ئەو بیرە کوردستانی یە بووبێت . ئەوەی کە سەلاح لۆ ئەو بیرە درۆزنانەی کوردستانی یە ، چی کردوە و چ بەرهەمێکی لۆ کورد و کوردستان لێ کەوتوەتەوە ، لە حزبی کمۆنیستی کریکاری دا باشتر و ڕوونتر لە هەموو شتیک دەرئەکەوێ و کاڵای کوردستانی بوونی سەلاح بەتاڵ ئەکاتەوە . سەلاح یەک لەو هۆکارە سەرەکیانەیە کە ئەوەندە بیری کوردێنی یەی کە لە هزری جیلی نوێ و توێژی خوێندەواری تازەپێگەیشتووی ئەم دوایانەی کۆمەڵگای کوردستان وەک بەرهەمی ڕەوتی گەشەی سەرمایەداری ، چەکەرەی کردبوو ، لە ناو برد و فەوتانی .

زۆربەی تێکۆشەرانی ناسراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ خاوەنی هزری نەتەوەیی و چەپانەی سەردەمیان بوون و خەباتی نەتەوەیی و چینایەتیان بە گرێدراوی لە کوردستانا ئەبینی . لە کاتێک دا کە ئێمە لە سەقز پاش دانانی " فێرگەی خوشکە لەیلا " لە سەردەمی ڕاپەڕین کە هێشتا ڕژیمی قولیزادە نەڕووخابوو ، " بنکەی بووژانەوەی فەرهەنگی کورد " مان دەم و دەست دوای ڕووخانی قولیزادە دامەزراند و لە بواری کار و فرمانی فەرهەنگی کوردی دا بڕە دەسکەوت و پێشکەوتنێکمان دەستە بەر کرد ، فوئاد سەردانی بنکەی کرد و لەگەڵمان بوو بۆ ئەو بابەتە فرمانە فەرهەنگی یە . لەو سەردانەدا پێشنیاری ئەوەی کرد کە کارەکەمان لە ئاستی کوردستانا پەرە پێ بدەین و لق و پۆ لە هەموو شارەکانی کوردستانا دامەزرێنین و خۆیشی هەر شتێکی پی هەڵ سووڕیت ئەوا ئەیکات و هەر بۆ خۆیشی بڕێکی زۆر بەڵگەی سامان و دارایی کۆکردنەوەی ئێمەی لەگەڵ خۆی برد بۆ ئەوەی بۆمان ساخ بکاتەوە و بیکاتە دەسمایە بۆ دامەزراندی لقی بنکە لە شاری مەریوان . دیارە کە ئێمەش ئەو هەڵوێستە نەتەوەیی یەی فوئادمان بە گەرمە وەرگرت . ئەو هەڵوێستە نەتەویی یەی فوئاد ئەبووە هۆی ئەوە کە بە سەر ئەو هۆکارانەی کە کارە فەرهەنگی یەکەی ئێمەی لە شارێک وەک سەقزدا قەتیس کردبوو، زاڵ بین . گومان لەودەدا نیە کە بۆچوون و هەڵوێستی نەتەوەیی و کوردی فوئاد لەو ئاستەدا بوو کە دەم و دەس و بە یەکجار سەردان ئاوەها هەڵوێستێک بگرێت و هەنگاویشی لۆ هەڵ بگرێت . ئائەم فوئادە بە هەڵوێستی

نەتەوەیی و چینایەتی پێشکەتنخوازانە و سەردەمیانە پاشان بە مەبەست ، کویر کرایەوە و ئەو هەرای پۆپۆلیزمە کە دواتر بوو بە بنێشتەخۆشەی ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەکەی فوئاد و حەمە حسەین ، بۆ کوێر کردنەوە و سووک کردنی ئاوەها بابەتە کاسایەتێک بە مەبەست نرایەوە و ساز کرا و سەریش کەوت .

پۆپۆلیزمەکەی فوئاد و حەمەحسەین ماک و گەوهەری کوردێنی سەردەمیانە بوو و تایبەتمەندی ئەو جیلە نوێ چەپە بوو کە لە کوردستانا سەری هەڵدابوو و پێوەندێکی توند و تۆڵی ژیاریان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانا هەبوو . پۆپۆلیزمی فوئاد و حەمە حسەین و هاوڕێکانیان ، هێما و بەرهەمی ئەو پێوەندی بوو لەلایەک و لە لایەکی دیکەشەوە هۆکاری پتەو کردنی ئەو پێوەندیە و ڕەنگدانەوەی دیالێکتیک و سرووشتی ژیاری ( ئۆرگانیکی ) ئەو بابەتە تیکەڵی و پێوەندی یە بوو . مێژووی سەرەتایی کۆمەڵەش و هەڵدانی بۆ ئاستی هێزێکی گەورە ، پێش لە گشت هۆکارێک هەر هەمان پۆپۆلیزم بوو . هەرای دژە پۆپۆلیستی لە ناو کۆمەڵەی شۆڕشگێر، چەک و هۆکارێک بوو کە کۆمەڵەکەی حەمەحسەین و فوئاد و هاوڕێ و هاوبیرەکانیان بکەن بە کۆمەڵەکەی سەلاح و فاتێح و عومەر نگلی و بەکرەجۆی گۆرین و بە خشکە ڕێگا خۆش کردن ئەڕای سازکردنی حزبی کمۆنیستی چینیانەی دژە کمۆنیستی ڕووسی و ئەو خەون و خەیاڵەی کە لە بەکرەجۆ پووچەڵ کرایەوە و لە مێشکەپە هێنایانە دی . قووڵایی کارەساتە مێژوویی یەکە لەوەدایە کە هێزێکی کۆمەڵایەتی گەورە و بەربلاو لە مێژووی کوردستانا وەک بەرهەمی ڕەوتی گەشەی سەرمایەداری ، سەری هەڵدابوو و لە کێشیدا بوو کە دۆزی کوردی بە شێوازێکی سەردەمیانە بەرەو ئاستێکی بەرزتر لە جارانی ببات ، لە ڕێ لادرا و بوو بە دەسکەڵای پیلانگێڕی و سیاسەتی ڕکەبەری و ڕقەبەری هێزە ناوچەیی و جیهانی یەکان و ڕۆڵەی کورد و مافی کوردان بە چینی ڕەنجدەر و زەحمەتکشیشەوە ، تێیدا قوربای کرا . سەلاح ، وەک ناسری ڕەزازیش لە چاوپێکەوتن لە گەڵ میدیای ڕووداوا بە خشکە و نیوەچڵی ئاماژەی پێ ئەکات ، ئەندازیاری کۆن و نوێی ئەم کارەساتە بوو وەک لەم باسەی ئێمەدا لێگرە دەرئەکەوێت . مەلا عەوڵای پێش نوێژی گشتی سەقز کاتی خۆی سەلاحی باش ئەناسی و هەر ئەوەندە باسی دەوری خراپی کەسێک لە کوردستانا بهاتبا پێشەوە ، ئەیگوت نا بابا ئەنگۆ نازانن ، " فیتنەی " گەورە لە کوردستانا سەلاحە . ئەودەم هەمووان بەو وتەی مەڵا عەوڵا پێ ئەکەنین بەڵام ئەوەتا ئێستا دەرئەکەوێت کە رامانی ئەو بە ڕاست گەڕا .

ئەوەش تەنیا فوئاد و حەمەحسەین و خانێ ( سەعیدی موعینی ) نەبوون کە خاوەنی هزری نەتەوەیی بابەتی سەردەمیانەی خۆیان بوون . لە یەکەم چاوپێکەوتنم دا لە گەڵ برایمی عەلیزادە لە وەردێ و بنێوخەڵەفی سەردەشت ، هەر هەمان هەستی نەتەوەییم لەویشدا بەدی کرد و عەلیزادە دەستەواژەی " کۆمەڵەی جوت دیفری " ( دەستەواژەی مکانیک و 'فیتەرە"کانە کە بۆ ئۆتۆمۆبیل بەکاری تێنن و هێمایەکە بۆ بەهێزی و کێشی دووقات ) بۆ نزیکایەتی کۆمەڵەی یەکسانیی و کۆمەڵەی شۆڕشگێر بەکار هێنا و وەک هۆکارێک بۆ ڕزگاری کوردستان و خەڵکەکەی لەم سەردەمە نوێیەدا و بە دەستی جیلی نوێی خوێندەوار و شۆڕشگێڕ و چەپی کوردستان ، ئەی نرخاند . هەر لەم پێکی یە ، ساعدی وەتەندووستم هەر لەو سەروبەندەدا لە ئاڵان بینی و لە کاتی چاوپێکەوتنەکەماندا لە بێژوێ ( هەموویان لە دەوری ماڵە مەلا عێزەدین خڕ ببوونەوە ، بە عەبە و سەلاحی موهتەدی و سەرهەنگ عەلیاری خزمانیەوە و پێم وایە ساعد لەو کاتەدا نەی ئەزانی کە خزمی نزیکی سەلاحە ) گوێمان لە تەقە و شەڕە تفنگی پێشمەرگاکانی یەکیەتی نێشتمانی بوو کە پەلاماری سپای عێراقیان دابوو و ساعد گەرم داهات و بە تووڕەیەوە نفرینی سنوورە دەسکردەکانی کوردستانی کرد و بە سەر مندا ئەیگوڕاند کە بۆ ئەبێ ئێمە خۆمان بەو سنوورە نفرین کراوانەوە ببەستینەوە ، کورد کوردە و یەک چارەنووسمان هەیە . لە گەڕانێکدا لە دەوروبەری بۆکان و هەر لەو سەرونەندە دا ، جەعفەری شەفێعیم بینی کە پۆلە پێشمەرگەیێکی یەکیەتی نیشتمانی لەگەڵ دابوو و مەحموود (خۆلەی ) سەید عەلی فەرماندیان بوو . خۆلە فەرماندەی شەڕی کەرەفتوو بوو و ئەوەی بە چاومدا دایەوە کە ئەوان ئاغاکانیان بۆمان فت کرد لەو شەڕەدا کە دیارە ڕاستیشی ئەکرد . جەعفەر زۆر لەوە تووڕە بوو کە خەڵکێکی زۆری شاری بەزیبوون و گەڕابوونەوە بۆ " بەستەنی و پیپسی و کۆلا خواردن" ( ئەمانە پەیڤی جەعفەر بوون ) و ئەیگوت جا بە ئائەوانەوە کوردستان چۆن ڕزگار ئەبێت . باسی ڕزگاری کوردستان بە لای ئەو بابەتە کەسایەتیانەوە وەک جەعفەر و هەموو ئەوانی دیکە فرمانێکی پەسەندکراو و جێگەی باوەڕ بوو و خەباتی خۆیان لەو ئاقارەوەو ئەبیبی . بینینی ئەو پۆلە پێشمەرگە کارامەی یەکیەتی لەگەڵ جەعفەر بۆ من بوو بە مەراق و ئەو پرسیارەم لا دروست بوو کە بۆچی ئەم کارەش لەگەڵ فوئادا نەکرا و پۆلە پێشمەرگەیەکی ئالەو بابەتەی خولە، لەگەڵیدا نەگەڕانەوە بۆ دەوروبەری مەریوان و بەو شێوە و بە تەنیا باڵی بە گورگان خوارد درا و دڵنیام کە ئەگەر ئەوەی لەگەڵ جەعفەر کرا بۆ فوئادیش بکرابا ، ئەوە فوئاد وەک ئەوانی تر ئەمایەوە و چارەنووسی کۆمەڵەی شۆڕشگێر شتێکی تر دەرئەچوو. ساڵانی دواتر هەمان خولەم بێنیەوە ( لە مالوومەی دیوی گەرمیان ) و ئەم جارە ببو بە ئاڵای شۆڕش و کە باسی ئەو دیدارەی بۆکانمان گێڕایەوە گوتی لەو کاتەدا مام جەلال کردبوومی بە "حیمایەی " ( منیش بۆم کرد بەلەلەی ) دوکتور عەزیز (جەعفەر ) . ئەم باسەش پێوەندی بەو وتەی سەلاحەوە هەیە کە لە چاوپێکەوتنەکەدا ئێژی ئەو پێوەندی خۆی و جەلال تاڵەبانی و یەکیەتی نیشتمانیی لۆ بەرژەوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بەکار هێناوە . ئەوتا ئەبینین کە جەعفەری شەفێعی خێری لەو ئاغایەتیەی سەلاح بینی ، بەڵام فوئاد لێی بێ بەش بوو و ئەو بێ بەشیەش بە نرخی گیانی بۆی گەڕایەوە و کوردیش کەسایەتێکی لە کیش چوو کە وردە وردە بەرەو کەسایەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی شۆڕشگێر ئەڕۆیشت .

حەمەحسەین و خانێی ( سەعید ) موعینیم پێشتر ئەناسی و ئەوانیش هزری سەرەکیان ڕزگاری کوردستان بوو . ناسراویم لەگەڵ خانێ لە زیندانی قولیزادەوە دەستی پێکرد و بە هۆی ئەوەوە کە من تاکە کەس بووم کە لە سەر هزری کوردێنی گیرابووم و تا ڕادەیەک چیرۆکی سلێمان و عەبدوڵای موعینی برای خانێم ئەزانی ، لە ڕێگەی کاک شەوکەتی حاجی عەلی یەوە ( خەڵکی سلێمانی و هەڵسووڕاوی شۆڕشی گەرمیان بوو ) کە ئەویش گیرابوو و لەو زیندانەی ئێمەدا بوو زانیاری فرەترم لە چیرۆکی پێشمەرگە دەسکەوتبوو ، باسمان هەر باسی کورد و کوردستان بوو . ئاخر جاریش لە دەرەوەی زیندان لە سەر شەقامەکانی تارانا خانێم بینیم

که باسی چوونی بۆ گەرمیان لەگەڵدا کردم و ئەمەشی هەر لە پێوەندی لەگەڵ بیر و هزری کوردانەی بنەماڵەکەیەوە سەرچاوەی گرتبوو و ڕەنگە سەردەمیانەکەشی بە ئاشکرا بەشی خانێ خۆی بوو.

وەک باسکرا تایبەتمەندی ئاکاری نەتەوەیی کادێر و هەڵسووڕاوانی سەرەکی کۆمەڵەی شۆڕشگێر هێدی هێدی بە چەکی دژە پۆپۆلیستی سڕایەوە و تازە بە تازە سەلاحیش ئەوە ئەهێنێتە گۆڕێ کە ئاکاری چەپایەتی کوڕەکانی کۆمەڵەی زۆر بە دڵ نەبووە و نەیتوانیوە تێکەلیان بێت لە باری ڕێکخراوەیی و بیری کوردایەتی یەوە . بۆ کەسانێک کە کۆمەڵەیان بە حزبی کمۆنیستی کریکاری یەوە ناسیوە ، لەوانەیە ئەم وتەی سەلاح وەڕاست بگەڕێ و هەر واشی ببینن ، بەڵام لۆ ئەوانەی لە نزیکەوە و لە کۆنەوە هەڵسووڕاوان و تێکوشەرانی کۆمەڵەی شۆڕشگێریان ناسیوە ، ئەزانن کە سەلاح چەواشەکارێکی ناشیرین ئەکات و کەسایەتی ڕاستەقینەی ئەو خەڵکە بە مەبەست ئەگۆڕێ ئەڕای لوت بەرزی و خۆ هەڵکێشانی چەکمەڕەقانەی خۆی .

## فسۆس و دژە فسۆس و دژە دژە فسۆس

### مێژوویەک و وانەیەک

ئەیوبی کوڕی شادی ئەندازیاری سەرەکی و یەکەمی ئیمپراتوری ئەیوبی بوو و شێرکۆی برای و کوڕەکانی ، یوسف ( سەلاحەدین) و عادل و توووران شا و خوسرەو شا و تەقییەدینی برازای لە ژێر چاوەدێری ئەو کەڵە مێرە زانایەی کورد توانیان بەرزتری و مرۆڤانەترین ئاکاری کوردانە لە بیچمێکی سیاسی دا پێک بهێنن و نموونەیەکی بێ نموونەی دەسەڵاتی سیاسی بە جیهان نیشان بدەن. سەلاحەدین بەرزترین وێنەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی یە کە دۆست لە دوژمن زیاتر و دوژمن لە دۆست زیاتر ڕێزی لێ ئەگرن . کوردیش هێشتا زۆریان ماوە لەو گەنجینە و لەو سامانە بێ وێنە و پڕ نرخە تێ بەگەن و واز لە بیرۆکەی داعشیانە و عارەبیانە بهێنن کە کەسایەتی سەلاحەدین لە ڕوانگە و بیرۆکەی عرووبە ، بە ئیسلامەکەشیانەوە ، زەق ئەکەنەوە .

سەرەتای هەڵدانی سەلاحەدین لە یەکەم چوونی بۆ مسر و هاوڕێیەتی شێرکۆی مامیەوە دەستی پێ کرد . لە دووهەم چوونی بۆ مسر لە سەر فەرمانی ئەیوبی باوکی و داکۆکی شێرکۆی مامی ، سەرەتای دەسەڵاتی ئەیوبی لە مسر دەستی پێ کرد . پاش مردنی شێرکۆ سەلاحەدین بوو بە دەسەڵاتداری مسر . ئەیوبی باوکی دواتر خۆی گەیاندە مسر و بناغەی ئیپراتوری ئەیوبی داڕژان . ئا لەم کاتەدا ساڵحی تورک و پاشای سووریە لێان دڕدۆنگ ئەبێ و بە تەمابوو هێرش بکاتە سەر سەلاحەدین و پیاو و فسۆسی خۆی ناردبووە ناو دام ودەزگای ئەیوبیان بۆ ئەوەی بزانێ خەریکی چین . لە کۆنوونەوەیەک دا ئەیوب کە بەو فسۆسانەی زانیبوو ، ئەپەیڤی و وێڕای ئەوەی کە تیر و شێری خۆی تەیار کردبوو پەی داکۆکی و پارێزگاری لە خۆیان ، داکۆکێکی گەرم و گوڕ لە ساڵح ئەکات و سیاسەتەکەی خۆی لە ڕێگەی فسۆسەکانی ساڵحەوە بۆ مەبەستی بەربەست کردنی تەوژمی سیاسی و سەربازی بۆ دەسەڵاتەکەی ئەیوبی کە هێشتا زۆری مابوو بخەملێ ، ئەگەیێنێ و تێشیدا سەرکەوتوو بوو.

ئەوە نموونەی مێژوویی لە مەڕ خۆمان و لەم سەردەمەی ئێمەش دا ئەم گەمەیە زۆر قوولتر بووگەسەوە و گەمەی فسۆس و دژە فسۆس و دژە دژە فسۆس و یەک دوو قوناخ قوولتریش تا ئەگاتە دژە دژە دژە دەژە فسۆس ، بوەتە باوی گەمەی سیاسی و فسۆسی و دیپلۆماسی . ئەوەی لەم گەمەیە وەک ڕاستیەکی نکوولی هەڵ نەگری ژیانی سیاسی تێ نەگات ئەوە بە سانایی و بەدەم هەر پەیڤێکی سیاسی و دیپلۆماتیکیەوە بەم لا و ئەو لا دا ئەدات و تووشی سەر لێ شیواوی سیاسی ئەبێت . کامەران بەدرخان و مستەفا بارزانی بە دوو قوڵی فرمانی بزاڤی نەتەوەیی کوردیان لە بەرانبەر نەیارانی تەیار بە دام و دەزگای فسۆسی پێشکەوتوو ، بەڕێوە ئەبرد و زۆر باشیش تێیدا سەرکەوتوو بوون . ئاستی تێکەڵاوی و هاوبیر و ڕایی نێوان بارزانی و میر کامەران و لێ زانی یان لەو بابەتە کێشانەدا، بواری ئەوەیان لە ساواک و ساواکیان بڕیبوو کە بتوانن کارێکی گرینگیان لە دژی بزاڤی کوردێنی لە باشوور پێ بکرێت.

بۆچوون و تێگەیشتنی ساکار و ساویلکانە ئەوەیە کە خەڵکێک دەستی سیخورەکان تەنیا لە تاکە کەس دا ئەبینن کە دزە ئەکەن ناو ڕەوتێکی سیاسی و هەر کاتێکیش پیان زانرا ئەوە پاک ئەکرێنەوە . لێ لەمە قوولتر ئەوەیە کە دەزگایەکی سیخوڕی وەک ساواک بێتو بۆ خۆی ڕێکخراوێکی دژی خۆی ساز بکات و کەوڵی شۆڕشگێڕیش بە بەریا بکات و لە جیاتی تاکە کەس و تاکە فسۆس ، ڕێکخراێک بە کەوڵی شۆڕشگێڕی هاوتەریب وەگەرد بزاڤێک وەکی بزاڤی نەتەوەیی کوردستان ، لۆ فسۆسی و تێکدان بەکار بهێنێت. ئەم سیاسەتە قرێژە هەر لەکاتی بەکار هێنانی مائۆئیزم لە لایەن ئیمپیالیزمی ڕۆژئاواوە دەستی پێکرد و زەق بوەوە . لە مێژووی نوێی ئێران و تورکیەدا ئەم گەمە گڵاوە هەر زۆر زەقە و و دەسەڵاتدارانی سیاسی ئەو دوو وڵاتە لەم ڕێگەوە گورزی گەورە و گرانیان لە نەیارانی سیاسی خۆیان داوە . چریکە فەدایی یەکان گەرەترین گورزی لێدانیان وەبەر کەفت هەر لەم ڕێگاوە . کورد و بزاڤی نەتەوەیی یەکەشی لەم سیاسەتە بێ بەرێ نەبوون بە تایبەت لە سەردەمی هەڵدانی شۆڕشێ بارزانی لە باشوور دا . لە ڕۆژهەڵات ، وەک ئاماژەی پێکرا ، لە حزبی شۆڕشی شێخ نەسرەدینی نەقشبەندی یەوە دەستی پێکرد و هەر بەوەشە نەوەستا .

به لەبەرچاو گرتنی دەوری فاتێحی شێخولئیسلامی لە ساز کردنی حزبی شۆڕش و دواتر پێکەوە نانی یەکیەتی خوێندکاران لە تاران لەگەڵ سەلاحی موهتەدی ، ئەو سیاسەتیەی قولیزادە و ساواکەکەی درێژەی ئەبێ . ئەگەریش وتەکانی عەمەر سادق نگلی و شێخ جەمیلی مەردووخی بە هەند وەرگترین ، ئەوە ئەم دەستە هەتا ساز کردنی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیش درێژەی بووە . سەلاح و فاتێح و عومەر هەر لە بنڕا هەتا سەر دەستیان تێدا هەبووە و هاوڕێ گەلی کۆمەڵەش ناتوانن نکوولی لێ بکەن .

هەڵس و کەوتی بارزانی و ئەحمەد توفیقیش لە ژێر چاوەدێری ئەودا لەم بوارەوە جێگە ڕامانە . بوونی کامەران بەدرخان لە فەرانسە و پلە و جێگە و ڕێگەی لە ناو سیاسەت و دیپلۆماسی ڕۆژئاوا لە ئاستی هەرە بەرزدا ، کارئاسانێکی هەر زۆر کاریگەری هەبوو لۆ بارزانی و شۆڕشی کورد لە باشوور . بۆ پێوەندی لەگەڵ ئامریکا ، بارزانی و کامەران بەدرخان وەک دوو سەرکردەی بە وەج و لێزانی کورد ، ڕێگای خۆیان زۆر باش ئەزانی و کاروفرمانی خۆیان ئەمەشاند ، لە پاریسەوە . سیاسەتی نزیک بوونە لە ئامریکا لەو سەردەمەدا لەو ڕێگاوە کاری خۆی ئەکرد . باڵادەستی کامەران بەدرخان و بارزانی لەو گەمەدا ئەوە بوو کە بۆ تەس دان بە ڕژیمەکەی قولیزادە و ساواکەکەی ، با ئیتر عێراق بوەستێ ، وایان ئەنواند کە ژێر بەژێر خەریکی ئەو کارەن و کەسانێکیان بو ئەو مەبەستە بەکار ئەهێنا کە سوور ئەیانزانی پیاوی ساواک و قولیزادەن و نامەی بەتایبەت نووسراویان بۆ ئامریکایەکان پێ ڕائەسپاردن بۆ دەزگا سیاسی و دیپلۆماتی یەکانی ئامریکا لە ئێران و سوور لێشیان دیار بوو کە ئەو نامانە پێش ئەوەی بگەنە شوێنی مەبەست ، ئەگاتە ساواک . بەمەش ، لەلایەکەوە نرخی فسۆسەکانی ساواکیان هەڵ ئەدا بۆ کارئاسانی ئەرکی دواتریان و ئالی دن ژی مەبەستی خۆیان هەر چێەک بووبێت لەگەڵ ڕژیمی قولیزادە و ساواکا ئەپێکا . سەلاح لە وتووێژەکەی دا ئاماژە بەو ئەرکە ئەکات کە بارزانی لە ڕێگەی ئەحمەد توفێقەوە پێی سپاردوون . شێخ جەمیلیش گوایە بە وتەی خۆی لەم گەمەوە گلاوە و من هێندێکی دیکەش ئەناسم کە مینا سیاسەتی دژە دژە فسۆسی لە لایەن شۆڕشەوە بەکار هێنراون . سەیرەکەش لەوەدایە کە سەلاح ، قاسم ئاغای ئیلخانیزادەی مامیشیمان پێ ئەناسێنێ لەم بوارەدا و بە تەماشە وەک کارنامەی شۆڕشگێڕی بە خەڵکی بفروتێ . لێ وەک باسکرا ئەوە ڕاست پێچەوانەکەی ڕاستە و ئەیسەلمێنێ کە هەم سەلاح و ڕێکخراوی خوێندکاری یەکەی و هەم قاسمی خزمیشی وەک ئامرازی دژە دژە فسۆسی بەکار هێنراون . بەلگەش ، هەر سەلاح خۆی ئەیدات بە دەستەوە . دوو کەسایەتی گەورەی وەک بارزانی و میر کامەران بەو دەرەتان و بوارە بەرفرە و بەو ئاستە بەرزەی کە بە دەستیانەوە بوو ئەبێ چ پێویستیان بە قاسم ئاغایەک هەبووبێت کە پاش ساڵێک وەرامی نامەیەکی لەو ئاستە و بەو گرینگی یەیان لۆ بێنێتەوە و ئیتر دەنگۆی خنکاندنی کوڕە بارزانیەک لە حەوزی بۆکان بە دەسکیسی قاسم ئاغا با بوەستێ کە لەوانەیە بە ساڵا چووەکانی بۆکان و هەتا سەقز و مهابادیش ئێستاش لە بیریان بێت . کورد لە بواری دژە فسۆسی دا ئەوەندە هەڵی دابوو و لێی وەستا بوو کە مەلا عەوڵای مەلا عوسمان و مام موراد و مام حاسڵی عەلی لەیلانی و هاوڕێکانیان ( ئەندامانی کۆنی کۆمەڵەی ژ ک و حزبی دێمۆکرات و کۆنگرەی دوو و کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان ) ڕەچاویان ئەکرد . چەند جار کە هاوڕێیکی حزبیان لە لایەن ساواکەوە ئەگیرا ، ئەوان تەپیان ئەدایە سەر ئەو کەسانەی کە ئەیانزانی ساواکین و خەریکی فسۆسین لە ناوچەکەیان و ساواک گوێ لە هەواڵ و دەنگ و باسیان ئەگرێت و ناچاریان ئەکردن کە ئەو شتیەی ئەمان ئەیانویست لە سەر هاوڕێ گیراوەکەیان بنووسن . لێزانی و کارامەیی دژە دژە فسۆسی کورد بە گشتی لەو ئاستەدا بوو کە ساواک و سەلاح و فسۆسەکانی تر پێی نەدەوەستان و هەموویان بە سەلاحیشەوە بۆڕ دابوون . بەزمی کۆمەڵەی ڕزگاری یەکەی سەلاح و لە سەر سک لە بار بردنی ، نموونەیەکی دیکەی ئەو لێهاتوویی یەی کورد بوو کە وا دیارە سەلاح هێشتا پێی نەزانیوە .

وێنەیەکی دیکەی ئەو لێزانیەی بارزانی ، دەمە قاڵەیەکی سازکراو و لە پێشدا بەرنامە بۆ داڕژاو ، لە نێوان ئەحمەد تۆفیق و ئیدریس بارزانی لە حاجی ئۆمەرانە . لەوانەیە کە سەلاح ئاغا و ساواکی قولیزادە و زۆرێکی تریش هەتا ئێستاش لەو بەزمە تێنەگەیشتبێتن و وەک سەلاح زۆرجار بۆ دژایەتی بارزانی و ئەحمەد بەکاری ئەهێنا ، پیان وابووبێت کە بەرێ (بەڵێ ) ئەوەتا بارزانی دەگەڵ ئەحمەدیش یان ئەحمەد دەگەڵ بارزانی تێکی داوە . لێشیان ناگیرێت چونکە مەبەستی ئەو دەمەقالەیە ڕاست هەر ئەوە بوو کە سەلاح و ساواک وای تێبگەن و ئەوەش سەرکەتوویی و لێزانی و کارامەیی بارزانی لەم بوارەدا ئەسەلمێنێ . نموونە زۆرن و شێرکۆی مام هەژاریش چیرۆکێک ئەگێڕێتەوە لەم بوارەدا . سەرچاوەی زانیاری بارزانی لە مەڕ گەمەی ساواک و بەکرێگیراوانی لە ئاستێکی هەرە بەرزدا بوو و مامۆستای ماۆستاکانی سەلاحیش بە گەردیان نەئەگەیشتنەوە . سەلاح دیسان لە هەمان هەڤپەیڤیندا خۆیا ئاشکرای ئەکات و ئێژێ کە زۆر لە بارزانی نزیک بووە و تەنانەت چەند مانگێکیش میرزای بووە و نامە و ئاگداریە کوردیەکانی بارزانی ئەنووسی و چیرۆکێکی بێ تامیش لە زمانی بارزانی ئەگێڕێتەوە کە دژی گیانی بەرزی بارزان و بارزانی یە . " ئێوە خۆتان هەنگوینەکەی ئەخۆن و مێشەکەش دەمن بەر ئەدەن " پەیڤ و هەستی قوڵەئاغایەک وەک سەلاحە و قەت وەگەرد فەلسەفەی ژیانی عارفانەی بارزانی یەک ناگرنەوە . ژیانی تاکەکەسی بارزانی و جۆری هەڵس و کەوتی لەگەڵ هاوڕێیانی خەبات و تێکۆشانی و بە سەدان و بگرە هەزاران پەیڤی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆی خۆی و خەڵکی دەوروبەری ، دەق پێچەوانەی ئەو پەیڤە سووکەی سەلاح ئەسەلمێنن. بارزانی هەموو ژیانی بۆ ئەوە تەرخان کرد کە خەڵک هەنگوینی بەری ڕەنج و کار و زەحمەتی ئەو بچننەوە و بیخۆن و خۆیشی ئەوپەڕی شانازی بە تاڵاوی ژیانی پێشمەرگایەتی یەوە ئەکرد . میرزایەتیەکەی سەلاح بۆ بارزانی جەفەنگی سەلاحانەیە. یەکەم بارزانی کابرایەکی ئێرانی نەئەکردە میرزای خۆی و زۆر زۆر لەوە بەرزتر و چازانتر بوو کە لەو سەردەمەدا بیانوو بدات بە دەست داگیرکەرانی عێراقی یەوە کە بە سەر ڕووتێکی دەم هەراشی وەک سەلاحی ئەو کاتە ، تاوانی گەورەی لە سەر بەکارهێنانی کوردی ئێرانی بدەنە پاڵی . ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە ، ئەبی باشوور قڕی تێکەوتبێت و وشکایی هاتبێت کە کوردی نووسێکی بە وەجی تێدا نەمابێ ، بە مام هەژار و دەیان گەورە و پسپۆڕی دیکەشەوە ، و لەو قاتی و قڕی نووسەری کوردی دا ، مەلا مستەفا پەنای بۆ سەلاحێک بردبێ کە کوردی زانینی ئەو دەمی جێگەی پرسیارە . گەمەی دژە دژە فسۆس لەوە قوولترە کە سەلاح تەنانەت ئێستاش پاش ئەو هەمکە ساڵە لێی تێ بگات تاوەکو بە فیزی دەرەبەگانە و چەکمەڕەقانەوە خەڵکی پێ بخاپێنێ .

سەلاح بە تەمایە وا لە خەڵک بگەێنێ کە ئەو بە ناسینی بارزانی وەک تاکە سەرکردەی کورد ، لە ڕێکخراوی خوێندکاریەکەی خۆی و فاتێحی دامەزرێنەری حزبی شۆڕشی ساواک ، دەستی پێکردوە و گوایە نزیکایەتی خۆی و حەمەی ئیلخانیزادەی پسمامی لە بارزانی لەم سۆنگەوە بووە . هەر خۆشی پێ لەوە ئەنێ کە لەگەڵ بارزانی پاک نەبووە و بە دزی ئەو تاکە سەرکردەی کوردەوە و دژ بە ڕاو بۆچوونی ئەووەوە ، کۆمەڵەی ڕزگاری سازکردوە . ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە بارزانی و تێکڕای سەرکردایەتی کورد خەریکی ئەوە بوون کە بزاڤی کوردێنی لە ڕۆژهەلات ، لە توودە و کمۆنیستان پاک بکەنەوە و بیخەنە سەر ڕێچکەی کۆن و ڕەسەنی کوردایەتی سەردەمی کۆمەڵەی ژ ک وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا. دیارە ساواکیش بەمەی ئەزانی و هەموو هەڵپەو دژکردەوەشیان بۆ لەبار بردنی ئەو ستراتیژی یەی سەرکردایەتی کورد بە بارزانیشەوە تەرخان کرابوو . گەمەی حزب و حزبەڵۆک سازی سەلاح لەو سەروبەندەدا ڕاست بەرنامەی ساواک بوو و وڕینەی کوردستانی بوون و کێشەی ئەحمەد تۆفیق و ئادیۆلۆژی چەپ و ڕاست ، کە سەلاح ئێشتاش کاوێژی ئەکاتەوە ، هەمووی فی فی بوو و بۆ چەواشەکاری سیاسی ساواک و لە لایەن بەراتخۆرانی ساواکەوە بەکار هێنراون . ئالەم خاڵەدا ئەبینرێ کە کمۆنیستی ڕووسی و توودەیەکان و کمۆنیزمی چینی و ساواک و فرێد هایدەی یەک ئەگرن وەک لە سەلاحا بە ڕوونی دیارە . ئالەم سۆنگەوە و ئالەم ڕەوتەدا سەلاح پاشانیش ئەکەوێتە بەرەی دژی بارزانی و لەگەڵ گەمەکەی سەرهەنگ مودەرەسی وپژمان یەک ئەگرێتەوە . ئەو یەکانیگیریەش درێژە ئەبێ هەر لە سەردەمی بەکرەجۆوە هەتا ئیمڕۆ. لەم ماوە دوور ودرێژەش دا سەلاح ئەوەی پێی کرا لە دژی بارزانی و بزاڤی نەتەوەیی کورد کردی و سڵی لە هیچ شتێک نەکردەوە. ئەوەی سەلاحی تێوەگلا لە ڕاستیدا گەمەی دژە فسۆس و دژە دژە فسۆسە و ئەبێ لەم ڕوانگەوە تواشای بکرێ و بواری زیاتر بە لاڕێدا بردنی کوڕ و کچی کوردی ناشارەزی پێ نەدرێت .

سەلاح هۆکاری نزیکی خۆی و بارزانی ئەباتەوە سەر سەردەمی کۆمەڵەی ژ ک و کۆمار کە گوایە ماڵە ئیلخانی وەگەرد بارزانی تێکەڵیان بوو بێت . بارزانی شێوازێکی تایبەتی خۆی هەبوو بۆ هەڵس و کەوت و بەستنەوەی ئەو دەرەبەگ و سەرۆک هۆزانەی کە لە دژی بزاڤی نەتەوەیی کوردا ئەجووڵانەوە . بە بێ ڕاگەیاندنی شەڕی ڕاستەوخۆ لە دژیان ، بارزانی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەی ئەناردە ناویان و لە سەر دابی خێڵایەتی دەیکردنە میوانیان و هەر بە گوێرەی ئەو دابەش ئیتر هیچ دەرەبەگ و سەرۆک هۆزێک بۆی نەبوو دەس لە ڕووی میوانەکانی بارزانی یەوە بنێت و تەنیا ڕێگا لۆیان ، وەرگرتنی ئەو ژمارە زۆرە میوانەی بارزانی بوو. جار و باریش لۆ گاڵتە و جەفەنگ وادانرابوو کە میوانەکان پاش ماوەیەکی زۆر، خانە خوێ کەیان ئەخستە سەر ساجی عەلی و کە هیچی بۆ نەئەمایەوە ، تفنگێکی دیاری تایبەتیان ئەکردە شانی و ئەیانکردە پێشمەرگە . لە سەردەمی کۆمەڵەی ژ ک و کۆماریشدا ئەم شێوازەی بارزانی بەدی ئەکرێت و بە تایبەت لە دەوروبەری بۆکانا و لە پێوەندی ماڵی ئیلخانیەکانا . ئەوەی سەلاح و ئیلخانیەکانی ئێستا خۆیانی پێوە هەڵ ئەکێشن لە نزیکایەتی بە بارزانی یەوە ، ئا لەو شێوازە تایبەتی یەی بارزانی یەوە سەرچاوە ئەگرێ و لە ڕاستدا ئەچێتەوە سەر سیاسەتی دژە فسۆسی بارزانی لە مەڕ دەربەگ و سەرۆک هۆزی سەر بە دوژمنەکانیەوە . هەر بۆیەش ئەو بابەتە تێکەڵی یەی بارزانی لەوانیە تەنیا بە ماڵە ئیلخانی یەکانەوە ببینرێ و دەرەبەگ و خێڵەکانی تر شتێک لەو بابەتەیان نیە . هەر لەم سۆنگەشەوە ئەکرێ بێژین کە ئەوەی سەلاح و ئیلخانی یەکان خۆی پێوە هەڵ ئەکێشن ، واتە ئەو بابەتە پێوەندی و تێکەڵیان لەگەل بارزانی ئەبی وەک بەڵگەی کۆنی سەربەستراوەیان بە دەسەڵات و دام ودەزگای داگیرکەرانەوە لێک بدرێتەوە .

## لە سنەوە بۆ جلدیان یان بە پێچەوانەوە !

لە سەرتای ١٩٧٠ ەوە ، وردە وردە گڕوگاڵی کوردایەتیم دەس پێکرد و شۆڕشێ بارزانی و پێشمەرگە و دیوانی قانع و هەژار و گۆران و شیرین بەهارە ، هەوێنی گرسانی بیری کوردانە بوون بۆ زۆرێک و منیش یەک لەوانە . پاشان لەگەڵ ژمارەیەک هاوتەمەن و هاو بیر، یەکمان گرت و ناوکی دەستەیەکی بچووکمان پێکەوە نا کە دواتر بڕێک پەرەی سەند و چەند شار و شارۆچکەی کوردستان و دەرەوی کوردستانیشی گرتەوە . شۆڕشی باشوور هەرەسی هێنا و کورد تووشی نەکسە گەورەکە بوو . ژمارەیەک کوردی ناکورد و تواوەی ناو سیاسەتی عەجەمان سەرەخۆشی ئەو شکانەیان لێ کردم . زۆری نەخایاند ( ٦-٧ مانگ دواتر) کە کەوتینە بەر شاڵاو و پەلاماری ساواک و گیراین و لە ساواکی سنە کۆیان کردینەوە و بەزمی لێکۆڵینەوەی ساواک دەستی پێکرد و ئێمەش هەموو لە تەمەنی دەوروبەری ٢٠ساڵی و نەوەکامیی سیاسی دا بووین . ئەوانەی گیرابووین تاکە دەستە بووین کە کوردایەتیمان ئەکرد و خەڵکی دیکەش کە ئەگیران لە سەر بیری چەپایەتی و دژبەری ڕژێمی قولیزادە بوو.

لەو دەمەدا سێ کوچکەی بۆکان – سنە – مەریوان ( سەلاح و ئەحمەدی موفتیزادە و فاتێح) لە لایەن ساواکەوە کارا کرابوو و ئەرکیشیان بڵاوکردنەوەی بانگەشەی دژی بارزانی بوو . سەلاح خۆی پێ لەمە ئەنێ لە باسی ناردنیان بۆ ئاورووپا . ئێمە لە دژی ئەوان داکۆکیمان لە بارزانی و شۆڕشی باشوور ئەکرد . بە پێچەوانەی ئەم ڕاستیە و بۆ سەر سووڕمانی من ، سەلاحیشیان تێکەل بە ئێمەکرد لە ساواکی سنە . سەلاح لە چاوپێکەوتنەکەی دا ئێژێ کە لە پرسەکەی سوارەی ئامۆزای کاربەدەستانی عەجەم بە ساواکیشەوە سەردانی ئەکەن و هەر لەو پرسەدا بانگی ئەکەن بۆ ساواک و ئەگیرێت . سوارە لە زستانی ١٣٥٤ ئەمرێ و گیرانی ئێمەش لە پایزی ١٣٥٥ دا بوو . ئەوە ڕیکاری ساواک و دام و دەزگاکانی بوو کە هەر بەشێکی بەرپرسی شوێنێکی دیاریکراو بوو و ئەگەر کۆمەڵە خەڵکیك لە شوێنی جیاوازە ئەگیران و لە یەک ناوەندی ساواکا کۆ ئەکرانەوە هۆکەی ئەو بوو کە کێشەی ئەو خەڵکە بە شارێک یان ناوەندێکی ساواکەوە گری درابوو . ئێمە کە لە ساواکی سنە کۆ کراینەوە هۆکەی ئەوە بوو کە ناوەندی چالاکی ئێمە

سەقزی سەر بە پارێزگای سنە بوو و منیش کە لە تارانا ئەمخوێند ، لەوێ گیرام و بردمیانە سنە بۆ لای هاوڕێیانم . سەلاح ئەگەر لە سەر تاوانێکیش بگیرابا ، ئەوە لە چوارچێوەی دەسەڵات و بەرپرسیارەتی ساواکی سنە نەبوو پێی ڕابگات بەڵکو ئەکەوتە بەر ورمێ وەک ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە بۆکانی شوێنی دانیشتنی سەلاحی ئەگرتوە . کات و شوێنی گرتنەکەی سەلاح لەگەڵ ئێمەدا یەک ناگرنەوە و تێکەڵ کردنی لەگەڵ گیراوەکانی ئێمە ئاماژەیە بۆ تیل و بەرنامەی ساواک . ئەم درز و گومانەش لە گرتنەکەی جلدیانی دا ئاشکرایە . جڵدیان کە بە قەسابخانەکەی ئۆوەیسی لە کورستانا ناسراوە ، دوای شکانی شەڕە چەکدارانەکەی ٤٦ -٤٧ ساز کرا و بەو کێشەیە ڕائەگەیشت . سەلاح لە وتەکانیشی دا ئاماژەیەک بە هۆی گرتنەکەی و پێوەندی ئەو بە گیراوەکانی جڵدیانەوە ناکات . بردنی سەلاح بۆ جڵدیان وەک هێنانی ئەو بۆ سنەی کاتی گرتنەکەی ئێمەیە . سەلاح ئەبێ لەو کاتەدا لە تارانا ژیابێ و گیرانەکەشی دەبا لە سەر ڕێکخراوی خوێندکاران بووبێت کە فاتێحێشی لەگەڵ دا بووە ، بە گوێرەی وتەکانی خۆی کە ئێژێ ڕێکخراوی خوێندکارانی لە تارانا لە دەوروبەری ئەو ساڵانەدا ژیانەوە . ئەوەی کە سەلاح باسی کۆمەڵەی ڕزگاری ئەکات بێ سەرەو بەرەیە چونکە ئەگەر لە سەر کۆمەڵەی ڕزگاری بگیرابا ئەوە دەبا مەلا عومەری نگلی و عەسری و حەمەی ئیلخانیزادەی پسمامیشی لەگەلدا بگیرابا کە سەلاح باسی هیچیان ناکات لە جڵدیان . پاشانیش، دەبا بە گەڕانەوە و خۆبەدەستەوەدانی خۆی و حەمەی ئامۆزای وەک دامەزرێنەری کۆمەڵەی ڕزگاری بۆ ئێران و لێخۆش بوونە شاهانەکە ، باسی ئەو کۆمەڵەیەی کۆتایی پێ هانیبا . چیرۆکی کۆمەڵەی ڕزگاری و گرتنی سەلاح و بردنی بۆ جڵدیان بێ بنەمایە و هەڵ بەستراوی سەلاحە وەک چیرۆکی گیرانیەکەی لە سنە . پتر لەمانەش ، گرتنی تاکە کەسی هەر هێجگار زۆر دەگمەن بوو لای ساواک . هەموو گیراواەکانی ساواک بەلانی کەمەوە یەک دوو هاوڕێ و هابەشی گیرانیان هەبوو بەڵام سەلاح لە سنە بە تاقی تەنیا گیرابوو و هیچ فڕ و پێوەندی بە هیچکام لە گیراوەکانەوە نەبوو و وەک لە وتەکانی خویشیەوە دەر ئەکەوێ لە جڵدیانێش هەروا بوە و تەنانەت مام ڕەسوولی نادری ، یەکێک لەو گیراوانەی جڵدیان ، نەک باسی سەلاح و درۆی خۆڕاگریەکەی ناکات بەڵکو هەر نەشی ناسیوە .

لە کاتێکدا کە ئێمە لە ساواکی سنە لە ژێر لێکۆڵینەوەدا بووین ، ( ئەوانەی کە ئەزموونی گرتنیان لە لایەن ساواک و دەزگا سیخوڕیەکان هەیە ، ئەزانن کە لە ژێر لێکۆڵینەوەدا بوون چ مانا و واتایێکی هەیە و چ دۆخیکە ) ئەوندەم زانی کە کاک سەلاح ! ژێر کراسێک و بڕە پارەیەکی وردەی بۆ من نارد کە تەقەی سەرم هات پێی . پرسیاری ئەوە هەر خێرا لام دروس بوو کە چۆنە گیراوێکی وەک ئێمە توانیوەتی پیاوی ساواک و چاوەدێرەکانی زیندانی ساواک بەکار بهێنێ و پیاوەتی و ئاغایەتی بکات بە سەر هاوڕێ زیندانیەکانیا . پرسیاری تر ئەوەبوو کە سەلاح ئەو پوول و پارەی لە کوێوە هێناوە . ساواک گیروەکانی رووت ئەکردەوە و هەر شتێکیان پێ بوایەت لێیانیان ئەسەند و تەنیا بە جل و بەرگی خۆیانەوە ئەیان خستنە ناو ژووری زیندانەوە . ئەمە ڕیکاری ساواکی سنە بوو لێ لە ساواکی تاران ( کۆمیەتی دژە خراپکاری ) جل و بەرگیشیان لێ ئەکەندینەوە و بە جلێ تایبەتی زیندانیانەوە ڕائەگیراین . ئیتر پوول و پارە و کەل و پەل و شەمەکی تایبەتی لە ناو زیندانی ساواک و بە تایبەت لە کاتی لێکۆڵینەوە بە بیر هیچ کەسێک دا نەئەهات . بەڵام من بینیم کە سەلاح ئەوەندە پارەی هەیە کە پیاوەتیشی پێوە بکات بۆ کەسێکە قەت نەی بینیوە و نەی ناسیوە تا بگاتە ئەوەی کە جێگەی دڵنیایی بێت و تووشی بەزمی نەکات . یان ئەوەتا سەلاح هێند لێزان و یاسا زان بوو ، وەک لە چیرۆکی جڵدیانا بۆ خۆی سازی کردبوو ،  کە لە ڕێگەی یاسایی یەوە ساواکی بەکار هێنابێ و ساواکیش ملی پێ دابێ ، یان نەخێر ساواک بۆ خۆی ئەو بوارەی بە سەلاح دابێت کە بناوانی کاری دواڕۆژی هەڵ بەستێ . ئەوەی تۆزلکاڵێک ئاگای لە ساواک بووبێت خۆی ئەزانی کە ئەگەری کامیان لە ڕاستیەوە نزیکن . پاشان ساواک منیان لە هاوڕێکانم دابڕان ( دووریش نیە کە ئامۆژگاری سەلاح بووبێت بۆ ساواک ) و ناردمیانە تاران و ٨-٩ مانگێک لە کۆمیتەی دژە خراپەکاری ناوزڕاودا مامەوە بۆ لێکۆڵینەوە و ئاخرەکەشی لە زیندانی قەسری قەجەری تاران ( هەمان قەسر کە قانع لە شێعری زیندانددا ئاماژەی پێ ئەکات) گرسامەوە . سەلاح هاتبوە چاوپێکەوتنی عەبەی موهتەدی برای کە ئەویش لەو زیندانەدا بوو . چاوپێکەوتنەکەش ئەوەندی لە بیرم بێت لە دەرەوەی کات و شوێنی ئاسایی بوو . عەبە سەلامی سەلاحی پێگەیاندم . سپاسی عەبەم کرد و پرسیم سەلاح چۆنی زانیوە من لێرەم . من خۆم هێشتا کەس و کاری خۆم نەبینیبوو تاوەکو لە ڕێگای ئەوانەوە خەڵکی دیکە بە سەلاحیشەوە ، بە شوێنی زیندانەکەم بزانن . ئەم چیرۆکەش هی سەردەمانێکە کە سەلاح گۆڕ پێ لێنانی خۆی لە مێژە بوو کاری بۆ ساواک ئەکرد و لە سەر داوای ساواک لەگەل سوارەی ئیلخانیزادەی پسمامی و موفتیزادە ئەنێردرێت بۆ ئاڵمانیا لۆ تێکدانی کۆبوونەوەی خوێندکارانی ئەوێ. سوارەش قەت ساواکی بوونی خۆی نەئەشاردەوە و ئەوەی کە لە ڕادیۆ کرماشانا کاریان پێدابوو وەک بەلگە باس ئەکرد و لە کن زۆرێک ئەوەی گوتبوو کە بە بێ بوونە ساواکی و قوت دانی حەبەکە وەک لە باشوورا ئەوترا ، کارکردن لە رادیۆ کرماشانا نە شیاو بوو . هەر لەو کاتی لێپرسینەوەدا ، بەسترابوومەوە بە درگایەک لە سەر ڕێگەی هات و چووی زیندانیەکان بۆ کاری کەناراو و سەلاح ئامۆژگاریەکی کردم لە سەر ڕیگای بۆ ئەو شوێنە و منیش بە گوێم کرد کە زۆر بە گران لە سەرم کەوت و ساواک پاش ئەوە زۆر  لێیان توند کردم هەتا گەیاندیانە ئەوەی کە بەڕێم بکەن بۆ تاران و کومیتەی دژە خراپکاری تاران کە بە دۆزە هەرە قورس و گرانەکانا را ئەگەیشت و لێکۆڵینەوەی سەر لە نوێی ئەو ٨-٩ مانگەی ئەوێم بە سەرا بڕا کە من لە سەلاحیەوە ئەزانم .

سەلاح و سێ کوچکەی ساواک لە کوردستان بە پێچەوانەی ئەرک و ڕاسپاردەی ساواک ، ئێمەیان لە دەرەوەی زیندان و کاتی هەڵسووڕانمان نە ئەناسی و سەرەڕا و بە پێچەوانەی ئامۆژگاری زۆرێک ، ئێمە لە سەلاح نزیک نەکەوتینەوە و هۆکەشی ئەوە نەبوو کە ئێمە ئەومان وەک ساواکی ناسیبێت بەڵکو وەک دەرەبەگ و ئاغا جێگەی بڕوا و شیاوی لێ نزیک بوونەوەش نەبوو و ئێمەش وەک حەمە حسەینی کەریمی و زۆرێکی دیکە ئەو بۆچوون و هەڵس و کەوتە چینایەتیە باوەمان هەبوو . هێنانی سەلاح بۆ ناو ئێمە لە زیندانی ساواکی سنە لە ڕاستیدا بۆ کارئاسانی و هاوکاریی ساواک بوو لە ناسین و تێگەیشتن لە ئاست و ناوەرۆکی کاروباری ئێمە لەو کاتەدا و هەر وەها بناوان هەڵ بەستن بۆ دواڕۆژی سەلاح  و کەوڵی شۆڕشگێری بە بەردا کردنی . سەلاح و ساواک لە هەردوو مەبەستیاندا سەرکەوتن و ساڵانی دوایی سەلاح ، بەری ئەو فیداکاریەی ( کەم ساواکی تا ئەو ڕادیەی سەلاح نزم

ببوەوە کە بە ساڵ و مانگ باری ژیانی زیندانیان بۆ بکێشێ ) لۆ ساواک چنیەوە و بواری بۆ خەیانەتی بۆدەڵەی جەعفەری ئەمینزادەی ( جافرە سوور ) کۆنە هاوزیندانی خۆی و هاوڕێی ئێمە و بەشداری دامەزراندنی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستانی پێک هێنا . جافر لە شەڕی دووهەمی ناوشاری سەقز، دوخانیاتی ئەو شارەی تاڵان ( مسادرە – باوکی فاتیح شیخولئیسلامی لە مەریوانا گاڵتەی بەم کردە شۆڕشگێرانە ئەکرد و ئەیگوت کە ناوی دزیان گۆڕیوە بە مسادرە و پیاو کوشتنیان کردوە بە ئێعدامی شۆڕشگێڕانە ) کرد و لە ڕێگەی خزمەکانی لە بۆکان ساخی کردەوە و بڕە پارەیەکی زۆری ئەو دەمی دەس کەوت کە دەبا لۆ شۆڕش بەکار بهێنرابا . بەڵام جافر بەو بڕە پارە تێک چوو و بۆ ئەوەی پارەکە لۆ خۆی بهێڵێتەوە ، کەوتە پەڵپ و بیانووی سیاسی و ئادێۆلۆژیکی و پێوەندی بە پیاوەکانی سەلاحەوە ئەکات و لە یەکسانیی جیا بووەوە لە کاتێکدا هێشتا ساڵی لە تێکۆشانی یەکسانیی تەواو نەکردبوو یان وەک حەمە سدیقی فەڕۆخیانی هاوڕێمان ئەیگوت هێشتا چلەی نەچووبوو کە کەوتە دژایەتی ڕێکخراویەک کە بۆ خۆی بەشداری ساز کردنی بوو . جافر ئەوەندی پێی کرا و دەستی گەیشتێ و خەڵکی تری ( وەک ع ئەر...) بۆ هان درا ، سامان مرۆڤی و مادی کۆمەڵەی یەکسانیی دزی و ڕادەستی سەلاحی کرد و پارەکەشی لۆ خۆی مایەوە لە کاتێکدا دەبا لۆ چینی کرێکاری بەکاری بهینابا . حەمە سدیق هاوڕێی سەرەتایی گڕوگاڵی کوردایەتیمان و کەسایەتی سەرەکی لە ناو دەستەکەی ئێمە بوو کە لە زیندانا سەلاحی ناسیبوو و قەتیش نە چووە دڵی یەوە و بە پیاوی ساواکی ئەزانی و دواتر لە ڕێزی دێمۆکراتا کاری ئەکرد و بوو بە یەکێک لە پێشمەرگە هەرە دەگمەنەکانی کوردستان . سەرەڕای جیاوازی کاری سیاسیمان لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا ، حەمەسدیق ئەو خەیانەتەی جافرە سوور و برایمی شاسواری بە کۆمەڵەی یەکسانیی ، وەک من ، بە بەرهەمی کاری سەلاح لە زیندانی ساواکی سنە ئەزانی .

## قوتابێکی تووڕە !

وتووێژەکەی سەلاح لەگەڵ میدیای ڕوودا لە یەک خاڵدا پێڕەوانی کۆنی سەلاحی تەزاندوە و پێیان وایە کە مامۆستاکەی دوێنێ یان پشتی تێ کردون . خاڵەکەش ، " قیادەی کاتی و موەقەتەی" پارتی و خاڵی هەشتەمی داواکاری کوردی ڕۆژهاڵات بۆ دەرکردنی پارتی لە ئێرانی ئیسلامی یە . ئەحمەدی ئەسکەندەری خۆی بەو ئەرکەوە ماندوو کردوە و بڕە بەڵگە و نووسراوەی کۆن و بیر و ڕای خۆی و خەڵکی تری لە دژی سەلاح لە سەر شێوازی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری ( investigative journalism ) بڵاو کردوەتوە. سەلاح ئەشێ بە خوێندنەوەی نووسراوەکەی ئەحمەد بسکەی سمێڵی بێت و بەوە خەنی بێت کە هێشتا سەلاحی کۆن لە مێشک و بیری قوتابی یەکانیا زیندوە و ڕەنج بە خەسار نەبووە . ئەوەشی بە لاوە ئاسایی بێت کە " عەوڵا شکاکی سەگباب " (ئەمەیان وتەی برایم ئاغای عەمباری خزمی سەلاحە ) مسکێنە و لە بەزمی ئاغاوات تێناگات ، ئەدی نا ئەو هەراو هوریایەی لە چی یە ، دەورەکە گۆراوە و ئەمەش ئەبێ بگۆڕێن و هەر سێک تەڵاقی کەوتبێ مسکێن قەت تێناگەن وەکی ئاغایان .

ماکەی خاڵی هەشتەمی داواکاری کورد لە عەجەمان ، گوازتنەوەی بەزمی بەکرەجۆ بۆ ڕۆژهەڵات و دەستپێکی وەیشوومەی ناتەبایی و دووبەرەکی و بەلاڕێدا بردنی بزاڤی تازە سەرهەڵداوی کورد لەو بەشەی نیشتمانەکەماندا بوو . وەک بەلگەنامەکانی ئەحمدی ئەسکەندەری نیشانی ئەدات ، هەمووی حەفتەیەک پاش ڕووخانی ڕژیمی قولیزادە و هەر زۆر خێرا و بەپەلە ئەو بەزمە ساز کرا و لە سەردەمی خۆپیشاندان و هەڵسانەکەی خەڵکا ، ئامادەکاری تەواوی بۆ کرابوو و نەوشیروان مستەفاش ئاماژە بەوە ئەکات کە دروشمی دژی پارتی و بارزانی لەو کاتەدا زەق کرایەوە و لەم سۆنگەوە کوردی ڕۆژهەڵات پێشتر قورەکەی بۆ گیرابوەوە . نووسراوەکەی ئەحمەد بە لانی کەمەوە بە بەڵگە ، زۆربەی هەڵیت و پڵێتی و درۆ و دەلەسەی سەلاح لە مەڕ ئەو ڕووداوە ئاشکرا ئەکات و ئەی سەلمێنێ کە پەلاماری قیادەی موەقەتە بۆ سەر یەکیەتی جوتیارانی مەریوان و هەڵوێستی فوئاد ، هەڵبەستراوی سەلاحە وبەس و لە نرخ و بایەخیان ئەخات . کارەکەی ئەحمەد لەم ڕوانگەوە جێگەی پێزانینە .

بەڵام ئەحمەد لەوانیە پێویستی بە قووڵ بوونەوەیەکی فرەتر هەبێ تاوەکوو بزانی بۆ نموونە کە هەر لەو داواکاریەدا نیشانی شەق بردنی سێ کوچکەی ساواکی سەلاح – موفتیزادە – فاتێح ئاشکرا ئەبێت . عێزەدینی حسەینی جێگەی ئەحمەدی موفتیزادە ، زاوای سەلاح و یەک لە کوچکەکانی سێ کوچکەکەی پڕەوە کرد و جیاوازی و دژبەری ناو خاو وخێزانی ، کەوتە ئاستی نەتەوەیی و ئایدێۆلۆژیکی و بە سەر کوردی داماوی ڕۆژهەڵاتا دابڕا . لێرە بە دواوە موفتیزادەی هەڤاڵ و هاوبیری کۆن و خزمی سەلاح ، نفرین کرا و کوردیش بە گرانی تاوانی ئەو گەمە سیاسی و ئاغا و دەرەبەگانەی سەلاحی دا . ئەندازیاری ئەو گەمە قرێژەش سەلاح و هەڤاڵانی کۆنی بەکرەجۆی بوون . سەلاح و هەموو ئەوانەی دیکەش خۆیان لەو ڕاستیە ئەدزنەوە کە خاڵی هەشتی داواکاریەکە تەنیا لە بەرژەوەندی یەکیەتی نیشتمانیی و جەلال تاڵەبانی بوو و فڕی بە سەر کوردی ڕۆژهەڵاتەوە نەبوو و ناشکرێ دەوری ئەوان لەو بەزمە بە دوور بزانین . بەڵگەش ، بێجگە لە سەلاح و لە بان سەلاحەوە ، لەوانەیە دارێۆشی فرووهەر بێت . لە دەوری یەکەما تیلی فرووهەر زۆر دیار نەبوو بەلان لە دەوری دووهەم و پاش شەڕی سێ مانگەی یەکەم تیلی تاڵەبانی و فرووهەر خویایە . تاڵەبانی لە بێورانی سەردەشت فرووهەری وەک نوێنەری ڕژیمی ئیسلامی بینی و پاشان دەوری دووهەمی دان و سەندن لە نێوان کورد و عەجەم دەستی پێکرد . پاش ئەو کۆبوونەوەی فرووهەر و تاڵەبانی ، ئەحمەدی شاملووش بە خشکە و پلار کۆمەڵەی یەکسانیی بە دەسکردی فرووهەر دانا لە گۆڤارکەیدا ، ئادینە . بۆی چووم بۆ تاران کە تێی بگەێنم کە لاری لێ تێگەیشتوە بەڵام بەرپلم نەکەوت . لەو کاتەدا نێوانی قاسملوو و تاڵەبانی پچێک شەکراوی بوو و قاسملوو ژمارەیەک پێشمەرگەی خۆی ناردە سەر ڕێگەی تاڵەبانی و داوای بەرگەی هاتوو و چوویان لێ کرد کە مامەش بە شێوازی شێتانەی خۆی هەڵچوو و بۆی داگرتن . هیچ

دووریش نیه که تیرۆری فرووهەری کرماشانی بە جۆرێک پیوەندی بەو دەوری ئەو لەو دان وسەندنانەی کورد و عەجەم دا ، هەبووبێت . قاسملووش لە کەوتنە نێوان یەکیەتی و تاڵەبانی و سەدام و بەعسی لە دان و سەندنی ساڵی ٤- ١٩٨٣ ئەو ئەرکی ناوبژی کەریەی ( ئەگەر بە ڕێزەوە بێژین ) بە دانەوەی ئەوە دانا کە کاتی خۆی جەلال لە بێورانی بۆی کردبوو. ئەو وشەی شێتە بۆ جەلال بیرئانینێکی کۆنە و بارزانی لە ڕووی خۆشەویستی یەوە بۆ جەلالی بەکار ئەهێنا و بارزانی لە نەمەیەکی دا بۆ جەڵالی نووسیبوو " جەلالە شێت ، وەرەوە لام ، وەرەوە لام ، وەرەوە لام " . مام جەلال و گۆچانە بە ناوبانگەکەی و سەرو قژ ڕنینەکەی لە کاتی تووڕەبوونی دا لای زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانیی و خەڵکی تریشا ، دیاردەیەکی ناسراو بوو .

دارێۆشی فرووهەر ، سەر بە حزبی پان ئیرانیست بوو و ئەو حزبە هەر لە سەرتای شۆڕشی بارزانی لە گەرمیان خۆی هەڵقورتانە ناو بزووتنەوەکە و لە نووسراوەکانیاندا باسی " ئیرانیەکانی ئەو دیو سنوور " یان ئەکرد کە مەبەستیان کوردی باشوور و گەرمیان بوو . بە زۆری ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانیان بە وێنە پێشمەرگە و شەڕی پێشمەرگەکان ئەڕازاندەوە و بە تایبەت لە ناو شۆڕشا بڵاویان ئەکردەوە . خۆیان لە کەسایەتیە نەتەوەیی یەکانی ناو باشوور نزیک ئەخستەوە و خۆیان وەک هاوبیری نەتەوەیی یەکانی کورد نیشان ئەدا لە دۆزی ئاریایی گەریدا و هێندێکیش کاریان کردە سەریان . ڕێبازە سیاسیەکەیان بە گشتی ئەوە بوو کە کورد و شۆڕشەکەی لە باشوور وەک بەشێك لە ئێران بە خەڵک بناسێنن لە ژێر سەرکردایەتی قولیزادە ، پاشا تڕحێوەکەیان کە خۆی بە باوکی هەموو ئاریایی یەکان ئەزانی و حزبەکەی فرووهەریش پێخۆری لۆ ئەو نەخۆشیە ماخۆلەیی یەی قولیزادە دابین ئەکرد . تێکەڵی فرووهەر بە جەڵال تاڵەبانی یەوە هەڵ ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو حزبە و ئەو بەزمە کۆنەی عەجەمان لە باشوور و من پێم وایە کە هەر ئەوەش سەری خوارد و مەلاکان ، لە پێش داعشا و بە شوەی ئەوان و داعش ئاسایی ، خۆی و خێزانەکیان پێکەوە کوشت .

بلا بزڤرینە سەر باسا خوە . وەک باسکرا بارزانی و کێشی شۆڕشی گەرمیان بەزمی بەکرەجۆی لە بار برد . لێ شکانی شۆڕش و بانگەشەی چەواشەکارانەی ساواک و سێ کوچکەیی یەکان کە ئەو دەرفەتیان بە هەل زانی و قوزتیانەوە و هەروەهاش خۆ ڕێکخستنەوەی بەکرەجۆییەکان و پێوەندی نەپساوەیان وەگەرد سێ کوچکەکە ، وەک سەلاح پێی لێ ئەنێ و دواتریش بە ئاشکرا دەرکەوت ، بە سەرهەڵدانی بزاڤی دژە قولیزادە لە ئێران ، باشترین و لەبارترین دەرەتانی پەی ژیانەوەی بەکرەجۆ ڕەخساند و ئەوە بوو کە قورسایی بەزمی بەکرەجۆ کەوتە ڕۆژهەلاتی کوردستان . تێکڕای ئەو کارانەی سەلاح لەو دەمەدا ڕای ئەپەڕاند ، بە راوێژ و هاوهاوی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی کۆنە هەڤاڵی و بۆ مەبەستی یەک لاکردنەوەی شەڕێک بوو کە ئەوان جارێک زۆر بە پیسی و خراپی تێیدا شکابوون . شەڕی ئەوان لە ڕۆژهەڵات بە قازنجی جەڵال و یەکیەتیدا شکایەوە و یەکیەتی بەر و بەرهەمی سیاسەتی ساواک و سەرهەنگ مودەڕەسی و پژمانی چنیەوە و لە ڕێگای سێ کوچکەکەی ساواکەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کردە بنە و پێگەی سیاسەتی لەو بوارەدا . پارتیش هێشتا پشتی لە ژێر باری تاسێنەری نەکسەی ١٩٧٥ دا ڕاست نەکردبووەوە کە تووشی شاڵای بەربڵاوی ڕۆژهەڵاتی بە درۆ و دەلەسە چەواشەکراوە بوو . سەلاح لەو کارەیدا ئەوەندە سەرکەوت کە تەنانەت ناوی قیادە موەقەتە بێز هێنەر بوو بۆ بەشێکی بەرچاوی کوردی ڕۆژهەلات بە تایبەت لای خوارووەوە کە پتر لە ڕەوتی کورد و کوردێنی دوور کەوتبونەوە و ئاگاداریی و شارەزایێکی ئەوتۆیان لە مێژوو و مێژینەی دوور و نزیکی بزاڤی کوردی نەبوو هەر بەم بۆنەشەوە بە ئاسانی و بە خێرای کەتنە داوی تەنراوی سەلاح و هەڤاڵانی . سەلاح و تاڵەبانی بە جووتە دەنگۆی ئەوەیان لە سەر مەلا سەید ڕەشیدی کۆمەڵەی یەکسانیی ( جەلال لە ڕێگەی حسەینی مەدەنی و سەلاح لە ڕیگەی عومەری عەسری بەردەستی کە بە مەیتەری سەلاح ناوی دەرکردبوو ) بڵاو کردەوە کە مامۆستا قیادە موەقەتەیە و ئەیان ویست تۆڵەی سەردەمی دیسان بارزانی لێ بکەنەوە لە کاتێک دا کە هەلەکەیان بە لە بار ئەزانی . مەلا ڕەشیدیش لە وەڵامیان ئەیگوت کە نەک هەر قیادە موەقەتە بەڵکوو قیادە موئەبەدەش نەبوو و هەموو کاتێک سەر بە ڕێکخراوی تایبەتی خۆیان ( حزبی دێمۆکڕات ) بووە و ڕێزی گەرورەیان بۆ بارزانی وەک سەرکردەی نەتەوەیی کورد بووە و هەیە و بارزانیش ڕێزی لەوان بە سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی یەوە لە ڕۆژهەڵات ، گرتووە و لە سەر سەلاحیش ئەیگوت ئەزانم ساواکی یە لێ بەڵگەم بە دەستەوە نیە بەڵام گومانم لەوە نیە کە قوڵە ئاغا و دەربەگێکی سووکە .

هۆکارێکی تری باڵادەستی سەلاح ، قاسملوو و حزبەکەی بوو . وەک لە ڕەوتی ڕووداوەکانیشا دەرئەکەوێت ، قاسملوو و حزبەکەی تازە بە تازە لە بەغداوە گەڕابوونەوە و هێشتا جێ پێیان گەرم نەبوو و بە بوونی مەلا سەید ڕەشید و هاوڕێیانی وەک پاشماوەی دێمۆکراتەکانی کۆنگرەی دووی حزب ، لەوە دڵنیا نەبوون کە بەزمی کۆنگرەی سێ و حزبەکەی قاسملوو و بەغدادیان بۆ بچێتە سەر و هەر بەم بۆنەشەوەیە کە ئەبینرێ قاسملووی توودەیی ئەو سەردەمە ئەبێتە پاشکۆی سەلاحی جێ پێ قایم لە کوردستان و سەلاحیش بە سەریا زاڵ ئەبێت و سیاسەتی خۆی لە مەڕ پارتی دا بە سەریا دائەسەپێنێ . کوردەکەو ماچۆ ڕۆژ ، ڕۆژی سەلاح بوو و تەراتێنی ئەکرد . لە خۆڕایش نیە کە لەو چاوپێکەوتنەدا ئێژێ کە من شۆڕشم بەرپا کردبوو و لە ڕێزی ڕیبەرانی ئەو شۆڕشەدا بووم و خۆم لەوانەی دیکە پی زاناتر بوو و بە قەدەر حزبێک هەڵسووڕاوە و دەستی ڕۆیشتوە و نەدەچوومە ژێر رکێفی ئەوانەوە و لە سەروی حزب و حزبایەتی یەوە بووە . ئەوەی کە سەلاح هۆکار و ئەندازیاری سەرەکی ئەو سیاستە لە ڕۆژهەڵات بوو کە کوردی ڕۆژهەڵاتی کرد بە قوربانی شەڕی کۆن و نوێی بەکرەجۆ و چۆن و لەبەرچێ پێی کراوە و مێژینەی کارکردن بۆ ساواکی سەلاح کە ئیتر خۆیشی نایشارێتەوە ، ئەڕای ئەحمەد ئەسکەندەری گرینگ نیە و ئەوەی پێی تووڕە بووە ئەوەیە کە بۆ چی سەلاح پاکانە بۆ پارتی ئەکات و هەڵە و تاوانەکانی کۆنی سەردەمی قیادە موەقەتەی هەر هیچ نەبێ وەک حەمەی حاجی مەحموود بە ڕوودا ناداتەوە. ئەحمەد تەنانەت ئێستاش ئەوەی بە لاوە گرینگ نیە کە یەکیەتی نیشتمانیی و جەلال تاڵەبانی بە یارمەتی و دەستی سەلاح و دۆستەکانی تری ، تێکڕای شۆڕشی کوردایەتی ڕۆژهەڵاتی بەرەو ئاقاری بەرژەوەندی خۆیان پاڵ پێوە نا ، بە بێ ڕەچاو کردنی بەرژەوەندی ڕۆژهەڵات و شۆڕسی کوردێنی ڕۆژهەڵاتیان فەوتان و گەیاندیانە ئەم دۆخی ئێستای و سەرباری ئەمەش ئێستاش ئەوە بە ناوچاوانی ڕۆژهەڵات و بەشەکانی تری کوردستانا ئەدەنەوە کە گوایە هێزی پشتیوانی ڕۆژهەڵات بووگن .

تاوانەکەی قیادە موەقەتەش ، پاش بە درۆ کەوتنەوەی تەقە لە " جوتیارە داماو و بەش مەینەتەکانی " مەریوان، ماوەتەوە تەقەکردن لە خۆپیشاندانی خەڵکە هەژارەکەی شنۆ . ئەحمەدی ئەسکەندەری ئەوکات هێندە تێکەڵ بە بزاڤی نەتەوەیی کورد نەبوو کە کێشەیەک لەو ئاستە بە لایەوە گرینگ بێت و ئێستاش لە بەر ئەوە بە لایەوە گرینگە کەختووکەی بیرۆکەی دژە پارتی بدات کە لە ساڵانی بەرایی شۆڕشی ڕۆژهەڵات ، سەلاح و هاوپێرەکانی بە مەبەست بڵاویان کردەوە . کێشەی شنۆ و دەڤەری شکاکان و خەڵکە ڕەش وڕووتەکەی گۆر ئەحمەد ، ئەوە بوو کە قاسملوو چریکە فەدایی یەکانی بۆ مەبەستی لێدانی پارتی و بنەماڵەی سمکۆ بەکار ئەهێنا و بەری دابوونە گیانیان و دیارە خەڵکە " ڕەش و ڕووت و داماوە " کەی ئەحمەدی ئەسکەندەریشیان بۆ ئەو مەبەستە هان ئەدا . هەر ئەم سیاسەتی پاکتاوی سیاسی یەی قاسملوو بە دەس فەدایی یەکان ، گەیشتە کوشتن و تێرور کردنی حەسەن ئاغای جوانمەردی لە گەورکی سەقز و تاهیر بەگی جوانرو لە مهاباد ، تێروری سەلاحی شەمسی بۆرهانیشی لەگەڵ دابێ و تێروری بەختئاری نەوەی حەمە ڕەشید خانیش لە سەقز و حەوانەوەی بکوژەکەی ( عەبە ڕەش ) لای قاسملووش بەڵگەیەکی تر و ئیتر با پەلامار و لێدانی خزمانی دە مەنگوڕانیش بوەستێ کە لە درێژەی خەیانەتی قوڵەئاغایانی مهابادی بە ڕاپەڕینەکەی مەلا خەلیل ، تۆڵەی پاڵە پشتی کۆنیان لە ئەحمەد تۆفیق لە دەڤەری پشدەر لێ کرایەوە و ئەمەش بە کارەسات بۆ کورد تەواو بوو.

ڕقی کوێر و قووڵی بەکرەجۆیەکان لە بارزانی لە ڕۆژهەڵاتا ئەوەندە پەرەی سەند کە دوای مردنە گوماناویی یەکەی بارزانی لە ئامریکا ، سەلاح و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بە خۆدا پەرمان و نووسراوێکیان بڵاو کردەوە و تێیدا داوایان لە خەڵکی ڕۆژهەڵات کرد کە نەهێڵن تەرمی ئەو هێما نەتەویی و دەگمەن و تاقانەی کورد بگەڕێتەوە بۆ کوردستانێکە ئەو هەموو ژیانی لە پێناودا بەخت کردبوو. دواتر تێروری ناپیاوانە و نا جوامێرانەی مەلا کەریمی شاریکەندی لە مهاباد بە دەسکیسی سەلاح و لە ڕێگەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕەکەیەوە کردەیەکی دزێوی تر بوو لەو ئاقارەوە و بۆ مەبەستی قووڵ کردنەوەی دژبەری پارتی و ماڵە بارزانی کە مەلا کەریم داکۆکی لێ ئەکردن و یەکەم کەسێش بوو کە بە توندی دژی مادەی هەشتی داواکاریەکەی سەلاح و قاسملوو هەڵوێستی نواند و ئاخرەکەشی گیانی لە پێناو بیر و هەستی کوردانەیدا دانا و بەو شێوە دزێو و بوودەڵانە شەهید کرا . سڵاو و ڕێزی کوردانەی هەموو جیهانی پێشکەش و خەڵات بێت و ئافەرین بۆ بوێری و هەستی پاک و کوردانەکەی .

ئەم ئاکارە دزێوە بەوەشەوە نەوەستا و دوژمنانی سوێندخواردووی کورد و کوردستان ، گەیاندنە نزمترین و قرێژترین ئاست و ئاستی هۆڤانانەی تاتارەکانی سەردەمی کۆنی سەفەویی یەکان و داعشەکانی ئیمرۆ . هەڵدانەوەی گڵکۆی بارزانی گەورە لە ڕۆژهەڵات وەک پیسترین و نزمترین تاوان لە مێژووی کۆن و نوێی کوردا و لە دژی یەکێک لە دیارترین و کاریگەرترین سەرکردەی کورد لە مێژووی نوێی کوردستانا ، دوا ئاکام و بەرهەمی ئەو هەرای دژی پارتی و قیادە موەقەتە بوو کە سەلاح و هابیر و هاوپێرەکانی لە بەکرەجۆ نابوویانەوە و ئەحمەدی ئەسکەندەریش هێشتا لێی ڕزگار نەبوە . لەوەتی کورد بووە و هەیە ، کورد قەت تا ئەو ئاستە نزم نەکرایەوە . ئەحمەدی ئەسکەندەری ناتوانێ و نایەوێ قووڵی ئەو کارەساتە مێژوویی یە ببینێ کە کوردی ڕۆژهەڵات تووشی هات و کێ تووشی کرد و چۆن تووشی بوو . گرفتی ئەحمەد ئێستا ئەوەیە کە بۆچی سەلاح وەک جاران و بۆ مێژوو تاوانی تەقەکردنی قیادە موەقەتە لە خەڵکە زەحمەتکێشەکەی شنۆ دێزە بە دەرخۆنە ئەکات و ناتوانێ بیر لەوە بکاتەوە کە ئەو چیرۆکەش ئەشی وەک چیرۆکی یەکیەتی جووتیارانی مەریوان بێت و هەر بۆ ئەو مەبەستە و لە لایەن سەلاح و هاوبیرانی یەوە هەڵبەسترابێت.

کارەساتێک بەو گەورە و گرانیە ڕووی دا و هەمووانیش گوێ خۆیان لێ خەواند . پیاوانی دێرین و پاشماوەی کۆمەڵەی ژ ک لە ڕیزی  کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستانەکەیان ( مەلا عەوڵای مەلا عوسمان و مام حاسڵ و، مام قادری د خالیدی و بە تایبەتی مام موراد و حەمە سوور)، بە هەست بە بریندار بوونێکی ڕەش وقووڵ و سەرشۆڕانەوە ، وەخۆ کەوتن بۆ هاوکاری دەگەڵ ماڵە بارزانی و پارتی و بکەری ئەو تاوانە دۆزرایەوە کە لە کۆنەوە خۆی لە ناو " دەفتەری سیاسی " حزبەکەی قاسملوو حەشار دابوو . دان و سەندن کەوتە گەڕ و داوای ئەو تاوانبارە ڕووڕەشە لە قاسملوو کرا کە بێ ئاکام دەرچوو و قاسملوو ملی نەدا وئەو کارەساتە بوو بە هۆی شەڕی ڕاستەوخۆی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات و پارتی و ڕژیمی سەفەویی عەجەمانیش هەلەکەی قۆزتەوە . جەلال تاڵەبانی و هێزی پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانیی ، ئالەم شەڕەدا بوون بە هێزی پشتیوان و بۆ پاراستنی دەڤەری سەرکردایەتیان لە سەر سنووری زەڵێ و ناوزەنگ ، دایانە پاڵ پێشمەرگەکانی دێمۆکڕات کە هیچیشیان پێ نەکرا لە دژی پارتی و سپای عەجەمان .

لەوانیە زۆر لە کۆنە قوتابی یەکەنی سەلاح بە لایانەوە زۆر قورس بێت کە بیرێک لە چیرۆکی ساز کردنی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و درۆ و دەلەسەی سەلاح و فاتێح و عەبە بکەنەوە . ڕێکخراوێک لە ١٩٦٩ ەوە دروست کراوە و بە ناو چالاکیش بووە و زۆر کاری شۆڕشگێڕیان کردوە و لە ماوەی ٨ ــ ٩ ساڵا  نە خەڵک و نە ساواک و هیچ کەس پێیانی نەزانیوە و تەنانەت گیراوەکانیشیان لە سەر ئەو ڕێکخراوە نەگیراون و نە فوئاد و نە عەبەش تەنانەت لە ناو زینداندا تاقە یەک کەسی سیاسی کوردیان کە لەگەڵیانە لە زیندان بووە بە هێماش بووبێت ، ئاگادار نەکردوەتەوە پەی ڕاکێشانیان بۆ دواڕۆژی ڕێکخراوەکەیان . حەمە حسەینی کەریمی کە گۆڕ چێرۆکی سەلاح و عەبە ئەشێ دامەزرێنەری سەرەکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بووبێت لە شەوی ڕاپەڕینەکەی سەقزدا تاکە کەس بوو کە بریندار کرا و چەند ڕۆژ بە برینداری مایەوە و لەو ماوەدا ئەو ڕێکخراوە تۆکمەی ئەوان هیجیان بۆ نەکرد و برینەکەشی ئەوەندە کاری نەبوو و ئەکرا بۆ شوێنێکی دیکەی بەرن و چاری بکەن . دوا شەوی ماڵئاوایی تەرمەکەی حەمە حسەین لە مزگەوتی گشتی سەقزا دانرا بوو و دیمەنی چۆڵی ئەو مزگەوتە لە هاوڕێیانی وەک عەبە و فوئاد و سەلاح و فاتێح ئەبی هێشتا لە بیرەوەری ئەو چەند کەسە سەقزیەدا ( ئەحمەدی ئەسکەندەری لێ نەبوو ) مابێت کە چۆن باوکی حەمە حسەین سەری کردبووە سەر سەرینی ئازیزەکەی و دوا شەوی حەمەحسەین یان ، بە تەنیا و بە دوو قۆڵی لە سەر یەک سەرین ڕۆژکردەوە . ئەمەش لە کاتێکا بوو کە سەلاح هەلی سێ شەهیدەکانی بانە لە سەردەمی ڕاپەڕینا ، بۆ نموونە ، ئەقوزتەوە و خۆی گەیاندە بانە و شەوەکەشی وتارێکی گەرم

و گۆڕی دا و پاکانەی بۆ ئەحمەد خان ، بکوژی ڕاستەوخۆی سمایلی شەریفزادە کرد و هەموو تاوانەکانی پێشووی بۆ شۆردەوە و لە لایەکی دیکەشەوە بارزانی بە بکوژی سمایل بە خەڵک ئەناسان . بە گوێرە هەر پێوانەیەکی مرۆڤی و ڕێکخراوەیی و سیاسیش بێت ، دەبا زۆر زیاتر بکرابا بۆ حەمە حسەینی کەریمی .

بە پێچەوانەی تێگەیشتنی ئەحمەدی ئەسکەندەری و هاوبیرانی ، کارەسات و تراژیدیای تاڵی کوردی ڕۆژهەڵات زۆر لەوە قووڵترە کە تەنیا لە ڕقی کوێر و ناشارەزایانەی لەو قیادە موەقەتەی کە سەلاح و بەکرەجۆ لە سەر بنەمای درۆ هەڵبەستن و چەواشەکاری ، بردیانە مێشکی خاو و نەوەکامی گەنجانی ڕۆژهەڵات و پشت تێکردنی ئێستای یەکێکی وەک سەلاحا کۆ بکرێتەوە . دوو بەردئاشی کمۆنیستی ڕووسی و چینی کوردی ڕۆژهەڵاتیان زۆر بە خراپی هاڕی و بڕستیان لێ بڕی . ئەوەی کە ئێستا ڕۆژهەڵات کپ و بێدەنگە و لە سەردەمی هەڵدانی مێژوویی بزاڤی کوردێنی ئێستادا جووڵەی نایەت و لە ڕەوتەکە پاش کەوتووە ، بەرهەم و ئاکامی مێژوویەکی دوور و درێژی خاپاندن و بە لاڕێدا بردنی ڕۆژهەڵاتە و هێشتا کوردی ڕۆژهەڵات بە خۆدا نەهاتوەتەوە و هیچ ئاسۆیەکی ڕونیش دیار نیە کە هیوای پێ ببەسترێ . ئا لە وەها دۆخێکدایە کە ڕژیمی شێعەگەری سەفەویی زاڵ بە سەر عەجەمان بە بێ سڵ کردنەوە و ترس لە کاردانەوەی کورد ، ڕۆژانە کیژ و کوڕی ئەم خەڵکە ئەکوژێ و ئەیانکات بە پەتی سێدارەوە . ئەمەش لە کاتێکدایە کە کێشی شۆڕشگێڕی کوردایەتی سەردەمیانەی کورد لە ڕۆژهەڵات نەک هەر هیچی لە بەشەکانی دیکەی نیشتمانەکەمان کەمتر نیە بەڵکو لەوانەیە فرەتریش بێت وەک چۆن لە ڕابردوودا سەلماندویەتی . ئەوەی سەلاح و عەبەی برای و زنجیرەی ( سلسلە ) ئیلخانی کردیان و ئێستا دەری ئەخەن ، دەبا ببوایەتە هۆکارێ کە تێکۆشەرانی بە ئەمەگ و ڕاستەقینەی کوردی ڕۆژهەڵات بە خۆدا بهێنابایێتەوە و ڕایان تەوڵێنێ بۆ پشت ڕاست کردنەوەیەکی مێژوویی یانە . ئەمە ئەو ئەرکەیە کە ڕۆژهەڵات لە هەموو کاتێک پتر پێویستیەتی و باسی ڕابردوو و ئەوەی بە تایبەت بە سەر کوردی ڕۆژهەڵاتا هاتوە بەشێکی مێژووی کوردە ئەشی لۆ مەبەستی ئەم پشت ڕاست کردنەوە تواشای بکرێت و بەکار بهێنرێت . گیانی چەق بەستوو بە بیرۆکەی کۆنی دژە پارتی و قیادە موەقەتە و مەشێن لە سەر ئەو بنەمایە ، ئاقاری پێویستی جووڵانی سیاسی و هزری و کۆمەڵایەتی ئیمڕۆی ڕۆژهەڵات نیە و هیچی لێ شین نابێت . وادیارە کە هێشتا ئەو گیانە ئەحمەدی ئەسکەندەری بەرنەداوە و وەک لە کاتی هەراکەی بەر دەرکی سەرا لە سلێمانی نیشانی دا ، لە بیانوو و هۆیەک ئەگەڕێ کە ئەو گیانە ببوژێنێتەوە . ئەو کاتەش کە خەڵک و مێرمنداڵی و کەم تەمەنی کورد وەک زەحمەتکێشانی هەژاری مەریوان و شنۆ دەنە درابوون بۆ ئازادی ! و ڕووخانی دەسەڵاتەکەی باشوور ، ئەحمەد خۆی لێ کردینە پسپۆری تاوان ناسی و لە دیمانەیەکی تەلەڤیزیۆنی دا باسی جۆری چەک و فیشەک و برینی قوربانیەکانی ئەو هەرایەی ئەکرد و هاوهاو لەگەڵ گۆڕان و ئیسلامیەکان بەڵگەی خەیانەتی پارتی و ماڵە بارزانی ، ئەمجارەیان بە خەڵکە هەژارەکەی سلێمانی لە جیاتی مەریوان و شنۆ ، ئاشکرا ئەکرد . ئەزموونی ئەم دوایانەی بزاڤی کوردێنێ لە باشوور ئەوە ئەسەلمێنێ کە دەرەتان لۆ مرۆڤی کارامە و بەوەج ئەوەندە ڕەخساوە کە کارامەیی و بەهرەی سیاسی و هزری و ئەزموونی ڕابردوویان دە خزمەتی ڕەوتی ڕوو لە گەشەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە کار بهێنن و ئەحمەدی ئەسکەندەریش بەشی ئەوەندە کوردێندراوە کە جێگایەک لۆ خۆی وەبینێ تێیدا . ئەوەتا لە باشوورا هەمان قیادە موەقەتەی جاران دەوری یەکەم ئەگێڕی لە ژیانی سیاسی کوردا و ئەوانەی کوردی ڕۆژهەڵاتیان، ئەحمەدی ئەسکەندەریشی لەگەڵ دا بێت ، بە بیرۆکەی دژە قیادەی موەقەتەوە گۆش ئەکرد ، ئێستا لەگەڵیان تەبان و پێکەوە ئەمەشن و لێشیان پیرۆز بێت و ڕێگە و چاریش هەر ئەوەیە و بەس بۆ کورد لەم دۆخەی ئێستادا . ئەمەش دەسکەتی پتر لە سەد ساڵ تێکۆشان و قوربانی دانی بارزان و بارزانی یەکانە ، هەر شێخ ئەحمەدەوە هەتا ٨٠٠٠ ئەنفالکراوی بارزانی . کورد بە گشتی ئەمەگی ئەوەندەی هەیە کە ڕێز لەو ئەنفال کراوانەی بارزانی و پاشماوەکانیان بگرێ و ژ وان خۆدی دەر بکەوێ .

ئەحمەدی ئەسکەندەریش ، لام وایە ئەشێ ئەوە بزانێ کە سەلاحی مامۆستای لێی قەوماوە و نەخۆش کەوتنی جەلال تاڵەبانی و دوور کەوتنەوەی لە کاروباری سیاسی جارانی ، هێلانەی دەیان ساڵەی سەلاحی شۆخان و ئیتر وەک جاران بۆی نالوێ کە یەکیەتی و تاڵەبانی لۆ بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵەکەی بەکار بهێنێ و بواری دان و سەندنی وەگەرد کۆماری ئیسکامی لێ بڕاوە بۆ ساخ کردنەوەی سامانەکانی لە دەڤەری بۆکان و ناچارە با داتەوە بۆ لای پارتی بە گشتی و ماڵە بارزانی بە تایبەتی . ئەوە شێوازی کاری تاڵەبانی بوو کە هەر خۆی زۆربەی کارەکانی ، لەو بابەتانەی لەگەڵ سەلاحا ئەیکرد ، بەڕێوە ببات . ئەم شێوازە کارەی جەلال خەڵکێکی زۆری لێ دوورخستەوە و ژمارەیەک لە کادرە بەرزەکانی یەکیەتی نیشتمانیی تووشی سەر ئێشە کرد .دابڕانی نەوشیروان مستەفا و پێکەوە نانی گۆڕان ، بەلانی کەمەوە وەک هۆکاری ناوخۆیی یەکیەتی ، لەم ڕاستی یەوە سەرچاوەی گرت .جەلال تاڵەبانی بۆ سەلاح یەکیەتی بوو و یەکیەتی نیشتمانی ، جەلال تاڵەبانی بوو و سەلاحیش بە بێ جەلال تاڵەبانی ئەو نرخەی جارانی نەماوە لای یەکیەتی نیشتمانیی و پێشم وایە بەو خۆهەڵکێشانە چەکمەڕەقانەی پێشووی لە پێوەندی لەگەڵ سەرۆک کۆماری پێشووی عێراقا ، خوێنی خۆی لای یەکیەتی تاڵ کردووە ، بە تایبەت لای هێرۆ خانم لەوانەیە کە لە بەرهەم ساڵحیش ڕەزاگرانتر بێت . سەلاح و گۆڕان و پێوەندییان دیاردەیەکی سەیرە و لە هەمان کاتدا ئامۆژەیە بۆ ئەو ڕاستیە کە لێرەدا لە مەر سەلاح و جەلال و یەکیەتیەوە باسمان کرد . وەک ئەبینرێ گۆڕان کە بەشی گەورەی یەکیەتی نیشتمانی ، دۆست و هاوهاوی کۆن و دێرینیەی سەلاح بوون ، لۆ سەلاح و سەلاح لۆ وان هیچ جێگایەکی نیە . سەلاح وەک خۆی ، کاتی بە سەر چووە و وەک خواردنی ماوە بە سەرچووی لێهاتوە و تەنانەت دەست لێدانیشی بڤەیە . ئەوەی ماوە پاشەڵی بیر و کردەی سەلاحە کە ئەبێ هەموان بە ئەحمەدی ئەسکەندەریشەوە ، بنەبڕی بکەن لە مەیدانی ژیانی سیاسی کوردا و لە پشت ڕاستکردنەوە و دەسپێکێکی نوێ لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان .

## دابەزینی کەسایەتی کورد و خەسارەکانی

ساعدی وەتەندووست لە جاوپێکەوتنێکی تەلەڤیزیۆنی دا باسی کۆبوونەوەی پێک هێنانی حزبی کمۆنیستی کرێکاری کرد و وتی کە سەرەتا ئێمە لە خۆمانەوە ( کوردەکان ) دەسمان پێکرد و هەر کەسەو خۆی و ڕابردووەکەی ناساند و کە سەرەی عەجەمەکان هات ئەوەندەمان زانی کە بڕیارێک هات و ئەو بەزمەی وەستاند و ئیتر کەسمان نەمانزانیە ئەوانە کێن کە ئێمە حزبی کمۆنیست وەگەردیان دروس ئەکەین . سەیریش لەوەدایە کە ساعد پاش جیابوونەوەی لەو کمۆنیستانە ئەم باسە ئەکات و نە ساعد و نە عەبە و برایم و نە هیجکام لەو کادێرە بەرزانەی کۆمەڵەی شۆڕشگێر ئەوەندیان لە خۆرانەبینیوە کە ئەو بڕیارە نامۆ و جێی گۆمانە بە هەند وەرگرن و چارەنووسی نەتەوەیەک وەک کورد و خۆشیان دایە دەستەیەکی چەند کەسی کمۆنیستی چینی نەناسراوی عەجەم و ئێستا کە هەرای دژبەری کمۆنیستی ڕووسی و چینی ئاش بەتاڵی پێکراوە ، بۆڵە بۆڵە ئەکەن . مرۆڤ بە دەستی خۆی نیە و بیر لەوە ئەکاتەوە کە ئەبی چ هۆکارێک ڕۆڵەی تێکۆشەر و شۆڕگێڕی کوردی تا ئەو ئاستە نزمە دابەزاندبێت کە چەند عجەمی نەناسراو ئابەو شێوە سووکایەتیان پێ بکەن . ساعد و هەموو ئەوانی دیکەش ئەبێ ئەوە بۆ خەڵک ڕوون بکەنەوە کە چۆنە ئێوە کە بە وتەی خۆتان شۆڕشێکی بەرینی کۆمەڵایەتی و سیاسیتان بەڕێوە ئەبرد ، ئاوا و بەو جۆرە لە بەرانبەر ئەو عەجەمانە کە هیچیان بە دەستەوە نەبوو چۆکی خۆبەدەستەوەدانتان دادا و ئەو هەمووە پێشمەرگە و هەڵسووڕاوی کاروباری نهێنی و ڕێکخراوەیی تان ڕادەستیان کرد .

" کێ لە هەموو کەس باشتر بێت لە ناو حزبی دێمۆکراتا ، ئەوە ئەو یەکەم کەس ئەبێت کە ئێمە بیکوژین " . ئەمە کاردانەوەی یەکێک لە هاوڕێیانی کۆنی حەمەسدیقی فەڕوخیان بوو کە حەمە سدیق فێری گۆڕ و گاڵێ سیاسی و کوردایەتی کردبوو ، لە بەرانبەر هەست و سۆزو پرسیاری من بۆ لە دەست دانی یەکێک لە هاووڕێ بەوەجەکانم . ئەمەش ڕەنگدانەوەی دابەزینێکی قوولی مرۆڤە کە ئایدێۆلۆژی کمۆنیستی کرێکاری هەست و خوستی مرۆڤانەشی تیایدا کوشتبوو . دەنگۆی ئەوەش هەیە کە هاوڕێیانی کۆنی حەمەسدیق و من ، جافرە سوور یەک لەوانە ، دەستیان لە شەهید کردنی حەمە سدیق دا بووبێت کە بە گوێرەی ئەو بۆچوونەی لێگرە هێنامەوە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نیە . هەر ئەمانە بە بێ لێ پرسینەوە و لە سەر بێ تەل فەرمانی کۆنە هاوڕێی سەردەمی منداڵیان ( حەمەی عەزیزی ، کادێری دەرمانی حزبی دێمۆکرات ) یان دەرئەکرد و پێشی لێڵ نەئەبوون . ئەمانە هەموو ، بێجگە لەباری تاوانە دژە مرۆڤی یەکانیان ، بەلگەن لۆ دابەزینی گیان و هەستی مرۆڤانە . هەر ئەم دابەزینەش گەیاندیە ئەو ئاستەی کە کۆمەڵێک کمۆنیستی کرێکاری هەڵکوتنە سەر زەحمەتێشێکی گوندی ناسراوی کۆنی خۆیان و لە ژێر ئەشکەنجە و لێدانا شوێنی شاردنەوەی بڕە کەل و پەلێکی پێ دەرخەن . ئەو مرۆڤە زەحمەتکێشە دواتر لە سەر ئەو بەزمە کمۆنیستی یە ئەگیرێت لە لایەن ڕژیمی ئیسلامی یەوە و بە ساڵان لە زیندان و دوورکەوتنەوە بە سەری دا دێت و تەنیا کەسێک کە توانی دە هاواریەوە بچێت یەکێک لە چەکدارەکانی ڕژیم بوو کە لە کوشتین و لە داردان دەربازی کردبوو . کمۆنیستی کرێکاری ئەوەی بە سەر کوردێکی زەحمەتێشدا هێنا و چەکدارێکی ڕژیمی ئیسلامی ( جاش ) گیانی ئەپارێزێ ، ئائەمەیە قووڵایی کارەسات و تراژیدیای تاڵی کورد لە ڕۆژهەڵات .

پێداویستی کاری سەلاح تەنیا ئەوە نەبوو کە کۆمەڵەکەی حەمە حسەین و فوئاد بەکار بهێنێ لۆ بەلاڕێدا بردن و چەواشەکردنی بزاڤی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات بەڵکو ئەشیا تێکڕای دەنگی ڕەسەنی کوردیش کپ و بێ دەنگ بکات . کۆمەڵەی یەکسانیی وەک درێژەدەری بزاڤی ڕەسەنی کوردی هەر لە حزبی دێمۆکڕاتی کۆنگرەی دوو هەتا کۆمەڵەی ژ ک چقڵی چاوی چەواشەکارانی کۆن و نوێی بزاڤی کوردی هەم لە گەرمیان و هەمیچ لە رۆژهەڵات بوو . دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی یەکسانیی ، وەک مەلا سەید ڕەشید و مەلا عەوڵای عوسمانی و مام مۆراد و مام حاسڵ لەیلانی و هاوڕێکانیان بەشداری کارا و چالاکی شەڕی دژی چەواشەکەران و مڵەی گا ومانگا شڵەی ناوخۆیی ( گۆڕ پەیڤی هەژار ) بوون و شان بە شانی شۆڕشی کورد و بارزانی ئەمەشیان . ڕقی قووڵ و کوێرانەی سەلاح قاسملوو و جەلال و تێکڕای بەکرەجۆیەکان و پیاوانی ساواک و کمۆنیزمی ڕووسی و چینی لە ئەحمەد تۆفێق و بەشداران و درێژەدەرانی ڕێچکا کۆنگرەی دووی حزبی دێمۆکڕات هەڵ ئەگەڕیتەوە بۆ ئەو ڕاستیە . کۆن و لە گەرمیان و لە گەرمەی بزاڤی کوردێنی لە گەرمیا ، وەک باسکرا بەرەی دژە کوردی تێکشکان و خراپیش تێکشکان . لێ کە سەرەی کۆمەڵەی یەکسانیی هات ئەوان باڵا دەست بوون و رقی کۆنیان بە یەکسانیی ڕشت . لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ دوکتور فوئادی مەلا مەعسوومی ئەوکات و سەرۆک کۆماری ئێستای عێراق لە بەرگەڵوو ، فوئاد ئاگاداری کردمەوە کە قاسملوو بە جەلال تاڵەبانی گوتبوو کە نابێ یارمەتی یەکسانیی بدەن و یارمەتی بەوان ، دوژمنایەتی ئێمەیە . یارمەتیەکەش ئەوە بوو کە یەکیەتی نیشتمانی خەریکی وت و وێژ لەگەڵ ڕژیمی بەعسیدا بوو لەو کاتەدا و یەکیەتی یارمەتی تێکڕای نەیارانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە کورد و عەجەمەوە ئەدا کە بە تێک چوونی دان و سەندنی کورد و بەعسی و چوونی یەکیەتی بۆ لای عەجەمان ، دەور گۆڕا و یارمەتیەکەش بۆ نەیارانی عەجەمان بڕایەوە و وردە وردە پاسداری عەجەم ئەو ناوەشی پڕکردەوە . ئەوەی فوئادی مەلا مەعسوم لە مەر هەڵوێستی قاسملووەوە بۆی گێڕامەوە بەلامەوە ئاسایی بوو و ئەوەشم لێ زیاد کرد کە سەلاح هەر زوو ئەو داوایەی لە مام جەلال کردبوو و لەوانەیە فوئادیش ئاگای لێ نە بووبێ بە هۆی تێکەلێ کۆنی جەلال و سەلاحەوە . کۆمەڵەی یەکسانی هەر زوو کوردەکەو ماچۆ فیکەی خۆی ناسیەوە و ئەمانزانی کە لەو کات و ساتەدا ڕۆژ ، ڕۆژی نەیارانە و ئێمەش باڵمان بەستراوە . ئاژاوەی جافرە سوور لە ناو کۆمەڵەی یەکسانی و دانە پاڵ سەلاحی، خەیانەتێک بوو کە لەوانەیە تەنانەت ئێستاش جافر لێی تێ نەگەیشتبێ و ئیتر باسی ئەودەم با بمێنێ کە جافرە سوور و بلە و هاوهاوەکانیان کێشی ئەو تێگەیشتنەیان هەر نەبوو .

بە هەرەس هێنان و تەپینی کمۆنیستی ڕووسی ، ئیتر پێویستێک ئەرای کمۆنیستی چینی وەک ئادێۆلۆژی دژبەری ئەو ، لە گۆڕێدا نەما و گەمەی سیاسی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا بە کمۆنیستی چینی کۆتایی هات . بە کوردیەکەی . کە توودە نەما ، ئیتر دژە توودە

پێویست ناکا و وەک مقاشی هاوینی لێ دێت . یان ئەش کرێ وینەی سەگ و گورگ ئەرای بارین ، گورگ نەووت ، سەگ ئەرای چیمە . جیهان پای نایە قۆنخێکی نوێ وە و گەمەکە گۆڕا . فرێد هاڵیدەی کە بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ لە ناوەندی گەمەی کمۆنیستی چینی دا بوو خێرا بای دایەوە و بوو بە هۆگری مەلا خومەینی و لە وتارێکیدا باسی نە ڕۆژئاوا و نە ڕۆژهەڵات ( نە شەرقی و نە غەربی) یەکەی خومەێنی ئەهێرێتە ئاراوە و ئەیکاتە ئامۆژگاری نوێی لۆ پێرەوانی پێشووی . لەم سۆنگەوە من لە نووسراوەیەکی جیاوازدا نازناوی مەلا فرێد هاڵیدەی م پێ دا کە پێم وایە پڕبەپڕ مافی خۆیەتی . جیا لەم بەزمی بادانەوە وەک هێمن حەزی لێ ئەکرد ( وابادەوە ، واباوە ، بە جامێ بادەوە ) ، ڕاستیەکەی ئەوەیە کە حزبی کمۆنیستی کرێکاری کوردستان نەک ئێران ( بە هۆی بەڵگەی ئاشکراوە ) بەرهەمی سیاسەتی ئیمپریالزمی ڕۆژئاوایی و بەکار هێنانی کمۆنیستی چینی لە گەرمەی ئەو گەمە سیاسیەدا بوو و بە کۆتایی هاتنی گەمەکەش ئیتر بوو بە مقاشی هاوینە و کەڵکی نەما و سەردەم و چاخەکەی لە ڕوانگەی مێژوویەوە بە سەرچوو ە ئەبوایە تێک بچێت . کێش تێکیدا کا عەبەی موهتەدی و زنجیرەی ئیلخانی بە سەرکردایەتی سەلاح . کەری خۆمە و گوێی ناڵ ئەکەم. عیزب عیزبی خۆنە ، خۆم سازم کردوە و هەر خۆشم دا..... و تێکی ئەدەم . ئەمە ڕاست لە کا عەبە و خزم و حاشیرەتی قەڵما .

کەسایەتی ڕۆڵەی کورد تا ئەو ئاستە نزم ببوەوە کە تەنانەت ئەم گۆڕانکاریە و یاریکەرانی ئەم بەزمەیان هێشتا نەناسیوە و لە کێشیاندا نیە کە لەو وەرچەرخانە مێژوویی یە تێ بگەن و کاردانەوەیەکی ئەرێنی و بە جێیان لە هەمبەردا هەبێتن . لەت و پەت بوونی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ ( ئەگەر بکرێ ئەم ناو بەکار بهێنین وەک هاوڕێیان تەزووی حەزی ڕۆژانی خۆشی ڕابردوویان لا ئەژێیتەوە، لە جیاتی کمۆنیزمی کرێکاری ) ئاکامی شکاندنی کەسایەتی بەخۆدا نەپەرماوی کیژ و کوڕانی کوردی جەنگاوەرە کە کێشی پێڕاگەیشتنی شۆڕشگێڕانەی لێ بڕاوە و ناتوانی خۆی لەگەڵ مێژوودا جووت بکات و وەگەردی هەنگاو باژوێ وەک پێویستە. ئەگەر ئەم دۆخەی دوای هەرس هێنانی کمۆنیزمی ڕووسی و بوونە مقاشی هاوینەی کمۆنیزمی چینی لەگەڵ دۆخی ساڵانی دروستکردنی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ ( بە وتەی خۆیان ) بەراوەرد بکەین ئەوە ئیتر ئەبی چاوەڕوانی ئەوە لەو هاوڕێیانە بکەین کە هێشتا ماون و ئەبی بە ئەزموون تر و ژیرتر و شۆڕشگێڕتر بووبێتن ، کە کاردانەوەیەکی لە ئاستی درست کردنی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیان هەبێت، دۆخەکەی ئێستا زۆر لەبارتر و دەرەتانیش زۆر بەرفرەترە ، کەچی کاردانەوەیان جێگەی داخ و کەسەرە بۆ کورد و پێڕەوانیان . وەک بێژی کە ئەمەش بەڵگەیەک بێت بۆ بەدرۆ خستنەوەی ئەو چیرۆکەی لە سازکردنی کۆمەڵە هەڵیان بەستوە .

ئەوەی سەلاح و بنەماڵەی ئیلخانی کردیان خۆی کارەساتێکی مێژوویی یە ئەرای کوردیەل . ئەمەی ئێستای هاوڕیانیش درێژەی ئەو خەسارە و ئەو کارەساتەیە و کارەسات بە کارەسات و خەسار بە خەسار تەواو ئەکەن و هەمووشی خەسارە گەورەکەی کوردی ڕۆژهەڵاتە . بەراوەردی دۆخی ڕۆژهەڵات و باشووی کوردستان ، قووڵایی کارەساتەکەی ڕۆژهەڵات ئاشکراتر ئەکات . کمۆنیزمی چینی لە باشوور کارەساتی بەکرەجۆی لێ کەوتەوە کە ئاسەواری پیس و نەرێنیەکەی هەتا ئێستاش ماوە و هێشتا ماوەتی پاکژ بێتەوە. لێ بەکرەجۆ و مائۆئیزم و گەمەی کمۆنیستی بە ڕووسی و چینی یەوە لەورە کۆتایی هاتوە و تەنانەت لە بیری هەڵسووڕاوانیشیدا کاڵ بوەتەوە ئەگەر نەبێژین کە کوێر بوەتەوە . جیلی شاری و چەپ ڕەو ( چەپ وەڕ بە وتەی جەلال تاڵەبانی ) خۆی لەگەڵ بار و دۆخ و هەل و مەرجی سەردەمی پاش هەرسی هێنانی کمۆنیزم بە گشتی گونجاندوە و ئێستا بوەتە هێزیکی کارا و کاریگەر لە ژیانی سەردەمیانەی کوردی باشوورا . ئەگەر تۆزکاڵیک لە ڕوانگەی مێژوویی یەوە لە کارەساتی بەکرەجۆ بڕوانین ئەوە دەرئەکەوێ کە دۆزی نەتەوەیی کورد ئەوەندە بەهێز و کاریگەر بوو کە تەنانەت ئەو کێشە قووڵە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی یەی بەرهەمی گەشەی ناڕێک و پێکی سەرمایەداری سەردەمی نوێی یەی بە شێوەیەک چارەسەرکردوە کە بە قازانجی کورد بە گشتی شکاوەتەوە . هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکانی باشوور سەلماندیان کە تا ڕادەیەکی زۆر باش و بەرچاو بە سەر کێشە مێژوویی یەکەدا زاڵ بوون و بنەمای گەشەی فرەتەرتەری بزاڤی کوردیان بە هەموو لایەکە بەدی هێناوە . چەپەکانی باشوور هەر زوو لەوە تێگەیشتن کە باوی دژبەریی و دژایەتی لە ئاشتی نەهاتووی چینایەتی کمۆنیستانە بە سەر چووە و مرۆڤایەتی گەیشتوەتە ئەوەی کە ڕێکار و ڕێچکەی دێمۆکراتیکیانە پەی چارکردنۆ کێشە و ئاریشەگەلی خۆی ڕەچاو بکات . فەلسەفە و بیرۆکەی کمۆنیستی مارکس لە مێژە بێ نرخ کراوە و کەس و بە گەز و ڕبەی ناپێوە . ئەوەتا چەپ لە باشوورا کورد گوتەنەی لێ بوەتەوە و بەرو ئەوەش ئەڕۆن کە ئاسەواری پیسی دووبەرەکی کۆن بسڕنەوە کەچی تازە بە خێر ئەحمەدی ئەسکەندەری بە تەمایە کوردی ڕۆژهەڵات بباتەوە سەرەتای گەمەی قڕێژی سەلاح و بەکرەجۆ .

چەپەکانی ڕۆژهاڵات و بەتایبەتی تریش سەلەفیەکانی کمۆنیزمی کرێکاری کە تازەبە تازە پتر بایان داوەتە سەر دەقە کۆنەکانی کمۆنیزم ، چاوی بینینی باشووریان نیە و ناتوانن و لە کێشیاندا نیە و کەسایەتیان بە جۆرێک هاڕیاگە کە ئەزموونی باشوور کاریان لێ ناکات سەرەڕای ئەوەی کە لە نزیکەوە لەگەڵێدا ئەژین . سەرکردەکانی کمۆنیستی چینی خویناوی ترین شەڕی براکوژیان لە باشوورا تێپەراند و بە جۆرێک لە تەبایی و هاوهاوی لەگەل دوژمنەکانی دوێنێ یان گەیشتوون . هۆکاری ئەم خۆڕێکخستنەوەش ئەوەیە کە ئەوان لە باشوورا قەت سەربەخۆیی سیاسی و ڕێکخراویی یان لە دەست نەدا و ئاڵای شۆڕش یش کە بەتەمابوو لاسایی برادەرانی ڕۆژهەڵات بکاتەوە لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستە کوردانەی ئەوان دا نەک هەر هیچی پێ نەکرا بەڵکو سووک و چرووکیش بوو و هیوای کمۆنیستی کرێکاری فرێد هاڵیدەی بووە بڵقی سەر ئاو .

چیرۆکی فاتێحی شێخولئیسلامی نموونە هەرە زەقی دابەزینی کوردی نەوەی مێژووی ئاگر و خوێن و بەرەڤانی و بەرخودان بۆ سەر سەلوێنکی قەل و داڵانە . فاتێح لە یەکیەتی قوتابیان لەگەڵ شێخ جەمیلی مەردووخی دەستی پێکرد و گەیشتە حزبی شۆڕش و شێخ نەسرەدینی نەقشبەندی خزمی و دواتر لە لاشیپانەی دیوخانی سەلاحی موهتەدی جێگەی گرت و نە لە کۆمەڵەی ڕزگاری و نە لە کۆچی ئاڵمان بەشی درا وەک بێژی لاقی چوونە دەرەوە و ئەرکی " بروون مەرزی " نەبوو . کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیشی لە

تێکەڵ کردن چەند دەستەی بچووک بچووک ساز کرد وەک خۆی بۆ مەردووخی گێڕاوەتەوە . ناکارامەیی و بێ وەجی فاتێح کاتێک دەر کەوت کە فوئاد پاش ڕاپەڕینی ئێران کەوتە مەیدان و بەرەو ئەوە ئەڕویشت کە ببێتە کەسایەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی شۆرشگێڕ و سەردەمیانە لە ڕۆژهەڵاتا . فوئاد ، ئەستێرەی سیاسی و کەسایەتی فاتێحی لە ئاسۆی دابەزیندا ئاوا کرد . مایەوە سەلاح و کۆنە گزیرێکی دیواخانەکەی . لە کن عیزەدینی حوسەینی کردی بە دەمراستی ماڵە مەلا هەتا محەممەدی برای سەری هەڵدایەوە و ئیتر فاتێح کەڵکی ئەوەشی نەما و ناوی کوێرەوە بوو هەتا کوردی زانینەکەی دەفریای کەوت و بوو بە " دیلمانجی " عەجەمان لە کمۆنیستی کرێکاریدا و لە کڕی شێعرێش کەوت . عێزەدینی حوسەینی بۆی گێڕامەوە کە لە هەڕەتی کمۆنیستی کرێکاریدا فاتیع لە کنی گوتبووی کە ئیتر بە کوردای شێعر ناکا و زۆری پێ زیز بوو . منیش نازناوی زۆڵە کوردم بۆ دانا کە عێزەدین بە " کەفێیی " بوو . ساڵ هات و ساڵ چوو و کمۆنیستی کرێکاری باوی نەما و بنەماڵەی ئیلخانی تێکیان دا و کۆتاییان بە گەمەکە هێنا . فاتێح وەک زۆرێکی تر کەوتنە کوردە نامووسی و سوار کەربوونیان پێ عەیبێک بوو و دابەزێنیشی ئەبووە عەینێکی دیکە و دووهەم . لە سەر ئەم بنەما فەلسەفی یە فاتێح و ئەوانی تریش نەک هەر وەگەرد کمۆنیستی کرێکاری مانەوە بەڵکوو لە داخی سەلاح و گەمەی سەلاحانە، شوولی نزم بوونەوەیان لێ هەڵکێشا وخۆیان کردە حکمەتیست کە نزمترین ئاستی دابەزینی گیانی کوردانەی ڕۆڵەی کوردە . فاتێح شاعێرێکی خراپ نەبوو و کێشی ئەوەی هەبوو کە کەلێنێکی گەورە لە وێژەی سەردەمیانە و نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵتا پڕ بکاتەوە و ئەوەش کە من نازناوی زۆڵە کوردم بۆ دانا بە زۆری لەم سۆنگەوە بوو کە بە خەسارێکی گەورەم ئەزانی لۆ وێژەی کوردی بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتا بە تایبەتی . موسلێحی برای دواتر جێگەی فاتێحی گرتەوە لێ کێشی ئەوی نەبوو و زۆریش هەڵی نادا و ئەگەر هیوایەکشم پێی هەبوو ئەوە کمنیستی کرێکاری ئەوەشی کوشت . من موسلێحم یەکەم جار لە ڕیگای گەرانەوە لە شەڕی بانە و ئەربەبا بۆ سەقز ( بەهاری ١٩٨٠ ) بینی کە ئەویشمان لێ بووە هاوڕێی پێشمەرگەکانی یەکسانیی . موسلێح لەگەڵ چریکە فەدایی یەکانا بوو بەڵام کوڕەکانی کۆمەڵەشی خۆش ئەوێست وەک لە پرسیارێکی مندا بەو شێوە پێناسەی خۆی کرد . بەڵام ئەوەتا ئێستا ئیلخانیزادە ئەی کانە یەکێک لە ئەندامانی کۆن وچالاکی کۆمەڵە و ڕێکخراوی خوێندکاران و ئەو بابەتە درۆکردنەش بووەتە تایبەتمەندی بنەماڵەکەیان .

هەر لەم پێکیەش ( ئێژن قسە قسە ئەهێنێ ) کا عەبەی موهتەدی درۆی زەبەلاح بۆ سەعیدی سوڵتانپوور ، شاعری بەرزی عەجەمان هەڵ ئەبەستێت و ئەیکاتە دۆستی گیانی بە گیانی و نزیکی خۆی لە کن عەجەمان . سەعید لەو زیندانەی ئێمە لە قەسر بوو و ئەوکاتە و دواتریش هۆگری فەدایی یەکان بوو هەتا کاتی شەهید کردنی کە مەلا سەفەویی یەکان زۆر زۆر ناجوامێرانە لە شەوی ژنهێنانەکەیدا گرتیان و دواتر کوشتیان . بە کوشتنی سەعید بوار بۆ ئەحمەدی شاملوو ڕەخسا کە وەک شاعێر هەڵ بدات . سەعێد شاعری بە بەهرە و توانا و لەمانەش گرینگتر شۆڕشگێڕ بوو وئەگەر بمابا ئەوە من گومانم لەوەدا نیە کە ئەو ئەبوو بە شاعری ناودار و یەکەمی عەجەمان و شاملوو زۆر لە پاش ئەو ئەبوو و هێما و بەڵگەش بۆ ئەمە کۆبوونەوەکانی ئەنیستیتۆی گۆتەی ئاڵمانی لە تارانا بوو کە سەعێد یەکەمی بێ هاوتا بوو لەو شەوانەدا چ لە ڕووی هۆزانڤانیەوە و چ لە باری شۆڕشگێڕی یەوە . سەعید بە تەمەن لە ئێمە گەورەتر بوو و زۆربەی کاتی پیاسە و ئاخاوتنی وەگەرد مورتەزا خانی باوکی دوکتور ئەعزەمی لورستانی خەریک بوو چوونە ڕێز گرتنێک ئەڕای باوک یەکێک لە شەهیدیەل فەدایی . دیمەنی خۆش و جوانیەکەشی ئەوە بوو کە خوسرەوی کوڕی و جەمشیدی کچەزای مورتەزا خان لەو پیاسەکردنەی سەعید و مورتەزاخانا لە پشت سەریانەوە ئەڕۆیشتن وەک هێمایەک سی ڕێز پەی باوک و گەوریەل خۆیان . زۆربەی زیندانیەکان و بەتایبەت ئەوانەی کە تۆزێ سەریان لە شێعر و وێژە دەرئەچوو داوای شێعریان لە سەعید ئەکرد و ئەوێش هیچیانی بێ بەش نەئەکرد . عەبەی موهتەدی ئەمە ئەقوزێتەوە بۆ خۆی و ئێژێ کە سەعید زۆربەی شێعرەکانی ئەدا بە من کە لەبەریان بکەم چوونکە لەوە دڵنیا نەبوو کە نای کوژن . لەو سەردەمی خەباتی سیاسی و ئادێۆلۆژیکی دا، ئایدێۆلۆژی پێوانە و پێواری هەموو شتێک بوو و هەموو بوارێکی ژیانی گرتبووەوە و دۆستایەتی و تێکەڵی و هاودەم بوون و نزیکایەتی بە ئایدێۆلۆژی دیاری ئەکرا وەک سەردەمی سەرەتایی ئیسلام و بێ دین و بەدین هەبوو کە ئایینی ئادێۆلۆژی دیاری ئەکرد. چەند پەرتووکێک لەناو زیندانا بە دزی پاسەوانەکان مابووەوە و دەس بە دەس ئەگێڕدرا و تەنیا ئەوانەی لە حاشیرەتی خۆ بوون دەستیان ئەگەیشتێ و ئی د دەرەوەی حاشیرەت لێی بە بەش بوون ئەمەش داب وئایینی حاشیرەتی ئادێۆلۆژیکی بوو. سەعیدی هۆگری فەداییەکان ، لەو تایبەتمەندیی یەی ئەو سەردەمە بی بەری نەبوو و وەک باسم کرد نزیکترین دۆستی مورتەزاخان بوو لە زیندانا چوونکە باوکی یەکێک لە شەهیدەکانی فەدایی بوو . عەبەش ئەگەر لە سەر درۆی خۆی لە مەڕ کۆمەڵەی شۆڕشگێر و کمۆنیستی چینی یەکەی خۆی و سەلاحی کاکیدا مکوڕ بێت ، ئەوە ئیتر نە بۆ ئەو و نە بۆ سەعیدی سوڵتانپووریش بوارێک پەی دۆستایەتی ئەوەندە نزیک لە نێوان دوو هۆگری کمۆنیستی چینی و ڕووسی دا نەمێنێتەوە و تەنانەت ئەو ڕاستیەش کە سەعید مامۆستا بوو لە بۆکان هیچ لەو ڕاستیە کەم ناکاتەوە و عەبەش لەو سەردەمەدا لە بۆکان نەژیابوو. ( عەبەی ت ) یەکێک لە گیراوە کوردەکانی ئەو کاتە بوو کە سەعید شێعری پێ دابوو و لێی گیرا و خۆی و سەعیدیشی بە کوتان و تێ هەلدان دا و پێم وایە ئەم کاکە عەبەیە بۆی هەیە سەعید فرەتر لە عەبەی موهتەدی بە دۆستی نزیکی خۆی بزانێ کە لە ئەگەری ئەمەش دا هیچی لێ شین نابی بۆی .

جەمیل مەردووخی لە بیرەوەیەکانیدا ئێژێ " نزیکەی 50 کیلۆ بەڵگەو نامەی رەسمیی و خەتی سەرانی جمهوری کوردستانیان پێشکەش بەکۆمیتەی مۆقەت کرد و من ئەم بەڵگەنامانەم رەوانەی بۆلێ کرد نازانم لەپاشان چییان بەسەرهات. ئەم بەڵگانە خەتی پێشەوای تێدابوو، هی مەلامستەفا بارزانی تێدا بوو، چی فەرمانی رەسمی مەنتیقەی سەردەشت و بانە بوو لەلایەن حیزبەوە بە ئارم و شیعاری حیزبەوە نێراوە، لەناو ئەم بەڵگەنامانەدا بەدی دەکرا. ئەوان بڕیاریاندا چی بەکەڵکی بڵاوکردنەوە بێت بڵاوی بکەنەوە. ئەم بەڵگەنامانە لەکاتێکدا حەمەرەشیدخان کۆماری کوردستانی جێهێشت لەگەا خۆی هێنابووی بۆ ئەم دیو" . جاری با ئەو هەڵەی جەمیل یان یاسین سەردەشتی ڕاست بکەمەوە . ئەوەی ئەوان بە کۆمیتەی موەقەت ناوی ئەبەن ، **کۆمیتەی بەڕێوبەرایەتی حزبی**

**دیمۆکرات**، پێڕەوی کۆنگرە دووهەمە کە لە ساڵی ۱۹۷۳ دا لە لایەن مەلا عەڵای مەلا عوسمان و مام موراد و مام حاسڵی عەلی لەێلانی و مەلا سەید ڕەشیدو هاوڕێکانیانەوە وەک کاردانەوەی چالاک و بەشداران و تێکۆشەران و هۆگرانی کۆنگرەی دووهەمی حزبی لە دژ و لە هەمبەر حزبەکەی قاسملوو و بەغداد ، پێکەوەیان نا . " ئامۆژگاری " ناوی گۆڤارەکەیان بوو و لە هیچ شوێنێکدا باسی کۆمیتەی موەقەت لە ئارادا نیە و نازام سەدەشتی ئەو ناوەی لە کوێی ئەو مێژوەوە هێناوە کە بە رواڵەت خەریکیەتی .

چارەنووسی ئەو بەڵگەنامانە بە تایبەت من ئەباتەوە بۆ دابەزینێکی هەرە نزم لە ئاستی خەیانەتی نەتەوەیی تێکەڵ بە وەیشوومەی نارەسەنایەتی لە کوردستانا . ئەو بەڵگەنامانە لە بۆڵێ بوو هەتا شکانی شۆڕشی بارزانی و پاشان لەوێدا شاردراوە و دواتر پاش ڕووخانی قولیزادە و وەگەڕ کەوتنەوەی مەلا سەید ڕەشید و مەلا عەوڵای مەلا عوسمان و دامەزراندنی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان ( کە دیسان مەردووخی بە هەڵە بە حزبی یەکسانیی ناوی ئەبات و ئەیکاتە کمۆنیست کە بەو پیاوانەوە نانووسێ ، ئەگەریش بۆ ئێمە و مانان زۆر سەرئێشەی لێ نەکەوێتەوە ) ، مەلا عەوڵا گەڕایەوە بۆ بۆڵی بۆ هێنانەوەی بۆ دیوی ڕۆژهەڵات . مەڵا عەوڵا لەو چوونەوە بۆ بۆڵێ دا گیرا لە لایەن سپای بەعسی یەوە و پاشان بە هۆی خزمانی دە مەنگۆر بەردرا و بەڵگەنامەکانی هێنایەوە بادیناوێ ، جێی دانیشتن و ژیانی خۆی . بەیان نامەی " شانۆی خەیانەت " بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامانە نووسراو و تۆمار کرا و لە کاتی کۆنگرەی چوارەمی حزبەکەی قاسملوودا بڵاو کرایەوە . پاش شەهید بوونی مەلا عەوڵا، یەکێک لە کوڕە بوودەڵەکانی ، حەسەنی زەکی (سۆران ) وازی لە یەکسانیی هێنا و چووە ڕیزی کمۆنیستی کرێکاری یەوە و پەی خوشامایی کردن و سەماکەری بۆ کمۆنیستان ، ئەو بەڵگەنامانەی بە فێڵ و تەڵەکە لە براکانی و بە پارەی کمۆنیستان ، دزی و بە هاوکاری عەلی کیتابی کە ئەویش لە یەکسانیی دەرکرابوو و چووە ڕیزی کمۆنیستانی ئیلخانی ، ڕادەستی حزبی کمۆنیستی کرێکاری کرد و لەو ناوەدا فەوتان و یەکسانیی و کورد لەو سەرچاوە تاقانە و دەگمەنە بێ بەش کرا . سامانێکە کە کەڵەپیاوان و مێرخاس و عەگیدێن کوردان هەر لە حەمەڕەشید خانەوە هەتا شێخ لەتیف هەتا ئەگاتە مەلا سەید ڕەشێد و مەلا عەڵای مەلا عوسمان بۆ ساڵانیکی دوور و درێژ پاراستبوویان ئاوا و بەو شێوە دزێوە لە کیسی کورد چوو و کێش ئەو خەیانەتەی کرد کوڕی یەکێک لەپێشمەرگە هەرە ئازا و ناودارەکانی کوردستان کە بە پڵنگی قەندیل ئەناسرا و لە گەڵ هاوڕێیانی کۆڵەکەی کورد و کوردایەتی بوو لە ساڵانی خەبات و تێکۆشینی دا . وەک جەمیلیش ئاماژەی پێ ئەکات ئەو سامانە مێژوویی یە فرە دەولەمەند بوو و ئەکرا گەلێ گرێ پووچکەی مێژووی نوێی کوردی پێ بکرابایەتەوە . لۆ بەختی ڕەشی کوردان سامانی بەڵگەنامەکانی میر کامەران بەدرخانیش لە پاریس لە کورد بزر کرا ، دوای مردنی میر کامەران ، بە تەنێ میر سینەم بەدرخان ژ ڤێ سامان خودی دەرکەت و ئەو ژی وان سامان ڕادەستی کەندال نەزان کر و هەیا نۆها تو کەسەک نەزڤریەتەڤە سەر ڤێ سامان و بەڵگە نامەین میر کامەران .

چیرۆکی ئەحمەدی موفتیزادە و عێزەدینی حوسەینیش تراژیدیایەکی دیکەی کوردی ڕۆژهەڵاتە . وەک باسکرا سەلاح و ئەحمەد دانوویان پێکەوە نەئەکوڵا و ئەحمەد وەک فاتێح نە ئەچووە ژێر ڕکێفی دەرەبەگانەی سەلاحەوە و لێک هەڵبڕان سەرەڕای ئەوەی کە ئەحمەد زاوای سەلاح بوو . ئەحمەد نفرین کرا لە لایەن سەلاح و بنەماڵەکەی و پێڕەوانی و عێزەدینی کردە جێگری و شەپکەی مەلای سوور و کمۆنیستی لە سەر نا . عیزەدین لەو ڕەوتەدا تواوە و سەربەخۆی خۆی وەک تاکە کەس لە دەست دا ، ئەگەر وای دانێن کە هەر هەی بووبێ لە بن ڕا . عێزەدین بە میوانی بانگ هێشت کرا بۆ کۆبوونەوەی پێکهێنانی حزبی کمۆنیستی کرێکاری ، شان بە شانی جالال تاڵەبانی . پاشانیش پەیامی بۆ خەڵکی مهاناد ( لە ڕێگە کۆمەڵەی یەکسانیی یەوە ) ئەنارد کە ئەو دەگەڵ حزبی کمۆنیست نیە لێ کۆمەڵەی هەور خۆش ئەوێ . وەرامی مهانادیانیش ئەوە بوو کە مامۆستا ئەو خەڵکەی پێ پنگە ، ئەدی نا کۆمەڵە چیە و حزبی کمۆنیست چیە و خۆ هەموو کەس ئەزانێ کۆمەڵە بووگەسە لقی کوردستانی کمۆنیستان . لە دان و سەندنێکی تەلەڤیزیۆنیدا دەگەڵ ناسری حیسامی کوڕی خالید ئاغا ( هێدی ) عێزەدین لۆ داکۆکی لە بیر و بۆچوونی چەپانەی خۆی گوتی کە هەموو پێغەمبەرەکایش کوڕە کرێکار بووگن . کە من وام لێکدایەوە کە ئەگەر ئاوا بێت ئەوە ئیتر کارڵ مارکس ( موردەخای لیڤی ) یش ئەچێتە ڕێزی پێغەمبەران و ئەکەوێتە پێش هەمووشیانەوە لەورا کو لە هەموویان فرەتر داکۆکی لە کرێکاران کردوە .

ئەم بابەتە بیر و هزرانە وئەم بابەتە هەلس و کەوتانە قەت لە ئەحمەدی موفتیزادە چاوەڕوان نەئەکرا و ئاستی زانیاری و کەسایەتیەکەی فرە لەوە بانتر بوو کە شتی وای لێ بوەشێتەوە . ئەحمەد ، ئەگەر سەلاح تووشی وەیشوومەی لادان و دابەزینی نەکردبا ، لەبارترین و بە وەجترین کەسایەتی ئایینی بۆ ئەو سەردەمەی کورد لە ڕۆژهەڵات بوو . ئەگەر وەیشوومەی سەلاح و بنەماڵەکەی بە سەرکوردا دانەبڕابا و ئەحمەدیش دەوری کارای خۆی بدیبا لە بزاڤی نوێێ کوردێنی لە ڕۆژهاڵات ، ئەوە بە مسۆگەریەوە و بە دڵنیایی یەوە چارەنووسی کورد شتێکی تر ئەبوو وەک لەمەی ئێستای . جەلال تاڵەبانی هەر زۆۆ بەم دەردەی زانیبوو و لە چاوپێکەوتێکی لەگەڵ مندا وەک نوێنەری یەکسانیی ، داوای لێ کردم کە لەگەڵ ئەحمەد کار بکەین بۆ ئەوەی کێش و وزەی ئەحمەد بە خەسار نەڕوات و کورد بتوانێ کەڵکی لێ وەربگێت . منیش ئەوەم بە تاڵەبانی گوت کە چارەنووسی ئەحمەد لە کار ترازاوە و بە یەکسانیی پینە ناکرێت. ئەحمەدیش دووهەم کەس بوو کە تاڵەبانی بۆ هاوکاری یەکسانیی پێشنیاری کرد . یەکەمیان عەبدولڕەحمانی زەبێحی ( عولەما ) بوو کە ئەوێش لە کورد خەسار ببوو و ئەندامی هەرە کارا و چالاکی کۆمەلەی ژ ک کەڵکی ئەوندەی پێوە نەمابوو کە تەنانەت خۆمانی لێ نزیک بکەینەوە و گۆڕ نووسیەنەکەی عەلی کەریمی خوشکەزای زەبێحی ببوە هاوتای مەلا ماتۆڕ ، جاشی ناوزڕاوی بەعسیان و لە فێرگەی سەربازای بەعسیان مامۆستایەتی ئەکرد و دواتر لە ماڵە مەلا عێزەدین گرسایەوە و پاشانێش سەری تیاچوو .

ئەگێڕنەوە کە لە سەردەمی کۆمارا حەسەنی قزڵجی چیرۆکێک ئەنووسێ و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کۆمارا بڵاو ئەبێتەوە و قازیش ئەبینی و پرسیاری ئەوەی لێ ئەکەن کە پێی چۆن بوە . ئەوێش لە وەراما ئێژی پێویستیمان بەو حەسەنانە و بەو بابەتە نووسراوانە زۆرە . کمۆمنیستی عرووس و توودەیی ئەو سامانەی کوردیان فەوتان . عەلی گەلاویژ یەکێکی دیکە لەو بابەتانە . بەکرەجۆ

بەهرەیەکی هەرە گەورەی وێژەیی لە کیس کورد دا . برایم ئەحمەد و بەهرەکەی لە ئاستێکی هەرە بەرز دابوو و من لەو باوەڕەدام کە ئەگەر لە ئاقاری سروشتی خۆیەوە هەڵی بدابا ، ئەوە ئێمەی کورد ئێستا کەسایەتێک وەک ڕۆمن ڕۆلانی فەرانسەیی مان و بگرە زۆر لەویش لە بانتر ئەبوو . فاتێحی شێخولئیسلامی لە کێشیدا بوو کە درێژە بە کاری سوارە بدا و یەکێک لە ئاستی شێرکۆ بێ کەسی لێ دەرچووبا . ئەوەی من بیان ناسم ، دەیان خاوەن بەهرەی باش و هێندێکیشیان دەگمەن بە هۆی سیاسەتی ناکوردانە و ناشۆڕشگێرانە و هەڵە و پەڵەی زەرد و سوور و شین و ڕەشی سیاسی لە ڕابردوودا ، بوون بە خەسارێک بۆ کورد کە جێگەیان بە ئاسانی پڕ ناکرێتەوە و خەسارەکە قەرەبوو نابێتەوە .

هەژار و هێمنیش پریشکی ئەو دۆخە ناکوردانە و تێکچڕژاوەیان بەر کەوت . هەژار هەر زوو و لە کۆنەوە و لە سەردەمی بەکرەجۆوە کەوتە بەر پلار و پەلاماری نەیارانی بارزانی و شۆڕش و کرا بە شایەری دەرباری بارزانی کە هەژار بۆ خۆی پێی خەنی بوو و شایی پێوە ئەکرد . لە ڕۆژهەڵاتیش ئیتر هەژار قیادە موەقەتە بوو و وەکی وان باسی لێوە ئەکرا . لێ کەوڵی هەژار خۆی گوتەنی لە چەرمە گا و کەڵیش ئەستوور تر بوو و کار و فرمانی هەژارانەی درێژە پێ دا و کار و بەهرە و بەرهەمەکانی هەموو نەیارانی بۆڕ دا . بەڵام چارەنووسی هێمن ، بولبولە بێ تووکەکەی هەژار ، خراپی لێ قەوما و بەو هەمکە بەهرەوە بوو بە پیری خێر لە خۆ نەدیو و پەندی زەمانە . هەتا کەڵکی بوو ، هێمن لەبۆ خاپاندنی خەڵکی ڕۆژهەڵات بەکار هێنرا لە لایەن قاسملوو و حزبەکەیەوە و پاشان ئازاری هەموو جیهانی لە دەس ئەو حزبە چەشت هەر لە ناو نیتکەی جاشایەتی و خەیانەت و گرتن و دەس بەسەرکردنی هەتا نفرین کردنی بە گشتی و سووک کردنی لە بەر چاوی خەڵکی کوردستانا . دەرد و ئازاری هێمن ، تراژیدیایێکی تاڵ و زۆر ناخۆشە کە ڕەنگدانەوەی چارەنووسی کوردی ڕۆژهەڵاتە لە کەسایەتی خۆ لێ بزر بووی تاکە کەسی دا خۆی ئەنوێنێ، ئی دە هەژاریش هی گیانی نەبەردی و کۆڵ نەدان و کوردانەیە کە لە ڕەوتی کوردێنی ڕاستەقینە و فێرگەی ئەحمەدی خانی و مەلای جەزیری و حاجی قادرا چارژا و خەمەلی و بە بەخۆداپەرمانەوە دەیگوت کە نەک هەر لێگرە بەڵکو لەو جیهانەی دواییش دا ، گەر زیندوو ببمەوە ، دیسان بۆ کورد تێ هەڵ ئەچمەوە .

کاردۆخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

٢٠١٥/٠٢/٢٥